


دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکرات و فیدراڵدا

# کوردستان

ژمارە: ٥٥٠

www. kurdistanukurd.com

چوارشەممە ١٥ی بەفرانباری ١٣٨٩ ـ ٥ ی ژانویە ٢٠١١ ـ ١٥٠ تمەن ● ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سیاسی



ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەمبەر بزووتنەوەی مەدەنی لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا

٥

بەرەو کۆنگرە



ورووژاندنی چەند خاڵێک لە بەرایی باسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەدا

٩

# به هەڵوێستی وشیارانه و یەکگرتووانه، دەبێ بەر بە ئیعدامی رۆڵەکانمان بگرین

جوولانەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستان بە هەڵوێستی وشیارانە و بەرپرسانە و بە یارمەتیی بەدەنگەوە هاتنی بەوەختی حیزب و رێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و لە ئاکامی هاوپێوەندیی ناوەند و کۆرو کۆمەڵە مرۆڤدۆستەکانی ئێرانییەکانی دەرەوەی وڵات و بیرورای گشتیی جیهان دا، توانی پێش بە بەڕێوەچوونی سزای ئیعدامی چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد حەبیبوڵلا لەتیفی بگرێ.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی بڕیاری دابوو رۆژی یەکشەممە ٢٦ی دیسامبر، لاوی خوێندکار حەبیبوڵلا لەتیفی لە دار بدا. بەڵام جوولانەوەی مەدەنیی خەڵکی کوردستان بە ئاگادار کردنەوەی بیروڕای گشتیی کوردستان و جیهان لەم تاوانە و بەرێخستنی نارەزایەتی دژی بەڕێوەچوونی ئەم حوکمە لە نێوخۆی کوردستان و دەرەوەی وڵات، توانی پاشەکشە بە کۆماری ئیسلامی بکا و بەرێوەچوونی ئەم حوکمە بە شێوەی کاتی دوا بخا. بەڵام دواخرانی ئەم حوکمە بە مانای هەڵوەشانی نیە و مەترسیی ئیعدام هەروا هەڕەشە لە گیانی حەبیبوڵلای لەتیفی و چەندین چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامیدا دەکا. هەر بۆیە خەڵک و لایەنە پێوەندیدارەکان دەبێ یەکگرتووانە و بە پشتیوانیی بیرورای گشتیی دنیا، حەرەکەتێکی بەرین بۆ هەڵوەشانەوەی سزای ئیعدامی چالاکانی سیاسی و مەدەنیی کورد وەرێ بخەن.



## پشتیوانی لە کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل دەکەین

رۆژی ١٠ی دیسامبری ٢٠١٠، بنەماڵەی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی بەندکراوی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان، لە بانگەوازێک دا، رووی قسەی خۆیان کردە ویژدانە بەخەبەرەکانی جیهان و کۆمەڵێک لە وەرگرانی خەڵاتی ئاشتیی نۆبێل. لەو بانگەوازەدا وێڕای ئاماژە بە بارودۆخی دڵتەزێنی ئەو تێکۆشەرەی بواری مافی مرۆڤ لە بەندیخانەکانی کۆماری ئیسلامی دا، داوا کرابوو پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ بکەن.

بەدوای ئەم بانگەوازەی بنەماڵەی کەبوودوەند دا، کەمپەینێک بۆ پشتگیریی پێشنیاری کاندیدکردنی سەرۆکی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤی کوردستان بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل وەڕێ کەوتوە. حیزبی دێموکڕاتی کوردستان هەر لە سەرەتای هاتنە گۆڕی ئەم پێشنیارەوە، لە راگەیەنەکانی خۆیدا پێشوازی و لایەنگریی لەم پێشنیارە کردوە و تێکۆشەران و ئەندامانی حیزب، پشتی ئەو کەمپەینەیان گرتوە.

وەک رێزگرتن لە هەوڵە بەنرخەکانی ئاغای کەبوودوەند بە دیفاع لەمافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و بە نیشانەی بەرز نرخاندنی تێکۆشانی مەدەنی و مرۆڤدۆستانەی رێکخراوی داکۆکی لە مافی مرۆڤ لە کوردستان ، هەر وەها بە مەبەستی راکێشانی سەرنجی بیروڕای گشتیی جیهان بۆ لای پێشێلکردنی هەموو مافێکی نەتەوەیی و ئینسانیی خەڵکی کوردستان و ستەم و تاوانەکانی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە گەلی کورد و خەڵکی سەراسەری ئێران، بە رەسمی رادەگەیەنم کە حیزبی دێموکراتی کوردستان پشتیوانی لە پێشنیاری کاندیدکرانی بەڕێز محەممەد سەدیق کەبوودوەند بۆ خەڵاتی ئاشتیی نۆبێلی ٢٠١١ دەکا. هەوڵیش دەدەین تا ئەو جێگایەی دەگونجێ تواناو ئیمکاناتی ریکخراوەیی، میدیایی و دیپلۆماتیکی حیزب بۆ بردنەپێشی ئەم پێشنیارە، بەکار بێنین.

هیوادارم پرسی پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە کوردستان و سەرانسەری ئێران بەگشتی و بەتایبەتی پێشنیاری کاندیدا کردنی ئەو تێکۆشەرە کوردو ئێرانییەی بواری مافی مرۆڤ ببێتە هەوێنی لێک نزیکبوونەوە، هاوهەنگاوی و کاری هاوبەش لە نێوان رێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان و ئێران و هەموو چالاکانی بواری مافی مرۆڤ لە نێوخۆو دەرەوەی وڵاتدا.

**خالید عەزیزی**
**سکرتیری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان**
**١٥ی بەفرانباری ١٣٨٩**
**٥ی ژانویەی ٢٠١١**

## راگەیەنەکانی کۆماری ئیسلامی هێرش دەکەنە سەر کەبوودوەندو بنەماڵەکەی



دوای ئەوەی بنەماڵەی محەممەد سەدیق کەبوودوەند، سەرۆکی رێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان لە نامەیەکدا داوایان لە کەسایەتییە جیهانییەکانی براوەی خەڵاتی ئاشتی نۆبێل کرد کە پشتیوانی لە کاندیداتۆری کەبوودوەند بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبێل لە ساڵی داهاتوودا بکەن و بۆ ئەم مەبەستەش کومیتەیەک بۆ پێشخستنی ئەم پرسە لە دەرەوەی وڵات پێکهات، راگەیەنەکانی سەر بە کۆماری ئیسلامی دەستیان کردووە بە هێرش کردنە سەر کەبوودوەند و بنەماڵەکەی. «شبکە ایران»، ماڵپەڕی سەر بە رۆژنامەی دەوڵەتی «ایران» بە توندی هێرشی کردۆتە سەر کەبوودوەند و ناوبراو بە جیایخواز و هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی تۆمەتبار دەکا. ئەو ماڵپەڕە بە گاڵتەجاڕ وەسف کردنی هەوڵەکانی بنەماڵەی کەبوودوەند و کومیتەی پشتیوانی دەنووسێ: «بنەماڵەی جیایخوازێک داوا دەکەن کە خەڵاتی ئاشتی نۆبێلیان پێ بدرێ».

ئەو ماڵپەڕە هەروەها نیگەرانی خۆی ناشارێتەوە و دەنووسێ رۆژئاواییەکان بۆ دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی ئێران لەم ساڵانەی دوایی دا بە ناوی دێموکراسی و مافی مرۆڤەوە خەڵات بە نەیارانی کۆماری ئیسلامی دەبەخشن

## چارەنووسی چالاکی خوێندکاری دلێر ئەسکەندەری هەروا نارووونە



چارەنووسی چالاکی خوێندکاری دلێر ئەسکەندەری کە لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە هەروا نارووونە.

چالاکی خوێندکاری دلێر ئەسکەندەری یەکێک لە چالاکانی کەمپینی پشتیوانی لە رزگاری گیانی حەبیبوڵا لەتیفی بوو کە سزای ئێعدامەکەی بۆ ماوەیەکی کاتی راگیرا.

چالاکی خوێندکاری دلێر ئەسکەندەری زیاتر لە ٢ ساڵان بەردەوام لە بەشی کارناسی ئەرشەد وەرگیراوە، بەڵام لەبەر ئەوەیکە کە خوێندکارێکی ئەستێرەدار بووە، رەت کراوەتەوە. ئەم چالاکە خوێندکارییە کە لە دوای راگیرانی کاتی ئێعدامی حەبیبوڵا لەتیفی، بە هۆکارێکی نارووون لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە دەستبەسەرکراوە، هەروا لە چارەنووسێکی لێڵ و ناڕوون دا بەسەر دەبا.

سەرەڕای ئەوەیکە دوو جار بۆ خوێندنی کارشناسی ئەرشەد قەبول بووە، بەڵام لەلایەن ناوەندە بەرپرسیارەکانی کۆماری ئیسلامییەوە لە خوێندن بێبەش کراوە.

دلێر ئەسکەندەری چالاکی بواری خوێندکاری و ئەندامی بەرێوەبەری ئەنجومەنی ژیانەوەی شاری سنە بووە کە بەردەوام لەلایەن هێزە ئەمنیەتییەکانەوە بانگ کراوەو لێپێچینەوەی لێکراوە، ناوبراو لە ئاکامی چالاکییەکانی بۆ رزگاری گیانی خوێندکاری مەحکووم بە ئێعدام، حەبیبوڵا لەتیفی دەستبەسەرکرا.

## سزای ١٣٨ ساڵ زیندان بۆ رۆژنامەنووسێکی کورد!




دادگای تاوانەکانی تورکیە لە شاری «ئامەد» ی باکووری کوردستان بە تۆمەتی بانگەشە بۆ پارتی کرێکارانی کوردستان، سزای ١٣٨ ساڵ زیندانی، بەسەر سەرنووسەری رۆژنامەی « ئازادیا وڵات» دا سەپاند.

ئامینە دیمێر سەرنووسەری رۆژنامەی «ئازادیا وڵات»، کە بە زمانی کوردی لە باکووری کوردستان دەردەچێت، رۆژی ٩ی بەفرانباری ١٣٨٩ بە تاوانی ئەوەیکە لە ساڵەکانی ٢٠٠٨ و ٢٠٠٩ بانگەشەی بۆ پارتی کرێکارانی کورستان کردووە کە لە لایەن دادگای تاوانەکانی تورکیەوە سزای زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

دادگای تاوانەکانی شاری ئامەد لە بەیاننامەیەکدا بڵاوی کردەوە کە ئامینە دیمێر رۆژنامەی ئازادیا لەسەر ئەوەی ٨٤جار لە رۆژنامەکەیدا تاوانی ئەنجامداوە، ٨٤ سزای بۆ دەرکراوە. دادگای تورکیە بۆ هەر کام لە تاوانەکان ساڵێک و شەش مانگ زیندانی بۆ ناوبراو لەبەرچاو گرتووە.

جێی وەبیرهێنانەوەیە کە پارێزەری سەرنووسەری رۆژنامەی «ئازادیا وڵات» ناڕەزایی لە هەمبەر دەرکردنی ئەو سزایەی دادگا دەربڕی و رایگەیاند کە ناوبراو تەنیا رۆژنامەنووسە و هیچ پەیوەندییەکی بە پارتی کرێکارانی کوردستانەوە نییە.

## ئەحمەدینژاد ١۴ راوێژکاری خۆی لەسەر کار لابرد



لەماوەی چەند رۆژی رابردوودا ئەحمەدینژاد بەشێوەیەکی رەسمی کۆمەڵێک لە راوێژکارەکانی خۆی بە هۆکارێکی نارووون لەسەر کارەکانیان لابرد.

مێهدی کەلهور کە خۆی یەکێک لەو راوێژکارانەی ئەحمەدینژاد بووە و لەسەر کارەکەی لابراوە بە هەواڵدەری مێهری راگەیاندووە کە ئەحمەدینژاد لە بڕیارێکی کوتوپڕدا، ١٤ کەس لە راوێژکارەکانی وەلاناوە.

ئەم راوێژکارە دەرکراوەی ئەحمەدینژاد لەسەر هۆکاری ئەم دەرکردنانە رایگەیاندووە کە نەلای ئێمە، نە بۆ کەسی دیکە روون نییە کە ئەم بڕیارە چۆن دراوە و ئەم کەسانە بۆ دەرکراون، تا ئێستاش هیچ ناوەندێکی بەرپرسیارو دەسەڵاتدار لە ئێران لەسەر ئەم جۆرە دەرکردنە بەکۆمەڵانەی بەرپرسانی نزیک لە دەسەڵات، راوبۆچوونێکی دەرنەبڕیوە.

# ناڕەزایەتی دەربڕینی بەرینی کوردان لە کوردستان و دەرەوەی وڵات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی

خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی بەرینی کوردان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ، باشووری کوردستان و دەرەوەی وڵات بە مەبەستی هەڵوەشاندنەوەی بڕیاری ئێعدامی حەبیبوڵا لەتیفی

**ئۆتریش**

رۆژی شەممە ٤ ی بەفرانبار بە دەستپێشخەریی کومیتەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستان لە وڵاتی




ئوتریش و بە دەنگەوە هاتنی کورد و ئێرانییەکانی ئەو وڵاتە خۆپیشاندانێکی بەرین بە بەشداری کۆمەڵێکی زۆر لە کورد و ئێرانییەکانی نیشتەجێی شاری ڤیەن پێتەختی وڵاتی ئوتریش بەڕێوە چوو.

**نۆروێژ**

بە دەستپێشخەریی کانوونی نووسەرانی کورد و بە بەشداریی ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردەکانی




وڵاتی نۆروێژ رۆژی شەممە، ٤ ی بەفرانبار خۆپیشاندانێکی ناڕەزایەتی لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی لە شاری ئۆسلۆ بەرێوەچوو.

**فەرانسە**

رۆژی شەممە ٢٥ی دێسامبر (٤ی بەفرانبار) ژمارەیەکی بەرچاو لە کورد و ئێرانییەکانی دانیشتووی پاریس لەسەر بانگهێشتی ئەنجومەنی کوردەکانی دانیشتووی ئەو شارە



خۆپێشاندانێکی ناڕەزایەتی بە دژی حوکمی ئێعدام لە گۆڕەپانی مافی مرۆڤ لە ترۆکادێرۆ بەڕێوە برد. کۆمیتەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە فەرانسەش وێڕای بڵاوکردنەوەی بانگەواز و مەحکوومکردنی ئەم حوکمە ستەمکارانەیە دەرحەق بە رۆڵەکانی کورد، بەشدارییان لە خۆپێشاندانەکەدا کرد.

**ئینگلستان**

رۆژی ٧ی بەفرانبار لەسەر بانگهێشتی کۆمیتەی کوردەکانی دانیشتووی لەندەن، کۆمەڵێکی بەرچاو لە کورد و فارس و ئازادیخوازانی ئێرانی بەمەبەستی ناڕەزایەتی نیشاندان لەبەرانبەر بڕیاری سزای ئێعدامی کۆماری ئیسلامی بەسەر چالاکانی سیاسی و مەدەنی کوردو ئێرانی لە بەردەم باڵوێزخانەی کۆماری ئیسلامی ئێران لەپێناو پشتگیری لە زیندانیی سیاسیی مەحکووم بە ئێعدامی کورد، حەبیبوڵڵا لەتیفی لە لەندەن کۆبوونەوە.

**کانادا**

رۆژی پێنج شەممە رێکەوتی ٣٠ی دیسامبری ٢٠١٠ی زایینی کەمپینی دژ بە ئێعدامی چالاکانی سیاسی و مەدنی لە کوردستان و ئێران بە دەستی دەسەڵاتداری دژی ئینسانی کۆماری ئیسلامی ئێران،لە رۆژئاوای کانادا بە بەشداری ژمارەیەکی بەرچاو لە کوردستانیانی دانیشتوانی ڤانکۆڤێری کانادا بۆ مەحکووم کردنی حوکمی ئێعدامی چالاکانی سیاسی مەدەنی ئێران و کوردستان و بە تایبەتی خوێندکاری بەشی حقوقی زانکۆیی ئیلام حەبیبوڵلا لەتیفی خوپێشاندانێک رێکخرا.لەم خۆپێشاندانەدا لە لایەن کەمپینی دژ بە ئێعدام بەیاننامەیەک بە سێ زمانی کوردی،ئینگلیسی و فارسی ئامادە کرابوو. لەبەیاننامەکەدا وێرای مەحکوم کردنی حوکمی ناڕەوای ئێعدامی چالاکانی سیاسی مەدنی کورد لە روژهەڵاتی کوردستان لە لایەن ڕێژیمی دژی ئینسانی ئێران، داوا لە دەولەتی کانادا و هەموو هێز و رێکخراوەکانی لایەنگری مافی مروڤ لە جیهان کرابوو کە لە رێگای دیپلۆماسی و سیاسیەوە هەموو هەولی خۆیان بۆ فشار خستنە سەر دەسەڵاتدارنی ئێران بخەنە کار بۆ ئەویکە پێشی ئێعدامی رۆڵە ئازادیخۆازەکانی کورد بگرن.پێویستە بگوترێ بەشی ئینگلیسی بەیاننامەکە دوای ئیمزاکردنی لە لایەن پتر لە ٥٠٠ کەس لە کوردستانیانی دانیشتوی کانادا بۆ بەرێزان سەرۆک وەزیر و



وەزیری دەرەوەی کانادا بەرێ کرا.لەم خۆ پێشاندانەدا کومیتە و ئەندامانی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە رۆژئاوای کانادا چالاکانە بەشداریان کرد

**بلژیک:**

لە سەر بانگەوازی رێکخراوی «یەکێتی بۆ ئێران - بێلژیک»، رۆژی چوارشەممە ٢٩ی سێپتامبر خۆپیشاندانێک لە بەردەم سەفارەتی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە شاری بروکسێل بەڕێوە چوو.

خۆپیشاندان بە مەبەستی بەرگری لە مەنشووری جیهانیی مافی مرۆڤ پێکهات کە لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە بەردەوام سەرەتاییترین مافەکانی خەڵکی ئێران پێشێل دەکرێ. دەربڕینی ناڕەزایەتی سەبارەت بە ئێعدامی دوو چالاکی ئێرانی بە ناوەکانی سارمی و سیادەت بوو کە لە بەرەبەیانیی رۆژی ٧ی بەفرانبار لە لایەن کۆماری ئیسلامیەوە ئیعدام کران و هاوکات دووپات کردنەوەی ناڕەزایەتی بەرامبەر بە ئێعدامی لاوانی کورد و لەوانە حەبیب لەتیفی



بوو.

پشتیوانی کردن لە فەریبورز رەئیس دانا، نەسرین ستوودە و دەیان و سەدان چالاکی تر کە هەر ئیستا لە زیندانەکانی کۆماری ئیسلامی دان، یەکێکی تر لە ئامانجەکانی ئەو خۆپیشاندانە بوو.

لە راپۆرتێک دا کە لە لایەن رێکخراوی «یەکێتی بۆ ئێران» وەک پێکهێنەری ئەم خۆپیشاندانە بڵاو کراوەتەوە هاتووە کە ئەمڕۆ گروپ و لایەنی جۆراوجۆر بە یەکەوە ناڕەزایەتیان نیشان دا. رەنگەکانی سەوز و سووری پەرچەمی ئێران لە پەنا ئاڵای کوردستان، دیمەنێکی نوێ بوو لە دەربڕی لێک نیزیکبوونەوەی زیاتری ئێرانیەکانی نیشان دەدا.

شیاوی باسە کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان چالاکانە لەو خۆپیشاندانە دا بەشدار بوون.

**هەولێر**

پاش نیوەڕۆی رۆژی شەممە، ٤ ی بەفرنبار لە بەردەم پارکی شانەدەری شاری هەولێر و بە ئامادەبوونی ژمارەیەکی بەرچاوی کوردانی رۆژهەڵاتی کوردستان و کەسایەتی و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی هەرێمی کوردستان کۆبوونەوەیەکی ناڕەزایی دەربڕین بەرامبەر لە داردانی حەبیبولا لەتیفی، خوێندکار و چالاکی سیاسیی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە چوو.

**سلێمانی**

رۆژی شەممە ٤ ی بەفرانباری ١٣٨٩ی هەتاوی کۆمەڵەی چالاکانی مرۆڤی کورد لە شاری سلیمانی بە مەبەستی ناڕەزایەتی دەربڕین بەرانبەر بە مەترسیی لەسێدارەدانی خوێندکاری کورد حەبیبولا لەتیفی ، کۆبوونەوەیەکی جەماوەریی بەرینی لە سەکۆی ئازادی پارکی ئازادیی ئەو شارە وەرێ خست.

هەروەها رۆژی پێنج شەممە ٩ی سەرماوەز خۆپیشاندانێک لەبەردم کۆنسولگەری ئێران بەدژی سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر لاوانی کورد لەرۆژهەڵاتی کوردستان لە شاری سلێمانی بەڕێوەچوو.

ئەم خۆپیشاندانە کە پێشنوەڕۆی رۆژی پێنج شەممە لە دژی لەسێدارەدانی ئازادیخوازان لەشاری سلێمانی و بە بەشداری ١٨ رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی گەرمیان و هەروەها




ژمارەیەک لە چالاکانی مەدەنیو رۆژنامەنوسی باشووری کوردستان، لە بەردەم کۆنسولگەری کۆماری ئیسلامی لە سلێمانی بەڕێوەچوو، هەڵگری داواکاریەکی رەوا بوو بۆ بەردەم کونسولگەری ئێران.

خۆپیشاندەران یاداشتێکیان ئامادەکردبوو تا بیدەنە بەرپرسانی کۆنسولگەری ئێران، بەڵام هیچ کەس لە کارمەندانی کۆنسولگەریەکە ئامادە نەبوون ئەو یاداشتە لە خۆپیشاندەران وەربگرن، خۆپیشاندەران خوازیاری ئەوەبوون کە ئێران کۆتایی بێنێبە



سەپاندنی سزای ئێعدام بەسەر لاوانی کورد.

هەڵمەت کەریم بەرپرسی ئەم خۆپیشاندانە لە لێدوانێکدا بۆ ماڵپەری ئاوێنە نیگەرانی خۆی لەم هەڵوێستەی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی لەکۆنسولگەری سلێمانی دەربڕیوەو رایگەیاندووە کە دەست لەچالاکییەکانمان هەڵناگرینو دژی لەسێدارەدانی هەڵسوڕاوانی کورد لە کوردستانی ئێران چالاکی دەکەین.

هەر١٨ رێکخراوی بەشداربووی ئەم خۆپیشاندانە لە یاداشتەکەیاندا داوایان لە جەماوەری ئازادیخوازی کوردستانو سەرجەم رێکخراوە مرۆڤ دۆستەکانی کوردستانو جیهان کردوە کە بەشێوەیەکی ئەکتیڤ کاربکەن بۆ فشارخستنەسەر کۆماری ئیسلامی ئێران بۆ ئەوەی ملکەچی پێوەرەکانی مافی مرۆڤو ئازادی بیروڕابێت.

شایانی باسە کە پاش دوو کاتژمێر خۆپیشاندەران بە خوێندنی سرودی ئەی رەقیب کۆتاییان بە کۆبوونەوەکەیان هێنا.

**بانگەواز**

## سەبارەت بە ئەگەری ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی

کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێمۆکڕاتی کوردستان بانگەوازێکی لە پێوەندی لە گەڵ بڕیاری دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی و لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵا لەتیفی و هەروەها بەرزکردنەوەی ڕەخنە و ئیعتیراز بە دژی حوکمی لە سێدارەدانی حەبیبوڵڵا لەتیفی لە لایەن ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە بڵاو کردەوە.

ئەوە دەقی ئەو بانگەوازەی کۆمیتەی بەڕێوەبەری دەرەوەی وڵاتی حیزبی دێموکراتی کوردستانە:

**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتی و دێمۆکڕاتەکان!**

**ڕێکخراوەکانی لایەنگری مافی مرۆڤ و ئازادیخوازانی جیهان!**

**خەڵکی ئازادیخوازی ئێران!**

**کۆمەڵانی خەڵکی ستەملێکراوی کوردستان!**

جارێکی دیکەش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران حوکمی لەسێدارەدانی لاوێکی خوێندکار و ئازادیخوازی دیکەی کوردی، بەناوی حەبیبوڵڵا لەتیفی دەرکردوە. بە پێی ئەو هەواڵانەی کە لەلایەن دوو وەکیلی حەبیبوڵڵا، ساڵەح نیکبەخت و نێعمەت ئەحمەدییەوە بە ڕاگەیەنەگشتییەکان گەیشتوون، بڕیار دراوە سەرلەبەیانیی رۆژی یەکشەممە، ڕێکەوتی ٢٦-١٢-٢٠١٠ ناوبراو لە سێدارە بدرێ.

ئێمە هاو کات لە گەڵ مەحکوم کردنی ئەو حوکمە نامرۆڤانەیە، داوا لە گشت کۆڕوکۆمەڵە ئازادیخۆاز، ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ، بیروڕای گشتیی خەڵکی جیهان، ڕێژیمەدێموکڕاتیکەکان و هەموو ویژدانە ئاگا و بەخەبەرەکان دەکەین کە ئەوەندەی لە توانایان دایە بۆ پێشگرتن لە بەڕێوەچوونی ئەو حوکمە ناڕەوایە تێبکۆشن و لە هەر شێوەیەکی گونجاوی ئیعتیرازی و دیپلۆماتی بۆ گوشار خستنەسەر ڕێژیمی ئێران، بە مەبەستی ڕزگارکردنی گیانی حەبیبوڵڵا لەتیفی، تەنەخی نەکەن .

# بڵاوکردنەوەی زانیاریی ناڕاست، رزگارکردنی گیانی لەتیفی دەخاتە مەترسییەوە

محەممەد ساڵحی نیکبەخت یەکێک لە پارێزەرەکانی حەبیبوڵا لەتیفی خوێندکاری بەئێعدام حوکم دراو رەخنەی لە بەشێک لە راگەیەنەکان گرت و باسی لەوە کردوە کە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری دوور لەراستی، رزگارکردنی گیانی حەبیبوڵا لەتیفی دەخاتە قۆناغێکی دژوارەوە.



محەممەد ساڵحی نیکبەخت، لە دیمانەیەک لەگەڵ تۆڕی هەواڵدەری مافی مرۆڤ لە ئێران «رەهانا» رایگەیاندووە کە هێندێک لایەن دەیانهەوێ بەتێکەڵکردنی مەسەلە سیاسی و مەسەلە حوقووقییەکان لەگەڵ یەکتر، بایەخی کاری پارێزەرانی حەبیبوڵا لەتیفی خوێندکاری بەئێعدام حوکم دراو بێننە خوارێ.

محەممەد ساڵحی نیکبەخت ئاماژەی بەوەدا کە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری هەڵە لەسەر ئەم پەروەندەیە یان شێوەی دادگایی کرانی حەبیبوڵا هیچ خزمەتێک بەو پەروەندەیە ناکات، بەڵکوو کاری ئێمە بۆ رزگاری گیانی ناوبراو دژوارتر دەکا.

# ژنێکی کورد حوکمی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە

**ژنە چالاکوانێکی سیاسی کورد دوای ماوەیەکی زۆر دەستبەسەرکراوی لەسەر بڕیاری ناوەندە قەزاییەکانی رێژیم بەتۆمەتی چالاکی سیاسی ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.**

هەواڵدەری کۆمەڵەی چالاکانی مافی مرۆڤی ئێران بڵاویکردۆتەوە کە قەدرییە قادری چالاکی سیاسی کە لە هاوینی ئەم ساڵەوە لە گرتووخانەی ئیدارەی ئیتلاعاتی کۆماری ئیسلامی بووە، لەلایەن دادگاوە ١٠ ساڵ زیندانی تەعزیری بەسەردا سەپاوە.

قەدرییە قادری هاوینی ئەمساڵ لەلایەن هێزە ئیتلاعاتیەکانی شاری ورمێوە دەستبەسەر کراوە و زیاتر لە ٣ مانگ لە ژووری تاکەکەسیدا راگیراوە، لەئاکامدا لە دادگایەکی فەرمایشی دا لەلایەن لقی یەکی دادگای شۆڕشی ورمێ رۆژی ١ بەفرانبار ١٠ ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە.

# مەحکووم کردنەوەی ئێران بە هۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە

کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە پەسندکردنی بڕیارنامەی کومیتەی سێهەمی ئەو رێکخراوەیە کە مانگێک لەوە پێش کارنامەی مافی مرۆڤ لە ئێرانی مەحکووم کردبوو، وێڕای دووبارێ مەحکوومکردنەوەی کۆماری ئیسلامی، نیگەرانیی خۆشی سەبارەت بە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ئێران و بارودۆخی چالاکانی سیاسی و مەدەنی لەو وڵاتەدا دەربڕیوە.

ئەو بڕیارنامەیە کە پێشتر لە لایەن وڵاتانی کاناداوە ئامادە کرابوو، بە ٨٠ دەنگی « ئەرێ» و ٥٧ دەنگی بێلایەن و ٤٤ دەنگی «نەخێر»ی ئەندامانی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی ئێران پەسند کرا.

لەو بڕیارنامەیە دا کارنامەی کۆماری ئیسلامیی ئێران سەبارەت بە بەڕێوەبردنی حوکمی ئێعدام، بەردەباران، شەلاق لێدان، لێکردنەوەی ئەندامانی لەش و گرتن و حوکمدانی زیاتر کە ١٠ هەزار نەفەر لە نارازییانی حکوومەتی تەنیا لە ماوەی یەک ساڵی رابردوودا رەخنەی توندی لێ گیراوە و لەو سۆنگەیەوە کۆماری ئیسلامیی ئێران بە توندی مەحکووم کراوەتەوە.

شایانی باسە کە کۆماری ئیسلامی



لە ماوەی ٣٢ ساڵ دەسەڵاتدارەتیی خۆی دا زیاتر لە ٢٦ جار لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بە هۆی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ مەحکووم کراوە.

دوابەدوای مەحکووم کرانی کۆماری ئیسلامی ئێران لە لایەن کۆڕی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە کۆبوونەوەی شەوی سێشەممە ٧ی بەفرانباری ئەو رێکخراوەیە دا، پاشنیوەڕۆی رۆژ چوارشەممە هیلاری کلینتۆنی وەزیری دەرەوەی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەیەک خۆشحاڵی خۆی لە پەسند کردنی ئەو بڕیارنامەیە دەربڕی و بە گەرمی پێشوازی لێ کرد.

# ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان، پرۆژەیەکی تەم ومژاوی

**ڕەحمان سەلیمی**

**وەرگێڕان بۆ کوردی تەها ڕەحیمی**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی لە ساڵ ٥٧دا، ڕوانگەو بۆ چوونێکی زۆر لە بارەی چۆنییەتی ڕێکخستنەوەی ئابووری داهاتووی ئێران و جوری پێوەندییە ئابوورییەکان هاتە بەربان، لە ئاکام دا یاسادانەان بە پەسند کردنی مادەی ٤٤ی یاسای بنەڕەتی تا ماوەیەک کۆتاییان بە گەنگەشەکان هێناو بە ڕەت کردنەوەی دوو سیستمی ئابووریی سەرمایەداری و سوسیالیستی، یان باشتر بڵێین تێکەڵکردنی ئەم و دوسیستمە، ئاڵتەرناتیفی ئابوری ئیسلامی یان چێ کرد. ئەسڵی ٤٤ لەگەڵ ئەوەی کەرتی تایبەتی بە فەرمی دەناسێ، دەستوردان و ئامادەیی بەربڵاوی دەوڵەت لە کاروبارەکانی بناخەیی ئابوری دا ڕوون دەکاتەوە بەم هۆیە بوو کە لە ساڵەکانی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێراندا ڕەوتە چەپەکانی ئێران هیوایەکی زۆریان بە شکانەوەی ئێران بەلای سۆسیالیزم دا «هەر نەبێ لە بیاقی ئابووری دا» هەبوو هەر بۆیە دەوڵەتی تازەپێگەیشتووی کۆماری ئیسلامی بەشێکی بەر چاوی گوژمەی ساڵانەی خۆی بۆ سوبسید تەرخان کرد تا نرخی بەشێک لە کالا بنەڕەتی‌یە پێویستەکانی خەڵک و هەروەها نرخی بەرهەمەکانی وزە هەزران ڕابگرێ و هەر بۆیەش دوای کۆتایی شەڕی ٨ ساڵە دەگەڵ عێراقیش دەوڵەت مژاری هەڵگرتنی کۆپین و سفرورادار کردنەوەی بەشێکی زۆری ئەم بووجە تەرخانکراوە دەچووەگیرفانی ڕانتخۆرانی حکومەتی و سەر بە حکوومەت و کومپرادۆرەکان و بەمجۆرە ئولیگارشییەدارایی و ئابوورییەکان سەریان هەڵداو بە شێوەی پراکتیکی سوبسیدەکان بوونە هۆی زیادبوونی کەلێنی چینایەتیی و پێداچوونەوەی دوڵەت بە پێوەندییە ئابوورییەکاندا. دەوڵەتی ئەحمەدی نژاد دوای نزیک بە ٢٠ساڵ دەیەوێ پرۆژەیەک جێبەجێ بکا هەنگاوبەهەنگاو ولە ماوەی چەند ساڵدا نرخەکان بە ئاستی نرخی بازارەکانی جیهان بگەیەنێ و ئەو بوودجە قوورسەی بۆ سوبسید تەرخان کرابوو بگەڕێتەوە سندووقی دەوڵەت. پرۆژەی ئامانجدارکردنی سوبسیدەکان یان ئازاد کردنی نرخەکان کە بەپێی وتەی بەرپرسانی دەوڵەتی بەنەشتەرگەری گەورەی ئابووری ئێران د.شوبهێنرێ و دژبەران و لایەنگرانی ئاگاداری ئاکامەکانی ئەم پرۆژەن و گرانی و هەڵئاوسان یەکێک لە ئاکامە خۆلێنەبوێرەکانی دەزانن.

زۆربەی خاوەن ڕایان و کارناسانی ئابووری بە لایەنگرو دژبەرەوە جێبەجێ کردنی ئامجدارکردنی سوبسیدەکان بە پێویست دەزانن بەڵام گومانیان لە کاتی جێبەجێ بوون و شێوازی جێبەجێ کردنی هەیە و پێیان وای بەستێنی پێویست بۆ جێبەجێ بوونی لە ئارادا نییە و لەبەر ئەوە مایە پوچ بوونی یەکەکانی بەرهەم هێنانی، بازرگانی پیشەیی و گشت و کاڵی لێدکەیتەوە و بێکاری زۆر دەبێ و لە ئاکام دا هەڵاوسان دەکەوێتە سەرشانی چینی کەم داهات.

### ئەو بەستێنانەی بۆ هەڵگرتنی سوبسیدەکان پێویستن

هەر وەک ئاماژەی پێ کرا ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان یا هەڵگرتنی سوبسیدەکان پێویستی بە بەستێن سازی لە هەموو بوارەکانی ئابووری و دارایی، پێکهێنانی کەشی هەڤرکێ بۆ بەرهەمەکانی نێوخۆیی و دەرەکی و ئازادکردنی ئابووری ئێران لە دەستوردانی بەرینی دەوڵەتی و لە ئاکام دا دابەزاندنی ڕۆڵی ڕادیکاڵی دەوڵەت لە بازار دا هەیە. ئەزموونی زلهێزە ئابوورییەکانی جیهان دەتوانێ بۆ تاوتوێی کەندوکۆسپەکانی ئەم بوارە یارمەتیدەر بێ. لە لایەکی دیکەوە باشتر کردنی بەرهەم، چاکسازیی ئولگوی مەسرەف، هەڤرکێ کردنی بەرهەم و تەرخانی ئەو بوودجەیەی کە بۆ دەوڵەت دەگەڕێتەوە بۆ پرۆژە بناخەییەکان و ڕەخساندنی هەلی کارو واقیعی کردنی نرخی ئەرزی نێوخۆیی لە بەرانبەر ئەرزە دەرەکییەکان و کەم کردنەوەی دەسەڵاتی مانۆری گەورە کارتێلە ئابووری و دارایی و بازرگانییەکانی سەر بە تاکەکان، ڕێکخراوەکان و بۆنگاکانی سەر بە دەسەڵات و هەروەها هەڵگرتنی یارمەتییەکانی دەوڵەت بە ئاراستەی پێکهێنانی کەشی ململانێ، بە کۆمەڵە کارێکی پێویستی دەوڵەت بۆ گۆڕینی ستراکتۆری پێوەندییە ئابوورییەکانی هەنووکەیی و بەستێن سازی لە پێناو هەڵگرتنی سوبسیدەکان دا دەژمێردرێ. بە هۆی هەرزان بوونی بەرهەمەکانی وزە لە ماوەی دەیەکانی ڕابردوودا، بەشی پیشەی ئێران وزەی زۆری بە کار هێناوە و لە ئاکام دا تێچووی کالاکان لەگەڵ بەرز بوونەوەی نرخی وزە گران دەبێ و ناوەندە پیشەیی و بەرهەم هێنەرەکان ناچارن بۆ هەرزانتر کردنی نرخی کالا و بەرهەمەکانیان ڕێگەی وەک کەم کردنەوەی کرێکار و دابەزاندنی کوالیتی ویان لە خراپترین حاڵەت دا داخستنی ئەو یەکانە هەڵبژێرن. دیارە وێدەچێ دەوڵەت پشتی گەورە کارتێل و ئابووری و دارایی و بازرگانییەکانی سەربەخۆی بگرێ و بەمجۆرە کەرتی تایبەتی توانای هەڤرکێی لەگەڵ ئەوان نامێنێ.

ئاکامی جێبەجێ کردنی ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان، شەفافییەتی دارایی و دەروەستتر بوونی دەوڵەت دەرهەق بە هاووڵاتییان و جۆرێک کرانەوەی ئازادی ڕادەربڕین و دیموکراتیزاسیۆنی لێدەکەوێتەوە کە بە لەبەر چاوگرتنی نێوەرۆکی توتالیتەری کۆماری ئیسلامی جێگەی پرسیارە. بۆ سەرکەوتنی ئەم جۆرە پلانانە سیاسەتی واقیعی کردنی نرخی ئەرزی نێوخۆیی لە بەرانبەر ئەرزەکانی دەرەوەدا پێویستە کە بە خەستی کاریگەری لە سەر هاوردە و هەناردەو هەڤرکێی بازار هەیە. کەچی تا ئێستاش دەوڵەت بە ئانقەست نرخی ئەرزی هەرزان ڕاگرتوە کە ئەگەر ئەو نرخە بە حاڵەتی سەقامگیری بگا، گرانتر بوونی بەرهەمەکانی نێوخۆو هەرزانتر بوونی بەرهەمە دەرەکییەکانی لێدەکەوێتەوە، کەواتە دەبێ بڵێین پیشەسازیی نێوخۆیی خاشە بڕ دەکاو گەڕانی ئلزادی کالا و ئەرز دەخاتە مەترسییەوە.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە ئارا کە بۆچی لەم هەلومەرجەدا ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان بە قازانجی میللی نییە؟ گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی چ پێوەندییەکی لەگەڵ هەڵگرتنی سو بسید ە کا ن هەیە؟ نەبوونی متمانەی خەڵک بە دەوڵەت و ڕووبەڕوو بوونەوەی دەوڵەت لەگەڵ ئەم پلانە بە شێوەیەکی ئەمنییەتی چ کا ر یگە ر ییە کی لەسەر سەرکەوتن یان سە ر نە کە و تنی هەیە؟

لێرەداروون کردنەوەی چەند خاڵێک بە پێویست دەزانین




١- گەشەی کەرتی تایبەتی وەک پێش زەمینەی سەرەکی هەڵگرتنی سوبسیدەکان لە ئێران دا کەندو کۆسپی جیدی لەبەرە. ئەو پشکانەی دەوڵەت بۆ کەرتی تایبەتی بە موزایدەیان دادەنێ زیاتر پشکێکی گەورەن کە هیچ هەلێک بۆ ئەو دامەزراوانە ناهێڵێتەوە کە سەر بە حاکمییەت نین و تەنیا کۆمپانییە دەوڵەمەندەکان کە سەر بە دەوڵەتن و دەستیان دەڕوا دەتوانن ئەم پشکانە بکرنەوە. بۆ وێنە کڕینی پشکی لە ٥٠٪ زیاتری «شیرکەتی موخابراتی ئێران» تەنیا لە توانای سوپای پاسداران دایە.

٢- داتەپینی ئابووری جیهانی لەم چەند ساڵەی دوایی دا و گەمارۆ ئابوورییەکانی کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی دژی ئێران، کەلێنی نێو حاکمییەت و هەروەها کەلێنی حاکمییەت و خەڵک، ئاسەواری دەروونی جۆراوجۆری خستۆتە سەر بازاری ئێران و وێدەچێ گرانی و هەڵاوسانی ڕۆژبەڕۆژ زیاتر و بێکاری بەرین هەموو کاریگەری نەرێنی یان لە سەر قەیرانی سەرچاوە گرتوو لە جێبەجێ کردنی ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان هەبێ.

٣- پەیوەست نەبوونی ئێران بە ریزی وڵاتانی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانی و نەبوونی پێوەرەکانی بازاری ئازاد ڕێگە لە یارمەتییە داراییەکانی بانکی جیهانی بە ئێران دەبەستێ یان دژواری دەکا. لە حاڵێکدا لە زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە ئەم قۆناخە ئابوورییەیان تێپەڕاندوە کەڵکیان لە یارمەتی بەربەرینی wto و بانکی جیهانی دراو وەرگرتوە.

٤- نەبوونی شەفافییەتی ئابووری و دارایی بە لەمپەڕێکی گەورە لەسەر ڕێگەی پێکهێنانی سیستمێکی دارایی وەک بناخەی سەرەکی سەرکەوتنی هەڵگرتنی سوبسیدەکان دەژمێردێ. ڕاستییەکەی پاوانی بەشی هەرە زۆری ئابووری ئێران لە لایەن کارتێلە ئابوورییەکانی نزیک لە دەوڵەت، ئەگەری چاوەدێری ڕادەی داهاتی ناوەندە بەرهەم هێنەرەکان کەم دەکاتەوە.

٥- گرانی و بێکاری گوشارێکی زۆر دەخاتە سەرشانی چین و توێژی کەم داهات و هەژار و لە ئاکام دا نارەزایەتیی کۆمەڵایەتی جۆراوجۆری بەدوادا دێ، هەر چەند ڕێژیم دەیەوێ بە پێکهێنانی کەشی ئەمنییەتی و سەرکوت لە کورتخایەن دا بەر لە هەڵاوسانی لە ڕادەبەدەر بگرێ، بەڵام وێدەچێ ئەم ڕەوتە لە درێژخایەن دا لە کونترۆڵی دامودەزگە ئەمنیەتییەکان دەربچێ و سەقامگیری کۆمەڵایەتیی بخاتە مەترسییەوە.

لە کۆتایی دا دەبێ بڵێین پلانی ئامانجدار کردنی سوبسیدەکان یا فازی سەرەکی ئەم پلانە تازە خراوەتە بواری جێبەجێ کردن و هێشتا کاتی گونجاو و بۆ تاوتوێ و هەڵسەنگاندنی عەمەلکردی دەوڵەت و دژکردەوەی شیمانەیی خەڵک لە دەست دا نییە و دەبێ چاوەڕوان بین تا شرۆڤە و ڕاڤەیەکی درووستتر لە داهاتووی ئابووریی و سیاسیی ئێران بخەینە ڕوو.

**درێژەی هەواڵ و ڕاپۆرت**

# ڕێورەسمی ڕێزگرتن لە ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان

**فینلاند**

ئێوارەی ڕۆژی شەممە، ٢٧ی سەرماوەز بەرامبەر بە (١٨ی سێپتامبری ٢٠١٠ی زایینی)، بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و نوێنەرانی بەشێک لە حیزب و ڕێکخراوەکانی کوردستانی، ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان و ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان لە وڵاتی فینلاند ڕێزی لێ گیرا.

ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لایەن دەستەیەک لە کچان و کورانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

لە سەرەتای بەرنامەدا پەیامی هاوبەشی کۆمیتەی هاوکاریی هیزە کوردستانییەکان لە وڵاتی فینلاند



لە لەیەن کاک بەشیر ئەمیر خانی خوێندرایەوە کە پەیامی هاوبەشی ئەو حیزب و لایەنانەی خوارەوەی لە خۆ گرتبوو:

ڕێکخراوی پارتی دیموکراتی کوردستان

کۆمیتەی ڕێکخستنی یەکیەتی نیشیمانی

بزوتنەوەی دیموکراتیکی یارسان

کۆمەڵەی شۆڕشگیری زەحمەتکیشانی کوردستانی ئێران

سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران

حیزبی دیموکراتی کوردستان

هەروەها ئەو لایەنانەی خوارەوەش بەو بۆنەوە بروسکەی پیرۆزباییان ناردبوو:

بروسکەی پیرۆزبایی کۆمیتەی ناوچەی تورکوی حیزبی دێموکراتی کوردستان، کۆمیتەی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان یەکێتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان

بروسکەی پیرۆزبایی کۆمەڵە - سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

بروسکەی پیرۆزبایی بزوتنەوەی گۆڕان

بروسکەی پیرۆزبایی کەمپەینی ئاشتی

خوێندنەوەی چەند پارچە شیعر و پەخشان لە لایەن هەر یەک لە کەماڵ چەکۆ، عەبدوڵڵا ئەلیاسی و هەروەها بەڕێوەبەرانی بەرنامە تۆفیق دادگوش و شەهێن زادئەحمەد بەشێکی تر لە نێوئاخنی ئەم جێژنەی پێک هێنابوو. پاشان چەند گۆرانی و سرود لە لایەن کچە هونەرمەندی دەنگ خۆش شنۆ پێشکەش کرا کە لەگەڵ پێشوازیی گەرمی بەشداران بەرەوڕوو بوو.

بەشی دووهەمی شەوئاهەنگی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان بە دەنگی خۆشی هونەرمەندان هێرش هەورامی، فەرهاد ساڵحی و ئازاد ڕازایەوە کە تا درەنگانی شەو درێژەی کێشا.

**نۆرویژ**

ئێوارەی ڕۆژی پێنج شەممە ٢ی بەفرانباری ١٣٨٩ ( ٢٣ی د یسامبەری ٢٠١٠)ی زایینی، بە ئامادەبوونی سەدان کەس لە ئەندامان، لایەنگران و دۆستانی حیزبی دێموکراتی کوردستان ، ڕێورەسمی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگە و ڕۆژی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ، لە وڵاتی نۆرویژ بە شکۆیەکی تەواوەوە بەڕێوە چوو.



ڕێورەسمەکە بە خوێندنەوەی سرودی نەتەوایەتی ئەی ڕەقیب لە لایەن دەستەیەک لە کچان و کورانی یەکیەتی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەلاتی کوردستان و ڕاگرتنی دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و تێکۆشانی سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی کوردستان دەستی پێکرد.

لە بەشی سیاسی ئەو مەراسیمەدا پەیامی کومیتەی حیزب لە وڵاتی نۆرویژ لە لایان کاک ڕەزا ئەمینی بەرپرسی کومیتەوە پێشکەش کرا. پاشان پەیامی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستان و یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە لایان مەحبوب ڕەحیمی و ئاکام پورخزری یەوە پێشکەش کران.

برگەکانی دیکەی بەرنامەکە بە چەندین پارچە شێعر و سروود و گۆرانی لە لایەن حاجی حسێن حەداد، عەبدوڵڵا خزرنیاوە ڕازابۆوە

پاشان لە لایەن بەرێوەبەرایەتی یەکیەتیی لاوانەوە لەوحەی ڕێز لێنان درا بە کۆمەڵێک لەو لاوانەی کە لێرە لەم دووره وڵاتیەش بە شیوەی مومکێن ئەرکی نیشتیمانی خۆیان بەرێوە دەبەن.

لە نێو ئاخنی سەرجەم ئەو برگانەدا، بەرێوەبەری بەرنامە خاتوو بەفرین ڕۆستەمی، چەندین پارچە شێعر و پەخشانی پێشکەشی بەشدارانی ئاهەنگەکە کرد.

ئاهەنگە کە تا کاتژمێر ١١ و ٣٠ شەوی خایاند بە شایی و هەلپەرکێی جوانی کوردی، لە گەڵ دەنگی خۆشی هونەرمەند مەنسوور بەرێوە چوو.

# چەند وتەیەک لە ڕێوڕەسمی ڕێزگیران لە پێشمەرگە دێرینەکانی حیزبدا

**لەسەر بڕیاری دەفتەری سیاسی حدک، بە بۆنەی ٢٦ی سەرماوەز، ڕۆژی پێشمەرگەی کوردستان و ٦٥ ساڵەی هەڵکرانی ئاڵای کوردستان لە مەهاباد، زیاتر لە ١٥٠ کەس لە تێکۆشەرانی حیزب کە زیاتر لە ٢٠ ساڵ ڕابردووی پێشمەرگایەتییان هەیە، ڕێزیان لێ گیراو لەوحی ڕێزلێنانیان پێشکەش کرا.**

**تێکۆشەرانی دێرینی حیزب لە گرووپەکانی ٣٠ ساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی بۆ سەرەوە، ٢٥ ساڵ بۆ سەرەوە و ٢٠ ساڵ بۆ سەرەوەدا، ڕێزیان لێ گیرا. لە بەر زۆری ژمارەی تێکۆشەرانی ڕێز لێنراو، لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەزدا، لە هەر گرووپێک تەنیا دوو کەس بە شێوەی سەمبولیک لەوحەکانیان پێشکەش کرا. ڕۆژی٦ی بەفرانباریش، لە ڕێورەسمێکی تایبەتی دا کە لە بنکەی دەفتەری سیاسی بەڕێوەچوو پاشماوەی لەوحەکان پێشکەش بە تێکۆشەرانی دێرین کران. لەم ڕاپۆرتەدا هەڵبژاردەیەک لە وتەکانی سکرتێری گشتیی حیزب لەم پێوەندییەدا (لە ٢٦ی سەرماوەز) و چەند بەشێک لە وتاری بەڕێزان مستەفا مەولوودی و سمایل بازیار لە ڕێڕەسمی ٦ی بەفرانبار دا، دەخەینە بەر سەرنجی خوێنەران:**

### وتەکانی کاک خالید عەزیزی:



دەفتەری سیاسی دایناوە ئەمڕۆ لەو ڕێوڕەسمەدا قەدردانی لە هێندێک لەو هاوڕێیانە بکا بە تەبیعەتی تەمەن و دەورانێک کە لە پێشمەرگایەتیدا بوون. هیچ گومانێک لەوەدا نییە کە هەمووی ئەو خەڵکەی کە لێرەدا دانیشتوە و زەحمەت بۆ نەتەوەکەی دەکێشێ و زەحمەت بۆ حیزبی دێموکرات دەکێشێ و ڕۆژانە کار و ئەرکی پێشمەرگایەتی بەڕێوە دەبا، جێگای خۆیەتی لە حەددی خۆیدا قەدردانی لێ بکرێ. بەڵام لە هەمان کاتیشدا کە ئێمە دەچینە نێو قەدردانی لە هێندێک لە هاوڕێیان کە تەمەنێکی دوور و درێژیان لە کار و باری پێشمەرگایەتی و خزمەت بەخاک و نیشتماندا تێپەڕاندوە، دەبێ لە جێگایەک چوارچێوەیەکی بۆ دیاری بکەین. دڵنیام کەسانێکمان هەن لە نێو حیزبەکەی خۆماندا کە تەمەنی پێشمەرگایەتی و تەمەنی خزمەت بە حیزب و تەمەنی خزمەت بە نەتەوەکەیان لە تەمەنی منیش پترە. بە هیممەت و چالاکی و فەعالییەتی ئەوان(ئەم خەباتە و ءئەم حیزبە) هەتا ئێرە هاتوە. لانی کەم ئەمن ئاماژە بە مامۆستا حەسەن زادە و کاک حەسەنی ڕەستگار دەکەم و هاوڕێیانی دیکەش کە دواتر لەو مەیدانەدا ئەو ئەرکە قورسەیان تا ئێرە هێناوە حەتمەن کاتی خۆی و لە شوێنی خۆی و لە مەڕاسیمێکی تایبەتی تر دا ئێمە ئاوڕدانەوەیەکی موناسبتر دەکەینەوە لە وان.

بۆیە ئێمە ئەمڕۆ قەدردانی لە هێندێک لەو هاوڕێیانە دەکەین (بە پێی ماوەی زۆری خزمەتیان) ئەمە هیچ بە مەعنای ئەوە نییە کە ئەرک و چالاکی و زەحمەت و فیداکاریی هاوڕێیانی د یکەمان لەبەر چاو نەگرتبێ. بەڵام دەبێ لە شوێنێک دەست پێبکەین و هەر ئاوا ئیدامەی پێبدەین. هیوادارم لە ساڵانی داهاتوودا ئەوانەی کە تەمەنیان برێک جەوانترە، بە کار و خزمەت و فیداکاری و تێکۆشانی خۆیان وردە وردە بگەنە ئەو ڕۆژەی و ئەو قەدردانییە بە شێوەی خۆی و لەو جێگایەش بکرێ.

کاروانی خەباتی ئێمە و جموجۆڵ و چالاکی و فەعالییەت و ئەرکی پێشمەرگایەتی زۆر ڕۆژی وامان دێنێتەوە پێش و تەبیعەتەن لە داهاتووشدا ئێمە ئەو ڕۆژانە بە خۆوە دەبینین.

### وتەکانی کاک مستەفا مەولوودی:

هاوڕێیانی خۆشەویست! پێشمەرگە تێکۆشەرەکان! لە دەوری یەک کۆبووینەوە بۆ ئەوەی ڕێز بگرین لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ساڵانێکی دووروردرێژ لە پێناو ڕزگاریی میللەتی کورد لەکوردستانی ئێراندا هەوڵیان داوە و تێکۆشاون و لە سەفی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا ماونەوە و درێژەیان داوە. دەفتەری سیاسی پێش ئەو مەڕاسیمە بڕیاری دا بوولە مەڕاسیمی ٢٦ی سەرماوەزدا ئەوانەی دەمێکی زۆر لە تەمەنی خۆیان لە سەفی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا وەکوو پێشمەرگە تێپەڕ کردوە، قەدریان بگرێ و لەوحی تەقدیریان پێشکەش بکا. پێمان باش بوو لە ڕۆژی ٢٦ی سەرماوەز لە ڕۆژی پێشمەرگەدا ئەو کارە بکەین. بەڵام جەمعی زۆری تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان و ئەوانەیکە ساڵانێکی دوور و درێژ لە خزمەت بزووتنەوەی کورد لە سەفی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا بوون، وای کرد ئێمە ئەوکات بە شکڵی سەمبولیک شەش هاوڕێ بانگ کەین و بڵێین لە مەڕاسیمێکی دیکە ئەم لەوحە تەقدیرە تەقدیمی هاوڕێیان دەکەین. ئەوانەی لەم پێوەندییەدا ئەمڕۆ لە تەڕەف دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەوحی تەقدیریان پێدەدرێ، باشترین کاتەکانی تەمەنی خۆیان لە سەفی حیزبی دێموکراتدا وەکوو پێشمەرگە تەرخان کردوە. بۆ حیزبی دێموکرات جێگای شانازییە کە بە خۆشییەوە ئەو هەموو تێکۆشەرەی لە سەفەکەیدا هەیە و بۆ میللەتی کوردیش ڕاستییەکەی خۆشبەختییە کە لەگەڵ هەموو موشکیلاتێکی کە هەیەتی،( موشکیلی ژیان، موشکیلی ڕۆژانە) بەڵام بۆ ڕزگاری لە چەنگ جەور و ستەمدا بە پۆل بە دەستە و بە فاسیلەی دوور و درێژ، جەمعێکی زۆری هەیە کە هەموو ناخۆشییەکانی ژیانی پێشمەرگانە، بە ئیفتیخارەوە تەحەممول دەکەن



بۆ ئەوەی میللەتەکەیان خۆشبەخت و ڕزگار بێ. کە وایە ئێمە وەکوو پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات هەم شانازی و ئیفتیخاری نێو سەفی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان هەیە و هەم ئەوەکە لەم کوڕە و کچە سەخاوەتمەندانەی میللەتی کوردین، کە میللەتەکەمان بە سەخاوەتەوە ئامادەیە پێشکەش بە بارەگای ڕزگارییان بکا. میللەتی کورد کوڕ و کچی وای زۆرە و حیزبی دێموکراتیش بە خۆشییەوە لە ڕۆژی دروست بوونیەوە تا ئێستاش سەفی قەت لەو کوڕ و کچانە خاڵی نەبووە.

ئەمڕۆ جێی خۆیەتی ڕێز لە مقاومەتێکی دیکەی خەڵکی وڵاتی خۆشمان بگرین. هەمووتان دەزانن لەم دوو سێ ڕۆژەی ڕابردوودا خەبەر بڵاو بۆوە کە حکوومەتی جمهووری ئیسلامی دەیهەوێ بەیانیی ڕۆژی یەکشەممە ٥ی بەفرانبار حەبیبوڵڵای لەتیفی خوێندکار و چالاکی سیاسی و مەدەنیی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئێعدام بکا. بەڵام هیممەتی بنەماڵەکەی، ئازایەتیی وەکیلەکان، شوجاعەتی خەڵکی شاری سنە، ئیعترازی کۆڕ و کۆمەڵی مەدەنی و حیزبەسیاسییەکان و بە نیسبەت سیاسییونی ئێران و حەتتا زۆر ڕێکخراوی بەشەردۆستی دنیا وای کرد بۆ ماوەیەکی کاتیش بێ ئەو حوکمە ڕاگیرێ. لەگەڵ ئەوەی ئێمە ماهییەتی جمهووریی ئیسلامی دەناسین و ڕاگرتنی ئەم حوکمە شەرت نییە گرەنتی و دڵنیاییمان بداتێ، بەڵام ڕاگرتنەکەی دەبێ بە یەکێک لە هۆیەکانی و خەبات و ئازایەتیی خەڵک دابنێین. بۆیە ئێمە، ڕێزمان هەیە بۆ ئەو خەباتە، بۆ ئەو هاتنە مەیدانە، بۆ ئەو ئیعتراز دەربڕینە و بۆ ئەو فەعالییەتە و داوا لە خەڵکیش دەکەین لەم پێوەندییەدا، لە پەیوەندی لەگەڵ ئەم مەسەلانەدا بێدەنگ نەبن. بێدەنگ نەبوونی وان زۆر تەبیعی یە تەئسیر لەسەر وەزعەکە دەکا و ئەو تەئسیرەش بۆ خەبات و بەربەرەکانی دەتوانێ تەئسیری موسبەت و کارساز بێ.

لەگەڵ سپاس لە تێکۆشان و لە زەحمەتی ئێوە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە بۆ بۆ ڕزگاریی خەڵکی کوردستانە و بۆ میللەتی کوردە، ڕێز و سپاسیشمان دیسان لە حەول و لە جیددییەتی خەڵکی خۆمان و لە زیندوویی و سیاسیی خەڵکی خۆمان، بۆ ئەوەی لە موقابیل هەر مەسەلەیەکی بە نیسبەت هەر کەسێکی، هەرتێکۆشەرێکی لە وڵات دێتە پێش، بێدەنگ نابن و ئەوەندەی لە دەستیان دایە، زەمینە هەیە، حەول دەدەن، کار دەکەن، تێدەکۆشن، ئەوەش جێگای قەدر وپێزانینە.



### قسەکانی کاک سمایل بازیار:

هاوڕێیانی خۆشەویست! ماندوو نەبن. ئەمن لە ڕیزبەندیی بەرنامەکاندا نەبووم کە بێم قسان بکەم بەڵام هەروا فەزا و جەووی کۆبوونەوەکە بوو بە هۆی ئەوەکە بێمە پشت تریبوون و ئیجازەتان لێ وەربگرم و چەند کەلیمەیەک قسان بکەم.

زۆر جار دەبیستین و بیستوومانە کە دەڵێن تاریخ، خەڵک، جەماوەر، یا بەو ئیستیلاحە باوەی قەدیم، «تودەها» دروستی دەکەن. ئەمڕۆ ئێمە شاهیدی ڕێزلێنان لە پۆلێک لە تێکۆشەرانی دێموکرات بووین، ئەو تێکۆشەرانەی کە تاریخی پتر لە ٦٥ ساڵەی حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەرشانی وان هەتا ئێرە هاتوە. بە بێ ئیغراق و بەبێ موبالەغە مێژووی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاوێتەیە لەگەڵ مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستان. مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستان نانووسرێتەوە، مێژوویەکی سەقەتە ئەگەر مێژووی حیزبی دێموکراتی کوردستانی لێ دەربهاوێژرێ.

ئەمن کە لە سەفی دواوە دانیشتبووم و چاوم لەو هاوڕێیانە بوو کە ئەمڕۆ ڕێزیان لێ دەگیرا، بۆ خۆم وەبیر زۆر شت کەوتمەوە. وەبیر وەی کەوتمەوە کە هەر نەسڵەی کە دەهات لەگەڵ خۆی، هەر وەچەیەک کە دەهات لەگەڵ خۆی، مێژوویەک، مێژووی هاوچەرخی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی لەگەڵ بوو. بە داخەوە لەم کۆبوونەوەیەدا نەسڵی یەکەمی دامەزرێنەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانمان لەگەڵ نین و ڕەنگە ئەجەل و تەمەن ئەو مەجالەی پێ نەدابن و هەر بە گشتی لە نێوماندا نەمابن. بەڵام چاو لێکەین لە نەسڵی دووەم، لە وەچەی دووەمی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان کە هاتن لێرە ڕێزیان لێ گیرا، ئێمە زۆر کەس دەبینین. ئەو نەسڵەی کە بە دوای لە نێوچوونی دێموکراسییەکی نیسبی کە بە دوای کودەتای ساڵی ٣٢ دا لە دژی دەوڵەتی قانوونیی دوکتۆر محەمەدی موسەددیق کرا و جارێکی دیکە دیکتاتۆری باڵی ڕەشی بەسەر فەزای ئێراندا کێشا و گرتن و ڕاوەدوونانی خەباتگێڕان لە سەرتاسەری ئێران و کوردستان دەستی پێکرد. لە نێو ئەو پۆلە هاوڕێیەی ئێمەدا لەو تێکۆشەرانە دەبینران کە لەدەهەی ٣٠دا لە زیندانەکانی ئێران دەسبەسەر کرابوون. لە زیندانی بەناوبانگی قەسری قەجەر دابوون.( کاک حەسەنی ڕەستگار، کاک فەتاحی کاویان و مامە قالەی سووتوو لەو تێکۆشەرانە بوون کە لە دەهەی سی واتە پتر لە پەنجا ساڵ لەوە پێش لە زیندانەکانی ڕێژیمی حەمەڕەزاشای پەهلەویدا بوون.)

بۆ دەهەی چل دێین. ئەو دەیەی کە ڕژیمی حەمەڕەزاشا وڵاتی ئێرانی بە جزیرەی سوبات، بە دوڕگەی ئارامش ناو دەبرد. کاتێک کە زۆربەی حیزب و ڕێکخراوەکانی ئۆپۆزیسیۆنی لە وڵات دەربەدەر

کردبوو یا لە زیندان توند کردبوو و فەزای وڵات فەزایەکی تەواو ئەمنییەتی بوو و کورد گوتەنی»کەل بە موو بەند بوو» بەڵام چەخماخەی شۆڕشێک لێ درا، چەخماخەی خەباتێکی چەکدارانە لەو ڕۆژانە لێ درا کە ئەو دوڕگەیەی ئارامشی شایان شڵەژاند. لەنێو ئەو تێکۆشەرانەی ئەمڕۆ خەڵات کران، ئێمە لەو کەسانە دەبینین کە ئەو ئەرکە، ئەو ڕەساڵەتە تاریخی یە و ئەو دەورە مێژووییەیان گێڕا. کاک ئەحمەد نستانی و مام خدری عەبدوڵڵاهی لەوانە بوون.

دێینە دەهەی پەنجا. دەهەی پەنجا حیزبی دێموکراتی کوردستان پێویستی بە زیندووبوونەوەی دووبارە هەبوو پاش ئەو هەموو چەرمەسەری و پاش ئەو هەموو زەبر و زەنگ و پاش ئەو هەموو هەوراز و نشیوەی کە تێپەڕی کردبوو. دەبوو ئەو حیزبە سەر لە نوێ زیندوو ببێتەوە. دەبوو ئەو حیزبە سەر لە نوێ گیانێکی نوێ بە بەریدا بکرێتەوە، ڕێکخراوەکانی زیندوو ببنەوە لە نێوخۆی وڵات.

کۆنگرەی سێ پێک هات، کۆمیتەی زاگرۆس پێک هات، ئێمە مامۆستا عەبدوڵڵای حەسەن زادە دەبینین، یاری غاری دوکتور قاسملوو. هات و لە پێش ڕووخانی ڕژیمی حەمەڕەزاشا لە سەختترین شەرایەت و دژوارترین کاتەکاندا هاتنەوە ناوخۆی وڵات و ڕێکخراوەکانی حیزبیان زیندوو



کردەوە. ئەو پۆلە، ئەو نەسڵە مێژوویەکیان لەگەڵ خۆیان پێ بوو.

بەڵام زۆربەی دیکەی ئەو هاوڕێیانەی کە ڕێزیان لێ گیرا، ئەوان پێوەندییان بە چ قۆناغێکی مێژووی هاوچەرخەوە هەیە؟ بە سێ دەیە، بە سێ دەیە خەبات. دیسان دەڵێمەوە بە بێ موبالەغە و بە بێ ئیغراق، سەرتۆپی خەباتی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لاپەڕەی زێرین و درەوشاوەی مێژووی پتر لە ٦٥ ساڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان ئی ئەو سێ دەیەیەیە. ئەو سێ دەیە کە لە خەباتێکی دژواری چەکدارانەدا، لە موبارزەی تەشکیلاتیدا، لە موبارزەی تەبلیغاتی، دیپلۆماسی و سیاسیدا خۆی دەنوێنێ لەسەر شانی کێ هات، لەسەر شانی کێ قورسایی کردوە؟ لەسەر شانی زۆربەی ئەو هاوڕێیانەی کە ئەمڕۆ لێرەدا ڕێزیان لێ گیرا. ئەو هاوڕێیانەی کە ڕۆژێک کە زێد وماڵی خۆیان بە جێهێشت، زۆربەیان گەنج بوون بەفری پیرییان لەسەر نەنیشتبوو. بەڵام ئەمڕۆ دەمان دیتن پاش سی ساڵ، پاش بیست و پێنج ساڵا و پاش بیست ساڵ تەمەنێکیان لێ ڕۆیشتوە. ئەوان ئیتر ئەو گەنجانەی ٣٠ ساڵ و ٢٥ ساڵ لەوەپێش نەبوون. عومرێکیان، ماوەیەکی زۆریان و ئینرژییەکی زۆریان سەرفی ئەو ڕێگا و ئەو خەباتەی کرد.

کەوابوو با جارێکی دیکە ڕێز لە هەمووان بنێینەوە و جارێکی دیکەش ئەمن لێرە بە مەسئوولییەتەوە دەڵێم تاریخ لە موقابیل واندا، لە موقابیل خەباتی ئەواندا، لە موقابیل ئەو خەباتە کە ئەو پۆلە هاوڕێیە کە ئەمڕۆ لێرە ڕێزیان لێ گیرا، لە بەرامبەر واندا سەری کڕنۆش دادەنوێنێ. بە هەموو کەم و کوڕییەکان، بە هەموو ئیشکالاتەکان و بە هەموو شانازییەکانیانەوە. ئەمن موتڵەقی ناکەمەوە و ناڵێم بە شێوەیەکی ڕەها لەو خەباتەیدا، لەو ماوە دوور و درێژەیدا بێ کەم وکوڕی بووین، بێ هەڵە بووین. بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەوانە ئەگەر ئەوە نیوەی تاریکی مانگەکە بێ، نیوەی درەوشاوەی مانگەکە ئەو خەبات و فیداکارییەی ئەو پۆلە هاوڕێیە بووە. ئیتر سەرکەوتوو بن.

# ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەمبەر بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

**سمایل زارعی**

لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە ڕەوتی دەستبەسەرکردن و زیندانی کردن و تەنانەت ئیعدام کردنی هاووڵاتیانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چڕتر بۆتەوە و هەر وەک دەزانین ریشەی ئەم فشار هێنانانەی ڕێژیم بۆ زۆر دوورتر لە دەوڵەتی دەیەمی کۆماری ئیسلامی دەگەڕێتەوە. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای هاتنە سەر کارییەوە یەکێک لە سیاسەتەکانی بۆ کپ کردنی دەنگی کوردان گرتن و زیندانی کردنی هاووڵاتیانی ئاسایی و بە تایبەتی چالاکانی بواری مەدەنی، سیاسی، کولتووری و تەنانەت زانستی بووە، ئەمە سەرەڕای هەبوونی سیاسەتی هەڵاواردن لە زۆر بواری مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووری و هتدەوە کە ئەم ڕێژیمە بە درێژایی تەمەنی خۆی لەبەرامبەر کوردستان و کوردەکان دا بەگشتی هەیبووە. بێگومان ئەوەشمان لە بیر ماوە کە کۆمەڵگای کوردستان بە گشتی لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ئەم ڕێژیمەوە بۆ گەیشتن بە مافەکانی هەموو ڕێگایەکی گرتەبەر بۆ ئەوەی بتوانێ بە ویست و ئامانجە ڕەواکانی خۆی بگا. کۆماری ئیسلامی بە هەموو شێوەیەک بۆ سەرکوت و کپ کردنی ئەم ڕەوتە لە کوردستان هەوڵیدا و تەنانەت شەڕی مان و نەمانی لە کوردستان وەرێ خست. ئۆپۆزیسیۆنی کورد و خەڵکی کوردستانیش لە بەرامبەر سیاسەتی شەڕفرۆشی و ئاژاوەگێریی کۆماری ئیسلامیدا ئەوەی لە دەستیان هات بە گرتنە بەری سیاسەتی ئاشتیخوازی، دیالۆگ لە هەلومەرجی تایبەت بە گرتنەبەری ئەم سیاسەتە و دواتریش لە هەلومەرجیتردا کە شەڕی بەسەردا سەپا بە نیشاندانی خۆڕاگری و تەنانەت شەڕی چەکدارییش دژکردەوەیان لە خۆیان نیشان دا و تەنانەت دوای ئەو باردۆخەش بۆ گەیشتن بە مافەکانی خۆیان لە هەموو ئامرازەکان لە ناوخۆی وڵات و دەرەوەی وڵات کەڵکیان وەرگرتوە و هەر وا درێژە بە هەوڵەکانی خۆیان دەدەن. لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامییش هەر وا لە سەر سیاسەتی سەرکوت و کپکردنی دەنگی کوردان و فشارخستنە سەر کۆمەڵگای کوردستان و هەروەها هەڵاواردن لە هەموو بوارێکەوە بەردەوامە و بە بێ گوێدان بە نارەزایەتییەکان لە ئاستی دنیا و نێوخۆدا درێژە بەم سیاسەتە چەوت و نائینسانییانەی خۆی دەداو کاری خۆی دەکا.

هەر وەک گوتمان ڕەوتی سەرکوت و ئازاردان و کوشتن و ئیعدامی خەڵکی کوردستان هەر وا بەردەوامەو تاکوو ئێستاش درێژەی هەبووە و بەردەوام بە هاتنە سەر کاری هەر سەرۆک کۆمارێک لەم ڕێژیمەدا و یان بە گۆڕینی کاربەدەستان لە ناوچە کوردنشینەکان گۆڕانی بەسەردا هاتوە. بەڵام سەرکوت هەر لە جێی خۆیەتی و دیدی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی بەرامبەر بە نەتەوەی کورد هیچ گۆڕانێکی بەسەردا نەهاتوە و بەردەوام فشارەکان بە شێوەی جۆراوجۆر دەخەنە سەر کۆمەڵگای کوردستان. ئەم ڕەوتە لە پاش دەست بە کار بوونی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری ئەم ڕێژیمە لە دەوڵەتی نۆهەم و بە تایبەتی لە دەورەی دەیەم کە دەبێتە دووهەمین دەورەی کاری ئەحمەد نەژاد وەک سەرۆک کۆمار چۆنیەتی و شێوازێکی نوێی بەخۆوە گرت، مەیدان و ئاڵقەی زەربە لێدان و فشارهێنانەکانی کۆماری ئیسلامی گۆڕاون و هەروەها بەرهەڵستکاری و مێتۆدەکانی خۆڕاگری و باسکردنی ویستەکانی گەلی کورد و هەروەها کاراکتەرەکانی ئەم ڕەوتەش گۆڕانکاریان بە سەردا هاتوە. بە چەشنێک کە زۆرتر فشارەکە خراوەتە سەر چالاکانی مەدەنی و سیاسی و کولتووریی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و زیاتر لە بژاردەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەر و زیندانی و یان ئیعدام دەکرێن. نابێ لەبیرمان بچێ کە خەباتی مەدەنی لە کوردستان دا لەم دەیەی ڕابردوودا گەلێک دەسکەوت و پێشکەوتنی باش و بەپێزی بۆ گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لێکەوتەوە کە بە هیچ شێوەیەک کۆماری ئیسلامی پێی دڵخۆش نیە و هەربۆیەش لە بەرامبەر ئەم بارودۆخەدا جۆری سەرکوت و فشارخستنەکان و هەروەها سەرکوت کردن و هەڵاواردنەکانیشی گۆڕیوە، بەڵام سەرکوت هەر لە جێی خۆیەتی و دیدی کاربەدەستان بەرامبەر بە کوردستان گۆڕانی بەسەردا نەهاتوە.

دوای ئەوەی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری بۆ دەورەی دەیەم بە کودەتای موحافزەکارەکان بۆ مەبەستی دانانەوەی ئەحمەدی نەژاد کۆتایی پێهات و ئەو نارەزایەتییە بەرینەی لە سەرانسەری ئێران دا لێکەوتەوە، کوردستان یەکێک لەو شوێنانە بووە کە لەم ماوەدا زۆرترین ڕێژەی گرتن و زیندانی کردن و ئیعدام کردنی لە ئێران دا بەخۆوە دیوە، فشارەکان بۆ سەر خەڵکی کوردستان ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر دەبێ، لە باری ئابوورییەوە کوردستان بە هۆی ئەوەی بەردەوام باری ئابوورییەکی باشی نەبووە و پێراگەیشتن لە ناوچە کوردنشینەکان دا زۆر لاواز بووە گرانی و فشاری ئابووری زۆر زیاتر لە جاران هەست پی دەکرێ، هەڵاواردنەکان لە بواری کولتووری و مەدەنیدا لە پەرە سەندن دایە. بەڵام نابێ لەبیرمان بچێ کە هۆشیاری خەڵک لە ئاستێک دایە کە چیدیکە ناتوانێ لە بەرامبەر مافە نەتەوەییەکانی خۆیدا بێدەنگ دانیشێ و بۆیەش لە ناو ئەم گەلەدا ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بواری زیاتر بۆ چالاکیی مەدەنی و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەرەخسێ، باری ژیان و گوزەرانی خەڵک پێشکەوتنی بەخۆوە دیوە و ڕوانگەی خەڵک بەرامبەر بە بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان گۆڕاوە و هەر ئەمەش وای کردوە ژیانێکی تارادەیەک شارستانییانە لە کوردستان دەستی پێ بکا کە پتر بەرەو ڕەوتی مەدەنی بوون و بەرزنرخاندنی بەها کۆمەڵایەتی و کولتوورییەکان دەڕوا و هەر ئەمەش لە سەرێکەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبووە لە سەر بەرزبوونەوەی ئاستی هوشیاریی خەڵک و وردبوونەوە و قووڵتربوونیان لە داواکانیان دا و لە سەرێکی دیکەوە ناکۆکیی نێوان کۆمەڵگای کورد و کۆماری ئیسلامی پتر کردوە و مەیدانەکانی خۆنواندن لە لایەن خەڵکی کوردستان و ڕێژیمەوە بەرینتر بوون و



گۆڕانیشیان بەسەردا هاتوە و چۆنیەتی خەباتی خەڵک و چۆنییەتی دژایەتی کۆماری ئیسلامیش گۆڕانی بەرچاوی بەخۆوە دیوە.

دەتوانین بە شێوەیەکی گشتی و لە تێڕوانینێکی سەرپێیدا بڵێین کە ئەم ڕەوتە کاریگەریی هەبووە لە سەر دوو بەرە کە دەیانەوێ بە هەر شێوەیەک بێ کاریگەری خۆیان لە سەر ئەم کۆمەڵگایە بەجێ بێڵن. بەڵام پێش ئەوەی باسی ئەو دوو لایەنە بکەین پێویستە ئاماژە بەوە بدەین کە چالاکانی مەدەنی و سیاسی و خوێندکاری و کولتووری و کۆمەڵایەتی و زانستی کاریگەرییەکی زۆر قووڵیان لە سەر دروستبوونی ئەم ڕەوتە لە کوردستان هەبووە و دەتوانین بڵێین هەوساری ئەم ڕەوتە بە جۆرێک لە جۆرەکان لە دەست ئەم بژاردانەدا بووە و هەر ئێستاش لە بەر دەستی ئەوان دایە. بەڵام ئەو دوو توێژەی کە ئاماژەمان پێدا بریتین لە:

یەکەم: کۆماری ئیسلامیی ئێران- کۆماری ئیسلامی یەکێک لەو لایەنانەیە کە بە هەموو توانایەوە دەیەوێ پێش بە بەرەوپێشەوە چوونی ئەم ڕەوتە لەم کۆمەڵگایەدا بگرێ و تەنانەت ئەگەر بۆی بکرێ کوردستان بۆ دواوەش بگێڕێتەوە و کۆمەڵگای کوردستان بکاتە شوێنێکی کپ و بێدەنگ بۆ ئەوەی بتوانێ پێش بە نارەزایەتیی بەرین لە کوردستان بگرێ تا ئەگەر لە ناوەندی ئێران یان لە هەر شوێنێکی دیکە نارەزایەتی سەری هەڵدا بتوانێ بە هاسانترین شێوە کۆنترۆڵ و سەرکوتی بکا و بە لەنێوبردنی دەنگی نارەزایەتی لە کوردستان پێی وایە دەتوانێ کوردستان لەو حاڵەتە بێنێتەدەر کە هەمیشە بەرامبەر بە ڕێژیم ناڕازی بووە، بە شێوەیەک کە زۆرجار کوردستان خۆی بە درێژایی سی ساڵ هاتنە سەر کاری ئەم ڕێژیمە بەردەوام سەرەتایەک بووە بۆ نارەزایەتی دەربڕین بەرامبەر بەم ڕێژیمە و زۆرجار ئەگەر لە نارەزایەتییەکیش دا سەرەتایەک نەبووبێ زۆر خێرا خۆی لەگەڵ بەرەی ناڕازی ڕێک خستوە و وێڕای ئەوان چ لە ناوخۆی ئێران و چ لە دەرەوەی ئێران درێژەی بە نارەزایەتییەکان و تەنانەت پەرەی بە نارەزایەتییەکان داوە. ئێستا و لەم هەلومەرجەدا بە پێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگای کوردستانی ڕۆژهەڵاتدا هەستی پێ دەکرێ و ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە ئاستی دنیادا بەرچاو دەکەون، گرینگترین خۆراک بۆ ماشینی سەرکوتی کۆماری ئیسلامی بژاردەکان و بە گشتی چالاکانی مەدەنی و سیاسی و کولتووری ئەو کۆمەڵگایەیە. هەروەک ئاماژەمان پێدا ماشینی سەرکوتی بەرین ئێستا زۆرتر چڕ بۆتەوە لە سەر سەرکوتی تایبەتی بژاردەکان، بۆیەش ڕۆژ نیە لەم بارەوە هەواڵی دەستبەسەرکردنی چالاکێکی سیاسی و مەدەنی نەبیستین یان ئەوەی ڕۆژ لە دوای ڕۆژ دەنگی نارەزایەتیی ئەم توێژە بەرامبەر بە فشارەکان بۆ سەر کوردستان زیاتر و بەرزتر دەبێ و سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵی ئەم دۆخە لە کوردستان بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ و جۆری فشارەکان و ڕەوتی گرتن و کۆنترۆڵکردنەکەش بەردەوام گۆڕانی بەسەردا دێ، بەڵام هەر دوو لا هەر وا سوورن لە بەرەو پێش بردنی چالاکییەکانی خۆیان. لە لایەک کۆمەڵگا ڕەوتی ئاسایی خۆی بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی بە شێوەی مەدەنی دەپێوێ و لە لایەکی دیکەشەوە کۆماری ئیسلامییش دەست لە بەڕێوەبردنی ئەم سیاسەتەی هەڵناگرێ.

دووهەم: ئۆپۆزیسیۆنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە تاراوگەدا – ئۆپۆزیسیۆنی کورد و بەرەی کوردەکانی دژی کۆماری ئیسلامی لە دەرەوەی وڵاتیش تارادەیەکی زۆر کاریگەری لەم بارودۆخە وەرگرتوە و جۆری سیاسەت و هەڵسوکەوتی خۆی گۆڕیوە و یان هەول دەدا بیگۆڕێ. ئەوە حاشا هەڵنەگرە کە ئۆپۆزیسیۆن بەردەوام بۆ وەدیهاتنی ویست و ئامانجەکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەوڵی داوە و هەموو هەوڵی خۆی خستۆتەگەڕ بۆ ئەوەی ئەم ڕەوتە زیاتر پەرە بستێنێ و بەهێزتر بێ و بۆ کەلێن و قوژبنی کۆمەڵگا پەل باوێ. لەم پێناوەش دا زۆرجاری وا هەبووە ئۆپۆزیسیۆن هەوڵی خۆی بۆ ئەوە خستۆتەگەڕ کە شان بە شانی چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان پەرە بەم ڕەوتە بدا و لە هێز و توانایی خۆی بۆ بەهێزتربوونی ئەم ڕەوتە بەکار هێناوە. ئەوەی لە ئۆپۆزیسیۆن و لە ڕاگەیەنەکانیان بە تایبەتی دەبیستین و یان لە هەوڵەکانیان دا بەرچاو دەکەوێ ئەوەیە کە ئەوان دروست بە پێچەوانەی کۆماری ئیسلامی حەز دەکەن ئەم ڕەوتە زیاتر پەرە بستێنێ و کۆمەڵگا زیاتر هۆشیار بێ و پتر لە هەموو کاتێک بێتە مەیدان و ویست و داخوازییەکانی خۆی بخاتەڕوو و لەو پێناوەدا هەوڵەکانی خۆی لە هەموو بوارەکانی مەدەنی، سیاسی، کولتووری و هتد بخاتەگەڕ.

ڕەنگە بکرێ بڵێین کە جیاوازیی سەرەکیی ئەم دوو لایەنەش لەوەدا دەردەکەوێ کە ئۆپۆزیسیۆنی کورد بە گشتی وەک لایەنێکی مەسەلەی کورد لە ئێستادا بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان خۆی بە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەزانێ و وڵاتەکەش بە نیشتمان و ئی خۆی دەزانێ و خەڵکەکەش لەگەڵ خۆی دەبینێ و لایەنێکی دیکە واتە کۆماری ئیسلامی نە کوردستان بە ئی خۆی دەزانێ (مەبەست لە باری جوگرافییەوە نیە) و نە خەڵکەکەش لەگەڵ خۆی دەبینێ و نە خۆشی لەو خەڵکەدا دەبینێ.

ئێمە لە سەرەتای بابەتەکەمان دا ئاماژەمان بەوە کرد کە لە هەلومەرجێک دا ئۆپۆزیسیۆن ئەرکی خۆی وەک پێویست بە جێ گەیاندوە و هەر ئێستاش لە مەیدان دا ماوەو ئەوەی لە پێناو گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا بۆی بکرێ ئەنجامی دەدا. هەروەک گوتمان کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانی جیددی و قووڵی بەخۆوە دیوە، کاراکتەرەکان، فاکتەرەکان، بەهاکان، ویست و داواکارییەکان و تەنانەت تێڕوانین و بۆچوونەکانی خەڵک گۆڕانیان بەسەردا هاتوە. بەڵام لەم نێوەدا نابێ لەبیرمان بچێ کە بە هەر هۆیەک بێ ئۆزیسیۆنیش نەیتوانیوە وەک پاڵنەرێکی گونجاو و بەهێز کاریگەریی قووڵی لە سەر زیاتر مەدەنی بوونی کوردستان دانێ و ئەرکی قورس لەم بارەوە کەوتۆتە سەر توێژی ڕووناکبیران و چالاکانی مەدەنی و سیاسی و کولتووری و خوێندکاری و حقووقی لە نێوخۆی وڵات دا. ئەگەر سیاسەتی کۆماری ئیسلامی بەرگرتن بووە لەم ڕەوتە، ئۆپۆزیسیۆن هەوڵی داوە کە ئەم ڕەوتە زیاتر پەرە بگرێ بەڵام زۆر جاری وا هەیە هەست بە کەم و کووڕیی کاری ئۆپۆزیسیۆنیش لەم بارەوە دەکرێ کە پێویستە لەم پەیوەندییەدا لێکۆڵینەوە و باسی زیاتر بکرێ و هەوڵی زیاتر بدرێ.

ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆن لەم هەلومەرجەدا بە لەبەرچاوگرتنی ئەم گۆڕانانە ڕۆڵێکی زۆر گرینگە کە کاریگەریی قووڵ لە سەر داهاتووی ئەم کۆمەڵگایە بە جێ دێڵێ و ئەو ئەرکانەش کە دەکەونە سەر ئۆپۆزیسیۆنی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستان تەنیا بەوە کورت نابێتەوە لە تاراوگەوە بە ڕاگەیاندنی بەیاننامە و بە پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لە ئاستی ڕێکخراوەیی و لە ئاستی جیهانیدا و هەروەها بە پێکهێنانی شانەکانی تەشکیلات و تەشەنە کردنی زیاتر لە ناو کۆمەڵگای کورد و گرتنی مۆرە و ئەندامی زیاتر و کۆمەڵێک چالاکی حیزبیتر ڕازی بن و واز بێنن. ئەرکی حیزبەکان و ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کوردستان دەبێ زۆر لەوە بەرینتر و قووڵتر و بنەماییتر بێ. بە جۆرێک کە بتوانن لە بنەڕەتەوە کاریگەری لە سەر ئەم کۆمەڵگایە دانێن و یان پشتیوانێکی باش بن بۆ هێز و لایەنەکانی خەمخۆری گەلی کورد لە ناوخۆی وڵات، مەبەست لە ئەنجومەنەکان، ناوەندەکان، ئێن جی ئۆکان، ڕۆشنبیران، نووسەران و چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ...

لە ماوەیەک لەمەوبەرەوە ڕەوتی نارەزایەتی بەرامبەر بە بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی چەند چالاکی سیاسی و مەدەنیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستی پێکرد. ئەم ڕەوتە هەر وا درێژەی هەبوو تا ئەوەی کە بۆ بەڕێوەچوونی حوکمی ئیعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی جارێکیتر لە ئاستێکی بەرین دا خۆی دەرخستەوە. لە پێتەختی چەند وڵاتی ئورووپاییدا نارەزایەتی بۆ ئەم حوکمە خۆپێشاندان کرا. لە شاری سنەش بۆ بەڕێوەچوونی ئەم حوکمە نارەزایەتی بەرین نیشان درا و خەڵک بە کۆبوونەوەیان لە بەر دەم زیندانی شاری سنەدا نارەزایەتیان بۆ ئەم حوکمە دەربڕی. لەم نێوەدا زۆر چالاکی مەدەنی و سیاسی و کولتووری لەم هەلومەرجەدا بێدەنگ دانەنیشتن و بە شێوەی جۆراوجۆر نارەزایەتییان بەرامبەر بەم حوکمە و بەم بارودۆخە دەربڕی. نابێ لە بیرمان بچێ کە خەڵکی شاری سنە و بە گشتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوە بۆ یەکەمجاریان نیە نارەزایەتی لەو چەشنە بەڕێوە دەبەن و دڵنیاین کە دوایین جاریشیان نابێ و لەو لاشەوە کۆماری ئیسلامیش هەر

ل ٦

# پەرەسەندنی هەڕەشەکانی ڕێژیم لەدژی دژبەران

مەسعود ڕەواندوست

لەدوای کودیتای باڵی پاوانخوازی ڕێژیم لە هەڵبژادنەکانی جۆزەردانی ساڵی ٨٨دا و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران لەدژی کودیتا و کودیتاچییەکان بە سەرۆکایەتیی خامنەیی، ڕێژیم لەگەڵ گەورەترین قەیرانی مێژووی سی ساڵەی خۆی بەرەوڕوو بۆتەوە و تەواوی بنەماکانی مەشرووعییەتی ڕێژیم لە هەموو بوارەکاندا چوونەتە ژێر پرسیار و ڕێژیم لە هەموو کاتێک زیاتر هەست بە مەترسیی رووخان و نەمان دەکا.

کودیتای جۆزەردانی ٨٨ کە بە بەڕێوەبەریی ئەحمەدی‌نژاد و کابینە نیزامییەکەی و پاڵپشتی خامنەیی بۆ شکست پێهێنان بە بەرەی ڕیفۆرمخوازی دەسەڵات بەڕێوەچوو، ئێستا خەریکە بەرەبەرە خامنەیی و دەسەڵاتەکەی تووشی گێژاوێک دەکا کە دەربازبوون لێی زۆر دژوارە و تێچوویەکی زۆر زیاتر لە داهاتەکەی دەخاتە سەر دەستی خامنەیی، بەجۆرێک کە ئەگەر هەتا دوێنێ ڕیزی دۆستان و دوژمنانی نیزام و بە وتەی خۆیان «خودی» و «غیر خودی»یەکان دیار و ناسراو بوو ئێستا ئەم ڕیزبەندییە تێکچووە و هەتا دێ ڕیزی دژبەرانی ڕێژیم و «غیر خودی»یەکان زیاتر دەبێت و بازنەی باوەڕپێکراوان و خودییەکانی بەرتەسکتر دەبێتەوە.

ڕێژیم لە هەر بارێکەوە تووشی قەیران هاتووە و خامنەیی وەک ڕێبەری ئایینی نیزام و وەلیی فەقیهـ مەشرووعییەتی پێشووی نەماوە و خەڵکی ڕاپەڕیوی ئێران لە خۆپێشاندانەکانیان‌دا ناوبراویان بە «قاتل» ناوبرد و ژمارەی ئەم مەرجەعە تەقلیدانەی بە ئاشکرا مەشرووعییەتی خامنەیی و ڕێژیمەکەی دەبەنە ژێرپرسیار لە زیادبووندایە و هەوڵەکان و سەفەرە ئاشکرا و نهێنییەکانی خامنەییش بۆ قوم و بۆ کڕینەوەی مەشرووعییەتی لەدەستچووی تا ئێستا نەک ئاکامێکی نەبووە و نەیتوانیوە ڕاوبۆچوونی مەرجە تەقلیدە گەورەکان بە قازانجی خۆی و ڕێژیمەکەی بگۆڕێ بەڵکوو بە پێچەوانەوە ڕێژەی ڕەخنەکان لە کردەوە و هەڵسوکەوتەکانی دەستوپێوەندەکانی ڕێژیم لەگەڵ زیندانیانی سیاسی و بنەماڵەکانیان روو لە زیاد بوونە.

ئەوە لە حاڵێک دایە کە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا حوسێن شەریعەتمەداری (کە بە وتەبێژی خامنەیی لە ڕۆژنامەی «کیهان»دا ناسراوە) لە ڕۆژنامەی «کیهان»دا گلەیی لە بەشێک لە مەرجەعە تەقلیدەکان کردوە کە بۆ ڕێگە دەدەن بنەماڵەی زیندانیانی سیاسی و دژبەرانی ڕێژیم بچنە ماڵیان و گوێ بۆ بە درۆ و بوختانەکانیان (وتەی ئەوان)دەگرن و هاودەردییان لەگەڵ دەکەن.

نەمانی مەشرووعییەت و لەرزۆک بوونی بنەماکانی ڕێژیم گەیشتۆتە ئاستێک کە وەفاداران و دڵسۆزانی هەتا دوێنێی نیزام ئەمڕۆ بەیەکەوە هەڵناکەن و ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێوانیان لە پەرەسەندن‌دایە و هەڕەشە و تۆمەت لێدانەکانی بەرپرسانی ئۆرگانە جیاجیاکانی ڕێژیم لە یەکتر و دانان و وەلانانی وەزیر و بەرپرسانی پۆستە حکوومەتییەکان شێوازێکی زۆر خێرا و نائاساییی بەخۆوە گرتوە و باندەکانی نێو دەسەڵات کەوتوونەتە وەلانان و لەژێر پێدانی یەکتر. ئەم هەلومەرجە قەیراناوییە ڕێژیمی خستۆتە دۆخێکی لەرزۆک کە خەوی ئاسوودەی لە چاوی بەرپرسانی ڕێژیم تاراندوە.



هەر لەم کاتەدا دەستپێکردنی بەڕێوەبردنی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان و لابردنی سوبسیدەکان لەسەر کەلوپەل و خزمەتگوزارییە گشتییەکان و ئەو ئاکامانەی لەوانەیە لێی بکەوێتەوە نیگەرانییەکانی ڕێژیمی زۆر زیاتر کردوە و بە پێچەوانەی ئیدیعاکانی بەرپرسانی ڕێژیم کە هەوڵ دەدەن هەلومەرجەکە بە ئاسانی و لەژێر کۆنترۆڵ دا نیشان بدەن، هەموو هێزە سەرکوتکەرەکان لە دۆخی ئامادەباشی‌دان و ترس و نیگەرانی بە هەڵسوکەوتەکانیانەوە دیارە.

> **لەرزۆک بوونی**
> **بنەماکانی ڕێژیم گەیشتۆتە ئاستێک کە**
> **وەفاداران و دڵسۆزانی هەتا دوێنێی نیزام ئەمڕۆ**
> **بەیەکەوە هەڵناکەن و ناکۆکی و ناتەباییەکانی نێوانیان**
> **لە پەرەسەندن‌دایە**

هاوکات لەگەڵ ئەم دۆخە نێوخۆییە نالەبارەی بەسەر ڕێژیم‌دا زاڵە گوشارە دەرەکییەکان لە پێوەندی لەگەڵ پەروەندەی ئەتۆمیی ئێران و قورسایی گەمارۆکان و هەروەها تاڕادەیەک مەسەلەی مافی مرۆڤ و تەریک کەوتنەوەی هەرچی زیاتری ڕێژیم لە کۆمەڵگای جیهانی‌دا بووەتە هۆکارێک بۆ بەهێزتر بوون و کاریگەریی هەرچی زیاتری گوشارە نێوخۆییەکان بۆ سەر ڕێژیم.

کۆی هەمووی ئەم گوشار و قەیرانانە بۆ سەر ڕێژیم بووەتە هۆی ترس و نیگەرانییەکی لە ڕادەبەدەر بۆ بەرپرسان و گۆپاڵ بە دەستانی ڕێژیم و هەرکام لە جێی خۆیەوە و بە شێوەیەک لە شێوەکان کەوتوونەتە جموجۆڵ بۆ کەمکردنەوەی ئەم مەترسییانە و ڕەواندنەوەی نیگەرانییەکان. هەر بۆیە بە پێی شێوازی باو لە ڕێژیمە دیکتاتۆر و سەرکوتکەرەکان و بە تایبەت کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکەم هەنگاو و ڕێگەچارەیان بۆ چارەسەر کردنی گرفتەکان پەنابردنە بەر هەڕەشە و کوشتن و ترساندنی خەڵکە.

هەر بۆیە لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شاهیدی ئەوە بووین کە بەرپرسە ورد و درشتەکانی دامودەزگاکانی ڕێژیم هەرکام بە زمانێک کەوتنە هەڕەشە لە دژبەرانی ڕێژیم و بە وتەی خۆیان «سران فتنه» و، خوازیاری بەرەوڕووبوونەوەی توند لەگەڵ سەرانی فیتنە بوونە. هەڕەشەکان لە لایەن فەرماندەکانی سپا و نوێنەرانی مەجلیس و بەرپرسانی دەزگای قەزایی و زۆربەی دامودەزگا سەرکوتکەرەکانەوە ڕوو لە «سران فتنه» بەردەوامە و تەنانەت کار گەیشتە ئەو جێیە کە دادستانی تاران لە وڵامی ڕەخنەی بناژۆخوازان لە دادگایی نەکردنی «سران فتنه»دا ڕایگەیاند کە ئێمە تەنیا لە خامنەیی سفارش وەردەگرین و ئەگەر تا ئێستا لەم پێوەندییەدا هیچمان نەکردوە هی ئەوەیە کە تا ئێستا خامنەیی هیچ بڕیارێکی لەم دەستەی نەداوە.

مەکارمی شیرازی لە وڵامی یەکێک لە تەڵەبەکان لە حەوزەدا کە بۆچی ڕێژیم بە توندی لەگەڵ»سران فتنه» بەرەوڕوو نابێتەوە ڕایگەیاندوە کە هەلومەرجەکە تایبەتە و ڕێژیم لە دۆخێکی «اخص الخاص»دایە، بە تایبەت ئێستا کە دەوڵەت دەستی بە بەڕێوەبردنی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان کردوە هەر بۆیە ئەم کارە لە بەرژەوەندیی نیزامدا نیە.

ڕاستییەکەی ئەوەیە کە هەمووی ئەم هەڕەشەو ئێعدامانەی ئەم دواییانەی ڕێژیم نیشانەی ترس و لاوازیی لە ڕادەبەدەری ڕێژیمە لە ئەگەری ڕاپەڕینێکی دیکە لە ئاکامی بەڕێوەچوونی گەلاڵەی ئامانجدارکردنی یارانەکان. بەرپرسانی ڕێژیم باش دەزانن کە هەلومەرجی قەیراناوی و لەرزۆکی ئەم ڕێژیمە لەوانەیە دەرفەتی دەربازبوون لە ڕاپەڕینێکی جەماوەریی دیکەی پێ نەدا. هەر بۆیە بە پەنابردنە بەر هەڕەشە و تەنانەت ئێعدامی ژمارەیەکی دیکە لە زیندانیان هەوڵ دەدەن ترس بخەنە نێو دڵی خەڵک و ئەگەری ڕاپەڕین و حەرەکەتێکی ئیعترازیی دیکە بگەیەننە کەمترین ئاستی خۆی.

---

**درێژەی:**

# ئەرکەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە هەمبەر بزووتنەوەی مەدەنی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا

وایە، نە یەکەمجاریەتی و نە دوایین جاری دەبێ کە ئەو سیاسەتە بگرێتە بەر. ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە کە خۆیان لەگەڵ ئەم ڕەوتە ڕێکبخەن و بە پێی پێویست ڕۆڵی خۆیان لە ناو خودی کۆمەڵگادا بگێڕن.

هەوڵە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و یان دەتوانین بڵێین ناڕەزایەتییە مەدەنییەکانی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئەوەمان پێ دەڵێن کە کۆمەڵگای ڕۆژهەڵاتی کوردستان گۆڕانی زۆری بە سەردا هاتوە و پێویستە ئێمەش وەکوو ئۆپۆزیسیۆن سیاسەتێک بگرینە بەر کە بتوانێ یارمەتیدەری ئەم ڕەوتە بێ و هەروەها ئەم چەشنە ناڕەزایەتییانە لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا دەریانخستووە کە کاریگەری زۆر قووڵیان هەم لە سەر کۆمەڵگای کورد بە گشتی و هەم لە ئاستی دنیادا دەبێ و هەم دەتوانێ شێوازێکی باش و گونجاو بێ لە بەرامبەر فشاری کۆماری ئیسلامی بۆ سەر کۆمەڵگای کورد بە گشتی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی و ڕووناکبیران و بژاردەکانی ئەم نەتەوەیە بە تایبەتی. پێویستە لەبیرمان بێ کە ئێمەش وەکو حیزب و ئۆپۆزیسیۆن دەتوانین شان بە شانی چالاکییە سیاسییەکانمان پەرە بە چالاکیی مەدەنی و ڕێکخستنی خەڵک بە شێوەیەکی بەرین بدەین و لە سەر زیاتر پەرەگرتنی چالاکییە مەدەنی و فەرهەنگی و خوێندکاری و حقووقی و ژنان و هتد دا ڕۆڵی گرینگ بگێڕین کە ئەوەش پێش هەموو شتێک پێویستی بەوەیە لە گرینگیی ئەو حەرەکەتانە تێ بگەین و خوێندنەوەی نوێمان بۆیان هەبێ و لەو پێناوەش دا وەک ئۆپۆزیسیۆنێک بەرنامە و پلانی تایبەتی و دیاریکراومان بۆی هەبێ.

بەڵام لێرەدا بەڕاستی بۆ زۆر کەس و لایەن پرسیارێکی گرینگ دێتە گۆڕێ، ئەویش ئەوەیە کە ئەرکی ئۆپۆزیسیۆن لەم نێوەدا دەبێ چی بێ و ئایا ئۆپۆزیسیۆن دەتوانێ ئەرکەکانی خۆی بناسێ و هەوڵ بدا لەم پەیوەندییەدا سیاسەتێک بگرێتە بەر کە بتوانێ پشتیوانێک بێ بۆ ئەو ڕەوتە یان ئەوەی کە سیاسەتێک دەگرێتە بەر کە نەک هیچ یارمەتییەک نادا بە بەرەوپێشەوەچوونی ئەو ڕەوتە بەڵکوو دەبێتە لەمپەر و ئامرازێک بۆ ئەوەی گرێ لە کاری چالاکانی مەدەنی و سیاسی بکەوێ؟ بە بڕوای من زۆر گرینگە کە ئۆپۆزیسیۆن یان هەر حیزبێک لە ڕێگای خۆیەوە وڵامی ئەم چەشنە پرسیارانە بداتەوە و خوێندنەوەی تایبەتی و پلانی خۆی لەم پەیوەندییەدا بۆ بیرو ڕای گشتی بخاتەڕوو کە هەر ئەوە ڕەنگە بتوانێ یارمەتیدەرێکی باش بێ بۆ بەهێزتربوون و ڕەنگارەنگتربوونی ئەو ڕەوتەی کە باسمان کرد.

بۆ ئێمە زۆر گرینگە باوەڕ بەوە بێنین کە لە لایەک خەڵک بەڕادەیەک توانیویانە لە بواری مەدەنی و شارستانی و شێوازەکانی خەبات و تێکۆشان بۆ گەیشتن بە مافەکانیان پێشکەوتنێکی بەرچاو وەدەست بێنن و لە لایەکی دیکەوە بۆ سەردەمی ئێستا شێوازی دەربڕینی ناڕەزایەتییەکان و هەروەها بۆ بەرزکردنەوەی دەنگی گەلێک بۆ گەیشتن بە مافەکانی گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە، توێژێکی ڕووناکبیرو چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەرکەوتوون کە توانیویانە یارمەتییەکی زۆر بدەن لە بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا و هەروەها زیاتر ڕێکخستنی هەوڵەکانی بۆ گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد. ئەم بژاردانە لە هەموو بوارێک دا خەریکی چالاکین، بۆ وێنە لە بواری زمان، نەتەوایەتی، سیاسی، مافناسی، کولتووری، ژنان، منداڵان، ئەدەبییات و موزیک و سینەما و زۆر بواری دیکەدا توانیویانە مەیدانی هەوڵدان بۆ زیاتر پێشکەوتنی کۆمەڵگا لە لایەک و بۆ گەیشتن بە ویست و داخوازییەکانی گەلی کورد بەرینتر بێتەوە.

> **توێژێکی ڕووناکبیرو چالاک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دا دەرکەوتوون**
> **کە توانیویانە یارمەتییەکی زۆر بدەن لە بەرەوپێشەوە چوونی ئاستی**
> **ڕۆشنبیریی کۆمەڵگا و هەروەها زیاتر ڕێکخستنی هەوڵەکانی بۆ**
> **گەیشتن بە مافەکانی گەلی کورد**

لە لایەکی دیکەوە دەبێ ئەو ڕەخنەیە لە خۆمان بگرین کە ئێمە وەکوو ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵات بەداخەوە تا ئەو ڕادەیەی پێویستە لە بواری جۆراجۆردا نەمانتوانیوە پێشکەوتنی بەرچاو بەخۆوە ببینین، بەداخەوە لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا بارودۆخێکی نالەبار بە سەر کەشی ئۆپۆزیسیۆنەکان بە گشتی‌دا زاڵ بووە کە زۆرتر لە ئاستی بەڕێوەبردنی ئەرکی حیزبی هەر لە سەر هەمان ڕێچکەی چەند دەیەی پێشوو و یان لە ئاستی دژایەتی نێوخۆیی و ناکۆکی و دواجاریش لەتبوون و جیابوونەوەکان دا بووە. ئەم ڕەوتە هیچ یارمەتییەک بە ڕەوتە نادا کە ئێستا لە کوردستان زاڵە و خەڵک گرتوویانەتە بەر. ئێستاش بەداخەوە ئەم ڕەوتی گرژبوونی پەیوەندییەکان لە نێوان ئۆپۆزیسیۆن دا هەستی پێ دەکرێ کە هیچ یارمەتییەک بە بەهێزتربوونی ڕەوتی ناڕەزایەتییەکان لە نێوخۆی وڵات دا نادا. ئەوەی ئێستا بۆ ئێمە زۆر گرینگە ئەوەیە لەم قۆناغەدا زۆربەی تواناکانی خۆمان بۆ زیاتر نزیکبوونەوە لەو ڕەوتە لە نێوخۆ تەرخان بکەین و لەم پێناوەدا بە جۆرێک هەنگاو هەڵێنینەوە کە خەڵکی بتوانین یارمەتییدەر و پشتیوانێکی زۆر باشی ئەو ڕەوتە بین.

# زمانی زکماکی و ئەکتیڤی خەباتی مەدەنی کورد لە باکووری کوردستان

**سامان فەقێ نەبی**

لەم چەند مانگەی رابردوودا کێشە و گرژی نێوان پارتی ئاشتی و دیموکراسی (BDP) و کۆمەڵگەی دیموکراتیک (KCD) لە لایەک و پارتی دادو گەشە (AKP) و رەوتە نەتەوەیی و هێندێک شوڤێنیستی تورک لە لایەکی دیکەوە قووڵتر بۆتەوە، کە دیارە ئەم تەنگژە و گرژبوونەیان لە سەر خوێندن بە زمانی زگماکییە. مافێکی سرووشتی کە شوڤێنیستە تورکەکان دەیانەوێ بە بیانووی جۆراوجۆرو درۆیین خەڵکی کوردو کەمە نەتەوەکانی دیکەی لێ بێبەش بکەن. لەگەڵ دەسپێکردنەوەی خوێندنی ئەمساڵ پارتی ئاشتی و دیموکراسی بۆ روون کردنەوەی زیاتر و زانیاری بەخشین بە شەقامی سیاسیی باکووری کوردستان و تورکیە، داوای لە خەڵکی کورد کرد کە ماوەی ٥ رۆژ منداڵەکانیان نەنێرنە قوتابخانەکان و داوا بکەن لە کوردستان لە قوتابخانەکان زمانی کوردییش وەک زمانی فەرمی واتا تورکی بخوێندرێ. ئەم کارەی BDP دژکردەوەی توندو سەرسەرەکییانەی بەرپرسانی تورکی لێکەوتەوەو سەلاحەدین دەمیرتاش سەرۆکی ئەم پارتە لە وەڵامی دژکردەوەی ناعاقڵانەی بەرپرسانی تورک رایگەیاند کە ئیدی کورد لەوە زیاتر ئیزن نادا زمان و وێژەکەی سووکایەتیی پێ بکرێ و بە کەم سەیری بکرێ.

BDP هەروەها بە هێنانە بەرباسی پرۆژەی خۆبەڕێوەبەریی دیموکراتیک لە پارلەمانی تورکیە و کۆڕو کۆمەڵە سیاسییەکانی دیکە و جەختی دووبارە لەسەر چاکسازیی لە یاسای بنەڕەتی تورکیەدا کە زمانی کوردییش وەک تورکی بە فەرمی بقەبڵێندرێ، ئێستاش دیسان مژاری پێویستی خوێندنی بە زمانی کوردی وەک زمانێکی فەرمی لە قوتابخانەکانی کوردستان هێناوەتە ئارا.

لە بەرانبەردا بەرپرسانی تورکیە زۆر تووڕەتر لە جاران تێدەکۆشن بە پێکهێنانی کەشێکی ترس و هەڕەشە و تۆقاندن کورد ناچار بە پاشەکشە لە ویستەکانی بکەن، بۆ وێنە بە سەپاندنی ١٣٨ ساڵ بەسەر سەرنووسەری رۆژنامەی کوردیی «ئازادی وڵات»دا، دەیانەوێ ئەوە لە بیرو مێشکی تاکی کورددا بچێنن کە ئالرژی تورکەکان بە زمانی شتێک نییە کە بتوانرێ گوێی پێ نەدرێ. (شایانی باسە کە رۆژنامەی «ئازادی وڵات» تەنیا رۆژنامەی کوردییە کە لە تورکیە مافی بڵاو بوونەوەی هەیە).

لە لایەکی دیکەوە رێبەرانی، کۆمەڵگەی دێموکراتیک (KCD) بە تایبەت ئەحمەد تورک بە پێکهێنانی میتینگی خرۆشان لە زۆربەی شارە کوردنشینەکان لەم چەند مانگەی رابردوودا و جەختی تایبەت لەسەر پێویستی بە فەرمی بوونی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان، بە جۆرێک سەریان لە بەرپرسانی تورک شێواندوە کە، ئەنجومەنی نەتەوەیی تورکیە لە ماوەی رابردوودا لە هەموو کۆبوونەوەکانی خۆی دا باسی لە کارو چالاکیی پارت و رێکخراوە ناحکوومییەکانی کورد لە بارەی خوێندن بە زمانی کوردی کردوە و لە کۆتایی کۆبوونەوەکانیشی دا دروشمی «یەک ئاڵا، یەک نەتەوە، یەک زمان)ی دووپات کردۆتەوە.

جێگەی باسە کە لە ماوەی رابردوودا پارتی کرێکارانی کوردستان (pkk) بە ئاگربڕی یەک لایەنە، دەرفەتی باشی بۆ کەڵک وەرگرتن لە میکانیزمە مەدەنییەکانی چالاکیی سیاسی و مەدەنیی کوردی باکووری کوردستان خوڵقاندوە. پارت و NGO و چالاکە سیاسییەکانیش لە کوردستان و تورکیەدا بە پێکهێنانی خولی فێر کردنی



زمانی کوردی و میتینگی نارەزایەتیی دەربڕین و بەرگری کردن و ئاخافتن بە زمانی کوردی لە دادگاکانی تورکیەدا و هەروەها هێنانە بەرباسی مژاری بە فەرمی کردنی زمانی کوردی لە چوارچێوەی پرۆژەی خۆبەڕێوەبەری دیموکراتیک لە پارلەمان دا هەوڵیان داوە کەڵکی پێویست لەم دەرفەتە وەربگرن و پشتیوانیی زۆربەی رووناکبیران و ژورنالیستە تورکە سەربەخۆکان بە دەست بێنن.

بەرپرسانی تورکیە بە جۆرێک دەهری بوون کە لەم رۆژانەی دواییدا تابلۆی شاری باتمان کە بە کوردی نووسرابوو لابردو نووسینی تابلۆکانیان بە کوردی قەدەغە کرد کە ئەمەش نارەزایەتی و رەخنە و گەپ و گاڵتەی زۆربەی رووناکبیران و رۆژنامەنووسانی تورکی لێکەوتەوە و ئەم ئاکارەیان بە سەرلێشێواویی بەرپرسانی وڵات و بڕیاری نادروست لە قەڵەم دا. دەبێ ئەوە بڵێین کە گۆڕانکارییەکانی ساڵانی رابردوو و بەتایبەت ئەم چەند مانگەی رابردوو بە قازانجی بزووتنەوەی میللی - دیموکراتیکی کورد لە باکووری کوردستان دا شکاوەتەوە و ئەم سەرکەوتنانە دژکردەوەی تووڕەیی شوڤێنیستی بەرپرسانی تورکی هەڵخڕاندوە. لە راستی دا ئاکار و کرداری بەپەلەی بەرپرسانی تورک لە بەرانبەر شەپۆلی شوناسخوازی و ژیانەوەی زمانی کوردی لە باکووری کوردستان، دوایین هەوڵی بێ سەمەری ئەوانە لە پێناو پووچەڵکردنەوەی ئیرادەی نەتەوەیی کوردە، ئەو پەلەقاژە بێ سوودەی کە توانایی راگرتنی رەوتی رووداوو ئاڵوگۆڕەکانی نییە.

# تاوان لە تۆڵەی تاواندا

**سیروان مووساپوور**

لە تەقینەوە تیرۆریستی و خۆکووژییەکانی ئەم دواییانەی ئێران و کوژران و برینداربوونی دەیان کەس لە خەڵکی بێتاوانی ئەم وڵاتەدا کام کەس و لایەن تاوانبارە؟ بڕیاردەران و پلان داڕێژەران و بەڕێوەبەرانی ئەم کردەوە قێزەون و دژە بەشەرییانە؟ یان ئەوانەیکە لە ماوەی ساڵانێکی دوور و درێژی دەسەڵاتدارێتی دا، بە پیادەکردنی سیاسەتگەلێکی شوومی وەک هەڵاواردن، سەرکوت، توندوتیژی و بەکارهێنانی دەیان و سەدان پلان و پیلانی مەترسیدار زەمینە و بەستێنی وەها ڕووداوگەلێکی خوێناوی و خەماوی دەڕەخسێنن؟ لە هەر حاڵدا، قوربانیانی سەرەکیی ئەم کردەوانە خەڵکی بێدیفاع و بێگوناحی ئەم وڵاتەن. چ لە کاتی تەقینەوەکاندا خەڵک ببنە قوربانی و چ لە دژکردەوە دژە ئینسانی و تۆڵە ستاندنەوە ترسێنەرەکانی ڕێژیمدا، ئەوا هەر خەڵکن کە دەبێ تاوانی بێتاوانیی خۆیان بدەن.

لە کۆتاییەکانی مانگی سەرماوەزی ئەمساڵ و لە ڕۆژی تاسووعادا، لە تەقینەوەیەکی خۆکوژی لە شاری چابەهاری پارێزگای سیستان و بەلووچستانی ئێران بە دەیان کەس کوژراو و بریندار بوون و هەر دوای ئەم ڕووداوەش ڕێکخراوی جوندوڵڵا بەرپرسیارێتیی ئەم تەقینەوەیەی خستە ئەستۆی خۆی. پێنج ڕۆژ دوای ئەم تەقینەوەیە، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە کردەوەیەکی تۆڵە ئەستێنانەدا، لە بەرەبەیانی ڕۆژی دووشەممە ٢٩ی سەرماوەز یازدە کەس لە زیندانیانی بەلووچی لە شاری زاهیدان بە تۆمەتی ئەندام بوون لە گرووپی جوندوڵڵادا، ئێعدام کرد. دوا بە دوای ئەم کردەوەیەی ڕێژیم، دەسبەجێ جوندوڵڵا هەڕەشەی ئەوەی کرد کە لە تۆڵەی هەر کەسێکی ئێعدام کراو دە نەفەر دەکووژێ و تەنانەت چەند ڕۆژ دواتر باسی کوشتنی حوسێن شیرانی، کارمەندی دامەزراوە ئەتۆمییەکەی ئیسفەهانیشی کرد کە پێشتر لە لایەن گرووپی ناوبراوەوە ڕفێندرابوو.

بە وردبوونەوە لەم ڕووداوانە و دواهاتەکانیان دەکرێ باس لە چەند خاڵێکی گرینگ بکەین:

**یەکەم:** لایەنەکانی بەشدار لەم کێشەیەدا. دوو لایەنی بەشدار لە پێش هاتنی ئەم ڕووداوانەدا هیچ کامیان خۆیان بە تاوانبار نازانن و بگرە هەر کامیان لە کردەوەی لایەنی بەرامبەر بۆ ڕەوایی بەخشین بە کردەوەکانی خۆی کەڵک وەردەگرێ. لە لایەک کۆماری ئیسلامی جوندوڵڵا بە ئاژاوەگێڕ، بەکرێگیراو، فاسید، دژە خوا و دژە کۆماری ئیسلامی و تەنانەت «جندالشیطان» و خۆی وەک حکوومەتێکی ئیسلامی، ئینسانی و خاوەن ڕەحمەت و بەرەکەتی ئیلاهی پێناسە دەکا و لە بەرامبەریشدا جوندوڵڵا خۆی بە داکۆکیکاری مافەکانی خەڵکی بەلووچ و ڕاپەڕیو دژی دیکتاتۆریی ئایینی و ویلایەتی فەقیهی و خەبات دژی ئەم حکوومەتە بە ئەرکێکی یاسایی و شەرعی خۆی دەزانێ. کە وایە هەرکام لەم دوو لایەنە خۆیان بە حەق و لایەنی بەرامبەر بە ناحەق دەزانن. نابێ لە بیر بکەین کە هەر دوو لایەن هەڵگری ئایدیایەکی ئیسلامیی بناژۆخوازن و لەم نێوەشدا بەرگێکی ئایینی دەکەنە بەر کردەوەکانیان و ڕەواییان پێدەدەن.

**دووەم:** شێوازی ڕووبەڕووبوونەوەی لایەنەکان. دوو لایەنی بەرامبەر بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانیان کەڵک لە هەموو چەشنە کردەوەیەک وەردەگرن. ئەگەر لە لایەک کۆماری ئیسلامی بە درێژایی مێژووی دەسەڵاتدارێتیی خۆی دەستی لە هیچ کردەوەیەکی دژە مرۆییانە دەرحەق بە نەیارانی نەپاراستوە و ئەوەی لە توانای دابووە بۆ سەرکوتی بەرهەڵستکارانی بە کاری هێناوە، ئەوا جوندوڵڵاش لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوو بۆ زەبر وەشاندن لە پەیکەری ڕێژیم دەستی بۆ زۆر کار تەنانەت کاری نەشیاو و نابەرپرسانەی وەک کوشتنی دیل، بۆمب دانانەوە، ئەشکەنجەی گیراوان.. بردوە.

**ئەوەیکە ئەمڕۆ جوندوڵڵا وەک شێوازگەلی گەیشتن بە مافە ئایینی و نەتەوەییەکانی خەڵکی بەلووچ کەڵکیان لێ وەردەگرێ نە تەنیا لە خزمەت داخوازییە ڕەواکانی ئەم گەلە بەش مەینەتەدا نییە بەڵکوو هیچ دوور نییە ڕێژیم بۆ گەیشتن بە مەبەستە چەپەڵەکانی لەو ناوچەیەدا کەڵکیان لێ وەرگرێ و کورد گوتەنی لە «ئاوی لێڵ ماسی بگرێ»**

**سێهەم:** بێئاکامی کردەوەکانی هەر دوو لایەن لە گەیشتن بە ئامانجەکانیان. دەبێ ئەو ڕاستییە قبووڵ بکەین کە نە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی دەتوانێ بە گرتن و ئەشکەنجە و ئێعدامی لاوانی سەر بە نەتەوەکانی ئێران و تیرۆر و لەناوبردنی سەرکردەکانی ئۆپۆزیسیۆن لە ناوەوە و دەرەوەی وڵات، پێش بە هێنانە گۆڕی داخوازییەکانیان بگرێ و هەستی ئازادیخوازیی ئەوان لە ناو بەرێ و نە جوندوڵڵاش دەتوانێ لە ڕێگای بەکارهێنانی کردەوەی توندوتیژانە داوا و داخوازییەکانی نەتەوەی بەلووچ وەدی بێنێ. شێوەیەک کە نە تەنیا لە لایەن کۆمەڵگای نێونەتەوەییەوە مەحکوومە، تەنانەت بەشێکی بەرچاو لە کەسایەتی و لایەنە ناسراوەکانی بەلووچ لە ناوخۆ و دەرەوەی ئێرانیش بە دروستی نازانن و مەحکوومی دەکەن.

ئەوەی لێرەدا پێویستە بیڵێین ئەوەیە کە گەیشتن بە ئامانجی بەرز و پیرۆز ڕێگا و شێوازی پیرۆزیشی گەرەکە و، ئامانج هەرچەندیش گەورە و پیرۆز بێ، دەکرێ بە بەکارهێنانی میتۆد و شێوازی نەشیاو و نائینسانی لە پێش چاوی بیر و ڕای گشتی ناشیرین بکرێ. ئەوەیکە ئەمڕۆ جوندوڵڵا وەک شێوازگەلی گەیشتن بە مافە ئایینی و نەتەوەییەکانی خەڵکی بەلووچ کەڵکیان لێ وەردەگرێ نە تەنیا لە خزمەت داخوازییە ڕەواکانی ئەم گەلە بەش مەینەتەدا نییە بەڵکوو هیچ دوور نییە ڕێژیم بۆ گەیشتن بە مەبەستە چەپەڵەکانی لەو ناوچەیەدا کەڵکیان لێ وەرگرێ و کورد گوتەنی لە «ئاوی لێڵ ماسی بگرێ» کە دەتوانین ئاماژە بە گوشارهێنان بۆ سەر زانایانی ئەهلی سوننەتی زاهیدان و پەرەپێدانی ناکۆکی لە نێوان برایانی شیعە و سوننی و.. بکەین.

جوندوڵڵاش دەبێ باش لەم ڕاستییە حاڵی بێ کە وەک (عبدالستار دوشوکی، کەسایەتی بەلووچ). دەڵێ ئاکامی توندو تیژی، بێجگەلە توندوتیژی، شتێکی دیکە نابێ. ڕێژیم بۆ مانەوەی خۆی و لەناوبردنی نەیارانی لە هەموو کردەوەیەکی نائینسانی و نائیسلامی کەڵک وەردەگرێ و لەم پێناوەشدا تەنانەت ڕوحم بە کەسانی نزیک لە دەسەڵاتیش ناکات. ئەرکی جوندوڵڵا و لایەنەکانی تری ئۆپۆزیسیۆنە کە بۆ دەسکەوتی بچووک، نرخی گران نەدەن و هەرچی زیاتر لە شێوازی سەردەمیانە و مەدەنیانە و لە هەمان کاتدا کەم خەسارتر و کەم هەزینەتر کەڵک وەرگرن.

# دیپلۆماسیی کوردی لە چ حاڵدایە و چۆن دەتوانێ گەشە بکا ؟

مستەفا شلماشی

(بەشی چوارەم)

لە بە شەکانی پێشوو دا ئەوەم هێنایە بەر باس کە:

کار بۆ ناساندن و قەبوڵاندن پێویستە زۆر بەوردی و بە بەرنامە بچێتە پێش و هەموو قۆناغە پیویستەکان تێپەڕبکا و خاوەنی ستراتیژی، پرۆژە، بەرنامە، پلانی درێژخایەن و پلانی کورت خایەن بێ.

هەروەها باسی ئەوەم کرد کە:

ئەگەر بتهە وێ دیپلۆماسییەکی سەرکەوتو بەڕێوەبەری، پێویستە هەموو دام و دەزگاو ناوەندە نێونەتەوەییەکان بناسی و لە کاتی دارشتنی ستراتیژی، پرۆژە و بەرنامەدا لە بەر چاویان بگری. دەبێ قانوون و قەراردادەکانیان بزانی و لە بڕیارەکانت دا لە بەر چاویان بگری و زۆر جار وەک فاکت و پەنای قانوونی ئیشارەیان پێ بکەی. بە تایبەت دیپلۆماسی ئەو نەتەوانەی هەوڵدەدەن مافی خۆیان لە نێو کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییەکان بسەلمێنن، زۆر کاری بەو قانوون و قەراردادانە دەبێ.

لە و بەشەدا هەوڵ دەدەم کاری دیپلۆماسی کورد لە دەرەوەی وڵات بە پێی ئەو تایبەتمەندیانەی لە سەرەوە باس کران هەڵسەنگێنم. ئێمە باسی دیپلۆماسی نەتەوەی کورد دەکەین و ئەگەر بە مانا بەر فرەوانەکەی چاوی لێ بکەین، بەو ئەنجامە دەگەین کە کورد وەک نەتەوە تائێستاش لە کاری دیپلۆماسی دا زۆر لە دوایە و تەنانەت لە بەشێک لە کاری دیپلۆماسی دا کە لابی گەرییە، هەر بە تەواوی لە مەیدان بەجێ ماوە. ئەوەی وەک دیپلۆماسی کوردی دەکرێ باسی بکەین زۆرتر دیپلۆماسی حیزبییە، نەک نەتەوەیی. ئەگەر هەوڵەکانی نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانی لێ دەرکەین، کە ئەویش زۆر سنوورداره و تەنیا بۆ باشوری کوردستان کار دەکا، جگە لە پەیوەندییە کانی حیزبە کوردستانییەکان شتێکی ئەوتۆ بە ناوی نەتەوەی کوردەوە لە ئارا دانییە.

ئەو هەوڵانەش کە نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەی دەن زۆرتر لە چوارچێوەی پەیوەندی دەوڵەتی هەرێم دا بۆ ڕاکێشانی سەرنجی ناوەندە نێونەتەوەییەکان، دەوڵەتان و شیرکەتە نێونەتەوەییەکانە لە باری ئابووری و بازرگانییەوە و پشت بە پرۆژەیەکی نەتەوەیی نابەستێ بۆ وروژاندنی باس لە سەر داخوازییە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لە هەموو کوردستان. دیارە ئەو هەوڵانەی حکوومەتی هەرێمی باشوری کوردستان بە کەڵک و پیرۆزن، بەڵام بە دوای مەسەلە گشتییەکەوە نین و لەو بارەوە پرۆژەیەکی تایبەتیشیان نییە.

هەوڵی حیزب و ڕێکخراوە جۆراو جۆرەکانیش زۆرتر پشت دەبەستنن بە هەل و مەرجی ڕۆژ و بە پێی ئیمکاناتی خۆیان و کەش و هەوای سیاسی دەجولێنەوە. ستراتیژیی نەتەوەیی، پلان و بەرنامە و لە کۆتایی دا پرۆژەی نەتەوەیی لە و هەوڵانەدا بەدی ناکرێ. هیچ کام لە حیزبەکان بە تەنیا ناتوانێ ئیددیعا بکا کە نوێنەری نەتەوەی کوردە، یا تەنانەت نوێنەری ئەو بەشە لە کوردستانە کە چالاکیی سیاسی تێدا ئەنجام دەدا.

بۆیە بەداخەوە دەبێ بڵێم کە لە کۆڕ و کۆمەڵە نێونەتەوەییە کان و لە لای دام و دەزگا نێودەوڵەتییەکان هیچ نوێنەرێکی هەموو نەتەوەی کورد چالاک نییە. کوردستانیانی دەرەوەی وڵات بەسەر کۆمەڵێک حیزب و لایەن دا بەش بوون و زۆرتر خەریکی ناساندنی حیزب و ڕێکخراوەکانیانن تا ناساندنی گەلی کورد و مافە پێشێلکراوەکانی. ئەگەر وەزعی کوردەکانی هەر وەڵاتەش بە جیا چاو لێ بکەین مەسەلەکە فەرقێکی ئەوتۆ ناکا. ئەوەندە جیاوازییە نەبێ کە سەبارەت بە باشووری کوردستان ئیشارەمان پێ کرد.

دیارە دەبێ ئیشارە بەوە بکەم کە ئەگەر لە ئاستی حیزبی دا چاوی لێ بکەین، زۆر کار کراوە. بۆ وێنە کوردەکانی باشوری کوردستان هەر لە شەستەکانەوە، لە ڕێگای نوێنەرایەتیی شۆڕشی ئەیلوول، سەرۆک مستەفا بارزانی و پارتی

ڕێکخراویشەوە بێ، بەڵام چالاکیی بەرچاویان هەیە. لەو ساڵانەی دوایی دا کوردەکانی باشووری بچوکیش واتە کوردستانی سوریە لە زۆر مەیدان دا چالاکن.

هەرچەند ئێستاشی لە گەڵ بێ کوردەکان هەوڵیان نەداوە سەر بە هەموو ئەو دام و دەزگا و ناوەندە نێو نەتەوەییانە دا بکەن کە بۆ



دیموکڕاتەوە چالاکیان هەبووە. یەکیەتی نیشتمانیی کوردستان لە حەفتاکانەوە بەڕێبەرایەتی بە ڕێز مام جەلال چالاک بووە. کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەر لە حەفتاکانەوە لە ڕێگای نوێنەرایەتی حیزبی دیموکڕاتی کوردستان و بە پێشەنگی شەهید دوکتور قاسملوو زۆر چالاک بوون و لە نەوەدەکانیشەوە پارتی کرێکارانی کوردستان و دام و دەزگاکانی سەر بەو پارتە بۆ باکووری کوردستان زۆر چالاک بوون. ئێستاش کە خەڵکێکی زۆری کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان لە تاراوگە دا دەژین، هەرچەند بە ناوی حیزب و

دەنگدانەوەی مەسەلەکەیان زۆر گرنگن. بۆ وێنە دیپلۆماسی و لابی گەریی کورد لە میدیای دەرەوە دا لاوازە. هەروەها لە ڕێکخراوەکانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، گەلانی دنیادا و لە بۆند یەکییەتییەکان دا جێ پێی کورد زۆر دیار نییە. دیارە پێویستە ئەوە بڵێین کە حیزبی دیموکڕات لەو بارەوە دەکرێ بە پێشەنگ دابنرێ. بە هەوڵ و تێکۆشانی ڕێبەری شەهید دوکتور قاسملوو و بە درێژەدانی ڕێگای ئە و توانراوە لە زۆر کۆڕ و کۆمەڵی نێو نەتەوەیی دا کار بکرێ و تا ئێستا هەنگاوی باش هە ڵێنراوە. لە دوای لەتبوونیشەوە حیزبی دیموکڕاتی

کوردستان(حدک) هەوڵی زۆری داوە کە ئەو حزوور و پەیوەندییانە درێژە پێ بدا، باشتر ئۆرگانیزەیان بکا و تەنانەت بەر بڵاوتریشیان بکا. دەکرێ بڵێین کە لە زۆر بواردا سەرکەوتووش بووە و ئەنجامی باشی بە دەست هێناوە. هەرچەند بەداخەوە لە تبونیش لە هێندێک بواردا شوێنەواری نامەتڵوبی خۆی نیشان داوە و کاری دیپلۆماسیی دژوارتر کردووە.

کارێکی زۆر گرنگ کە حیزبی دێموکڕاتی کوردستان توانیویەتی بیکا ئەوەیە کە خەباتی حیزب و جووڵانەوەی کوردی لە ڕوژهەڵاتی کوردستان، وەک خەباتێکی دێموکڕاتیخوازانە و جووڵانەوەیەکی ئاشتیخوازانە ناساندوە، کە پشت بە کۆنوانسیۆن و قەرارداده نێو نەتەوەییەکان دەبەستێ لە بەرخورد لەگەڵ مافی مرۆڤ دا. زۆربەی کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکانی وەک ئەمنێستی ئینتەرناشناڵ، ڕیکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئینتەرناشیۆناڵی سۆسیالیست، یەکیەتی ئورووپا، لیبڕاڵ ئینتەرناشناڵ، ڕێکخراوی ژنێفا کاڵ و ... هتد و تەنانەت دەوڵەتە کانیش ئەو ڕاستییە یان نیسبەت بە خەباتی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و حیزبی دێموکڕاتی کوردستان قەبووڵ کردووە.

حدک لەو ماوەیە دا هەوڵی داوە پەیوەندییە دیپلۆماتییەکان بەر فرەوانتر، کانالیزە و بەردەوامتر بکا. بەتایبەت کە زۆرتر بەشیوەی ئۆرگان کار کراوە تا فەردی و پەیوەندییەکان بەو ئاراستەیەدا تەنزیم کراون کە ببنە پەیوەندیی نێوان ئۆرگان و ئۆرگان. لە هەموو ئەو وڵاتانەی کە ڕێکخراوی حیزبی لێیە کارکراوە بۆ ئەوەی پەیوەندیی نێوان ڕێکخراوی حیزبی و ڕێکخراوە سیاسییەکان پێک بێ. هەروەها گرنگیی تایبەت دراوە و دەدرێ بە هێندێک ناوەندی وەک پارڵەمانی ئورووپا، ڕێکخراوی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان(ژنێڤ)، لەندەن و ئەمریکا وەک دوو ناوەندی گرنگ.

لە ڕێکخراوەکانی باشووری کوردستانیش دا یە کیەتیی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دێموکڕاتی کوردستان توانیویانە زۆر باش جێگای خۆیان وەک دوو ڕێکخراوی کوردی کە دەسەڵاتی بەشێک لە کوردستانیان بەدەستەوەیە و لە ڕاددەی عێڕاقیش دا نفووز و شوێنکارێکی گەورەیان هەیە. یەکیەتیی نیشتمانی کوردستان تەنانەت ئەندامی ڕەسمی ئینتەرناسیۆناڵی سۆسیالیستیشە.

بەڵام هەموو ئەو هەوڵ و چالاکییانەش نەیان توانیوە نرخی تەواوی خۆی بە دیپلۆماسی نەتەوەی کورد وەک نەتەوە بدەن. کورد ئەگەر بیهەوێ مەسەلەکەی خۆی بە جیهانی بکا و لە دەرفەتێکی گونجاو دا مافی نەتەوەیی خۆی بە جیهانیان بقەبولێنێ، پێویستە نوێنەرایەتی نەتەوەیی هەبێ و هەر بەو ناوەشەوە خۆی بە کۆڕ و کۆمەڵە نێو نەتەوەییەکان و هەروەها ناوەند و دام و دەزگا نێو نەتەوەییەکان بناسێنێ.

جێگای خۆیەتی بە کەڵک وەرگرتن لە تاقیکردنەوەو سەرکەوتنەکانی گەلانی دیکە ئێمەی کوردیش لە مەسەلەکەمان ببینە خاوەن و خۆ دەرباز کەین لە چوارچێوەی تەسکی بۆچوونی حیزبایەتی. هەوڵەکان چر کەینەوە لە سەر ناساندنی مەسەلەی کورد بە جێگای ناساندنی حیزب و ڕەقابەتی حیزبی لە و بوارەدا.

لە و ٣ نموونەیەی کە لە بە شەکانی پێشودا باسیان کرا کەڵک وەرگرین و هەنگاوەکانی ئەو نەتەوانە ی کە سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە بکەینە دەرس بۆ تێکۆشانی خۆمان. ئەوەش تەنیا بەوە دەکری کە : حیزب و ڕێکخراوە کوردستانییەکان هەرنەبێ لە دەرەوەی وڵات یەکبگرن و نوێنەرایەتییەکی کوردستانی پێکبێنن. لابی گەری نەتەوەیی دەست پێ بکەن و مەسەلەی کورد بخەنە ڕۆژەوی ناوەندە بڕیاردەرەکانی جیهانەوە.

دیارە ئەوەش هێچ ڕێگا لەوە ناگرێ کە هەر حیزبەش بە جیا خەباتی دیپلۆماسی و سیاسیی خۆی درێژە پێ بدا و لە کۆڕو کۆمەڵە و بۆندە نێونەتەوەییەکان دا جێگای خۆی بکاتەوە. ئەوە نەک تەنیا بەزیانی مەسەلە گشتییەکە نییە، بەڵکو زۆر یارمەتیش دەکا بە کاراتر بوون و بەهێزتر بوونی مەسەلە گشتی یەکە.

# لەسەرکار لابردنی نائاسایی وەزیری دەرەوەی رێژیم

حەسەن شێخانی

چەند حەوتوو لەمەوبەر مەحموود ئەحمەدی نژاد سەرۆک کۆماری ئێران، مەنووچێهری موتتەکی وەزیری دەرەوە، لە حاڵێکدا لە سەفەری ڕەسمی لە وڵاتی سێنێگال بوو، لەسەر کار لابرد و دوکتور عەلی ئەکبەر ساڵحی سەرۆکی ڕێکخراوی وزەی ئەتۆمیی ئێرانی کردە سەرپەرەستی وەزارەتی دەرەوە. هاوکات بریکاری چاپەمەنیی وەزارەتی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامی لە لایەن وەزیری فەرهەنگ و ئیرشادەوە لەسەر کار لابرا. هەر لەو ماوەیەدا سەرۆکی ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوانی ئێرانیش ماڵئاوایی لە پۆستەکەی کرد.

گۆڕینی وەزیر لە لایەن سەرۆک کۆمار یان سەرۆک وەزیران لە هەموو وڵاتانی دنیادا دیاردەیەکی ئاساییە. هەروەها ئەوەش شتێکی سرووشتییە کە لەبەر جیاوازیی زۆری بۆچوون یان ئەکتیڤ نەبوون و بەڕێوەبەرێتیی لاواز، گۆڕانکاری لە کابینەی دەوڵەتان دا بێتە ئاراوە. بەڵام بۆچی لابردنی مەنووچێهر موتەکی وەک مەسەلەیەکی ئاسایی مامەڵەی لەگەڵ نەکراو پەراوێزی زۆری لێکەوتەوەو باس و شرۆڤەی جۆراوجۆری بەدوای خۆیدا هێنا؟ لە وڵامی ئەم پرسیارەدا هەڵوێستە لەسەر دوو هۆکاری سەرەکی دەکرێ:

١)هەروەک ئاماژە کرا مەنووچێهر موتتەکی لەحاڵێکدا لە سەفەرێکی ڕەسمی لە سێنێگال بوو لەسەر کار لابرا. بە چەشنێک مووتتەکی بڕیاری لەسەرکار لابرانی خۆی بۆ یەکەم جار لە زاری بەرپرسانی سێنێگالییەوە دەبیسێ. بۆ یەکەم جارە لە هەموو دنیادا کە سەرکۆمارێک وەزیرەکەی بەم شێوەیە لەسەرکار لابەرێ. لە هیچ وڵاتێکی دنیادا سەرکۆمار یان سەرۆک وەزیران بێ ئاگاداری پێشوو و لە حاڵێکدا وەزیرەکەیان لە سەفەرێکی ڕەسمی دابێ، لەسەر کاری لانابەن. لابردنی موتەکی بەم شێوەیە نەریتێکی تازەیە کە دژی هەموو یاساکانی سیاسی و دیپلۆماتیکە. هەروەک

کاتی لەسەر کار لابرانی و نە لە ڕێورەسمی خواحافیزی و ناساندنی سەرپەرستی نوێی وەزارەتی دەرەوە

**تا هەنووکەش بەیتی ڕێبەری دەسەڵاتی سەرەکییە لە ئێراندا و پۆستی وەزارەتی دەرەوە بە هەر کەسێک بدرێ ئەوە ناگەیەنێ کە بڕیاردەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەلی فەقیە و بەیتی ڕێبەری نییە**

مەنووچێهر موتتەکی دەڵێ: ئەم شێوازی لەسەر کار لابرانە، غەیرە ئەخلاقی و پێچەوانەی هەموو نەریتێکی سیاسی و دیپلۆماتیکە. هەروەها مووتتەکی دەڵێ: بە پێچەوانەی قسەکانی ئەحمەدی نژاد و سەرۆکی نووسینگەکەی،نە لە

ئاگادار نەبووە.

پرسیار ئەوەیە بۆچی ئەحمەدی نژاد بەم شێوەیە مەنووچێهر موتتەکی لەسەر کار لابرد؟ موتتەکی هەر لە سەرەتاوە ئەندامی تیمی ئەحمەدی نژاد نەبوو و زیاتر لە ڕەوتی «لاریجانی» نزیک بوو.

لەهەڵبژاردنەکانی سەرکۆماریی ساڵی٨٤ دا مووتتەکی سەرۆکی ستادی پڕوپاگەندەی عەلی لاریجانی بوو. دەگوترێ مووتتەکی وەک وەزیری دەرەوە هەڵبژاردەی ئەحمەدی نژاد نەبوو بەڵکو لە لایەن بەیتی ڕێبەرییەوە بەسەر ناوبراودا سەپابوو. مووتتەکی لە زۆر بواردا لەگەڵ ئەحمەدی نژاد جیاوازی بۆچوونی هەبوو بە چەشنێک ئەم جیاوازی بۆچوونە وایکردبوو چەندین باڵوێزخانەی ئێران لە وڵاتانی جیهاندا بێ باڵوێز بمێننەوەوتەنیا سەرپەرستێک بەڕیوەیان بەرێ. ئەو باڵوێزانەی موتتەکی پێشنیاری دەکرد ئەحمەدی نژاد قبووڵی نەبوون و بە پێچەوانە. بەپێی ئەم دۆخەی باس کرا موتتەکی زیاتر لە ڕێبازی سیاسیی خامنەیی نزیک بوو و ڕاپۆرتی

دەدایە ناوبراوو زیاتر گوێبیستی ڕێنوێنییەکانی ڕێبەری بوو. لە هاوینی رابردوودا کە ئەحمەدی نژاد چەندین نوێنەری تایبەتی بۆناوچە جۆراوجۆرەکان دیاری کرد لەگەڵ ڕەخنەی خامنەیی و بە دوای ئەویشدا موتتەکی بەرەوڕوو بوو وئەحمەدی نژادیان لە هاوتەریب کاری لە سیاسەتی دەرەوەدا وشیار کردەوە. ئەوە بوو سەرئەنجام ئەحمەدی نژاد بە بڕیارەکەی دا چۆوە و نوێنەرانی تایبەتی گۆڕێ بۆ ڕاوێژکارانی سەرکۆمار. بەم پێیەو وەک باس دەکرێ موتتەکی ئەو کەسە نەبوو کە ئەحمەدی نژاد دەیویست ووانەبوو کە بڕیارەکانی ئەحمەدی نژاد بێ ئەملاو ئەولا جێبەجێ بکا. هەمووی ئەوانە بوون بە هۆی ڕقێکی پەنگ خواردووی ئەحمەدی نژاد و وای لێکرد بە شێوەیەکی بێ تەگبیر هێزی خۆی دەرببڕێ و بە شێوەیەکی نائاسایی موتتەکی لەسەر کار لابەرێ.

ڕۆژنامەی کەیهان کە ڕەنگدانەوەی بیروبۆچوونەکانی بەیتی ڕێبەرییە، هۆکاری ئەم کردەوەیەی ئەحمەدی نژاد بۆ خۆپەسندی، خۆشەیدایی و سەرنج نەدان بە ڕەخنەی «مؤمنان» لە لایەن ئەحمەدی نژاد و بە تایبەتب بازنەی

ل ١٠

# بەرەو کۆنگرەی پازدەیەم

## ورووژاندنی چەند خاڵێک لە بەرایی باسەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەدا

قادر وریا

**پێشەکی:**

**بە پێی پێڕەوی نێوخۆی حیزبی دیموکراتی کوردستان (پەسندکراوی کۆنگرەی چاردەیەم)، کۆنگرەی حیزب هەر سێ ساڵ جارێک دەبەسترێ. کۆنگرەی چاردەیەمی حیزب لە نیوەی دووهەمی رەشەمەی ١٣٨٦ (نیوەی یەکەمی مارسی ٢٠٠٨)دا پێک هات. بەم پێیە بۆ سێ ساڵەی کۆنگرەی چاردەیەم، ماوەیەکی زۆرمان نەماوە.**

**ئەوە گرنگ نییە کە کۆنگرەی ١٥، راست لە سێ ساڵەی کۆنگرەی ١٤دا، یا کەمێک زووتر یا درەنگتر پێک دێ. پێکهاتنی کۆنگرە، چەند مانگ درەنگتر یا زووتر لە کاتی خۆی، شتێک لەو راستییە ناگۆڕێ کە ڕێبەریی حیزبی دیموکراتی کوردستان بە پێڕەوی نێوخۆی حیزب، پابەندەو لە پێکهێنانی کۆنگرە، بە هیچ پاساوێک خۆ نابوێرێ. ئەوەی لە روانگەی ڕێبەری و کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی ١٥ەوە گرنگە ئەوەیە کە کۆنگرەیەکی بە نیوەرۆک و سەرکەوتوو، پێک بێنێ.**



کومیتەی ناوەندیی حیزب، لە کۆبوونەوەی جۆزەردانی رابردوی خۆی دا، کومیتەیەکی تایبەتیی بۆ ئامادە کردنی کۆنگرەی پازدەیەم پێک هێنا. لە تازەترین پلینۆمی کومیتەی ناوەندییش دا کە لە نێوان ٢٤ تا ٢٦ی سەرماوەزی رابردوودا پێک هات، ڕێنوێنی و ڕێوشوێنی پێویست بە کومیتەی ئامادەکردن درا تا کارەکانی خۆی دەست پێ بکا.

تا ئەو جێگایەی دەگەڕێتەوە سەر کومیتەی ئامادەکردن و ئۆرگانە پێوەندیدارەکان، پێویستە هەموو هەوڵی خۆیان بخەنە گەڕ بۆ ئەوەی ئەرکە پێ سپێردراوەکانیان بە باشترین شێوە جێبەجێ بکەن و زۆرترین دەرەتان و دیموکراتیکترین میکانیزم و شێوازەکان دابین بکەن بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکانی حیزب لە کوردستان و دەرەوەی وڵات، چالاکانە لە کاروباری پێوەندیدار بە پێکهێنانی کۆنگرە و هەڵبژاردنی نوێنەرانیان دا، بەشدار بن. لەسەر ئەندامانی حیزبیش - لەهەر شوێنێکن و لە هەر پلەیەکی تەشکیلاتی دان - پێویستە لە هەموو کاروبارەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەدا بەشدار بن بۆ ئەوەی لە لایەکەوە بە بەشداریی فکری و نەزەریی خۆیان، باسە فکری، سیاسی و تەشکیلاتییەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرە و کۆڕ و کۆبوونەوەو سمینار و کۆنفرانسەکان دەوڵەمەند بکەن. لە لایەکی دیکەشەوە هەوڵ بدەن نوێنەرانێک بنێرنە کۆنگرە کە بە باشی لە عۆدەی هەر دوو ئەرکی گرنگی ١- موناقشە و هەڵسەنگاندن و بریار لە سەردانی گەڵاڵەی پەسندکراوەکان و ٢- هەڵبژاردنی ڕێبەریی نوێی حیزب بێنە دەر.

لەبەر رووناکایی ئەم پێشەکییە، لە بەرایی باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرەی پازدەهەم دا، ورووژاندنی چەند خاڵێک بە پێویست دەزانم:

### کۆنگرەی پازدەیەم، درێژەی کۆنگرەی ١٤

بە بێ هیچ دەمارگرژییەک دەتوانین بڵێین کۆنگرەی ١٤ی حیزبی دیموکراتی کوردستان، لە زۆر بارەوە، بە یەکێک لە درەوشاوەترین کۆنگرەکانی مێژووی حیزبی دیموکرات دادەنرێ.

دەوڵەمەندیی ئەو باس و بابەتانەی لە نێوخۆ و دەرەوەی حیزب دا، لە چەند مانگ پێش کۆنگرەوە، نووسران و پێشکەش کران؛ کەڵکوەرگرتن لە میکانیزمی نوێ و جیاواز بۆ ئەوەی جۆراوجۆرییەکانی نێو حیزب لە کۆنگرەدا، نوێنەری خۆیان هەبێ؛ پەسندکردنی بەرنامە و پێڕەوێکی نێوخۆی تازە بۆ حیزب کە قووڵبوونەوەی روحی نەتەوەیی و دیموکراتیکتر بوون بە رووی نێوخۆ و دەرەوەدا لە گرنگترین تایبەتمەندییەکانی بوون؛ بایەخدان بە حزووری لاوان و ژنان و توێژی رووناکبیر لە کۆنگرە و ڕێبەریی حیزب دا؛ پێداچوونەوەی رابردوو بە چاوێکی رەخنەگرانەوە و دانانی بە کۆمەڵێک لە کەم و کورییەکانی رابردوو؛ دیار بوونی ئیرادەی خۆنوێکردنەوەو نوێبوونەوە بە زۆربەی بڕیار و پەسندکراوەکانەوە؛ هێندێک لەو خاڵ و تایبەتمەندییانەن کە کۆنگرەی چاردەیەمیان پێ دەناسرێتەوە.

نابێ پێمان وابێ ئەو تایبەتمەندییانە تەنیا بۆ سەر فەسڵێک لە تێکۆشانی حیزب و تەنیا بۆ یەکەم کۆنگرەی دوای لەتبوون، پێویست بوون. بە پێچەوانەوەئەو تایبەتمەندییانەو ئەو گیان و ئیرادە نوێخوازەی ئەم تایبەتمەندییانە و کۆنگرەی چاردەیان لێکەوتەوە، بوون بەو سەرمایە بەنرخە کە هەڵدان و گەشە کردن و چوونە سەری ئیعتباری حیزبی دیموکراتی کوردستانیان لە ئاستی جۆراوجۆردا، بە دوادا هات. هەر بۆیە پێویستە ئەزموونەکانی کۆنگرەی ١٤ کەڵکیان لێ وەربگیرێ و بە سەرنجدان بە خاڵە لاواز و بە هێزەکانیان، بەستێنێکی گونجاوتر بۆ درێژەدانیان ئامادە بکرێ.

### بۆ چی کۆنگرە دەگرین؟

هەڵەیە ئەگەر کۆنگرە تەنیا سەبارەت بە رەچاوکردنی ئەسلێکی ئەساسنامەیی و تەنیا لە پێناوی وەفاداری بە پێڕەوی نێوخۆدا، بگرین. لەو حاڵەتەدا، کۆنگرە دەبێتە شتێکی کلیشەیی و رواڵەتی و، ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ژیان و چارەنووسی حیزب دا نابێ. دەبێ مەبەستمان لە گرتنی کۆنگرە، چاو پێداخشاندنەوەی بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی حیزب لە بواری جۆراوجۆر لە نێوان دوو کۆنگرە دا، نرخاندنی سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب لە کۆنگرەی پێشووە تا ئێستا،
تا و و تو یکر د نی
کارنامەی ڕێبەریی حیزب و رادەی سەرکەوتنی لە جیبەجێکردنی بڕیارەکانی کۆنگرە و ئەرکەکانی سەرشانی دا و هەڵبژاردنەوەی ڕێبەری و دەستاودەست کردنی دەسەڵات، بە شێوەیەکی واقیع بینانە، مونسیفانە و دیموکراتیک بێ. لە رەوتی جێبەجێکردنی هەر کام لەو ئەرکانەش دا، دەبێ رووداو و ئاڵوگۆڕە جۆراوجۆرەکان لە ئاستی کوردستان، ئێران، ناوچەو جیهان دا و شوێندانیان لە سەر تێکۆشان و سیاسەتەکانی حیزب و پێویستیی بایەخ پێدانیان لە تەحلیل و لیکدانەوەی سیاسی و دیاریکردنی ڕێبازی سیاسی و شێوەی تێکۆشان و ئەرکەکانی داهاتوودا، لە بیر نەکەین. تەنانەت ئەگەر لە هەمووی ئەو بوارانەشدا، رازی بین و بۆ وێنە بە چاوێکی رەزامەندانە بڕوانینە بەرنامە و پێڕەوی پەسەندکراوی کۆنگرەی پێشوو، سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب لەم ٣ ساڵەشدا بە درووست بزانین، کارنامەی ڕێبەری و تێکۆشانی حیزب لە بواری جۆراوجۆردا بە سەرکەوتوو دابنێین، دیسان، هێنانەوە بەرباسیان لە بەرزترین ئۆرگانی حیزب دا و مەشروعییەت پێدانەوەیان لە لایەن نوێنەرانی سەرجەم ڕێکخراوەکانی حیزبەوە، کارێکی پێویستە. لەم بارەیەوە دەبێ یەک خاڵی بنەڕەتی لە بیر نەکەین. نە خۆ گێلکردنی بە ئەنقەست لە لاوازی و کەم و کوڕییەکان و تەنیا زەق کردنەوەی خاڵە بەهێزەکان لە پێداچوونەوەی کار و تێکۆشانی حیزبی دا، دەبێتە هۆی سەرکەوتنی کاروباری کۆنگرە، نە چاوپۆشیی عەمدی لە دەسکەوتەکان و بەرەوپێشچوونەکان و تەنیا دیتنی لاوازی و کەم و کورتییەکان دەمانگەیەننە ئاکامێکی دروست.



دیمەنێک لە کۆبوونەوەی هاوبەشی تێکۆشەرانی حیزب و کومیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی ١٥

**لە ئێستاوە تا کۆنگرە پێویستە ریزەکانی حیزب لەو ماف و دەرفەتانەی هەرچی زیاتر کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی زۆربەی پرسە سیاسی وتەشکیلاتییەگرینگەکان، بەر لە پێکهاتنی کۆنگرە موناقشەی پێویستیان لەسەر کرابێ و بە ئامادەکراوی بچنە کۆنگرە**

### لە ئێستاوە تا کۆنگرە

ئازادیی رادەربڕین لە نێوخۆی حیزب و تەنانەت لە دەرەوەی حیزب (لە هێندێک بواردا)، ئەو مافەیە کە حیزبی دێموکراتی کوردستان، بۆ ئەندامانی خۆی بە رەسمیی ناسیوە. جگە لەوەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەی حیزبی دا، ئەندامانی حیزب هەقیان هەیە لەسەر هەرکام لە روانگەو سیاسەتەکانی حیزب، تەنانەت لەسەر دروشمی ستراتیژی و ئامانجە درێژخایەنەکان و لەسەر هەرکەس و ئۆرگانێک نەزەرێکیان هەیە دەری ببڕن، لە رۆژنامەی «کوردستان» ئۆرگانی حیزب و لە سایتی ناوەندیی حیزبیشدا لاپەڕە و لینکی تایبەتی بۆ نووسین و بابەتەکانی تایبەت بە کۆنگرە، تەرخان دەکرێن. چوارچێوە و مەرج و ڕێوشوێنی پێویست بۆ بڵاوبوونەوەی بابەت لە لاپەڕە و لینکی تایبەت بە کۆنگرەدا، بە زویی رادەگەیەندرێن. هەروەک لە مانگەکانی پێش کۆنگرەی چاردەیەم دا شاهید بووین، کۆبوونەوەکانی تایبەت بە باسی ئازاد کە لە بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزب دا بەڕێوە دەچوون، یارمەتیی زۆریان بە کردنەوەی فیکریی بەشداران و دەوڵەمەند بوونی باس و بابەتەکانی پێوەندیدار بە کۆنگرە کرد.

لە ئێستاوە تا کۆنگرە پێویستە ریزەکانی حیزب لەو ماف و دەرفەتانەی هەرچی زیاتر کەڵک وەربگرن بۆ ئەوەی زۆربەی پرسە سیاسی وتەشکیلاتییەگرینگەکان، بەر لە پێکهاتنی کۆنگرە موناقشەی پێویستیان لەسەر کرابێ و بە ئامادەکراوی بچنە کۆنگرە. لە راستیدا کۆنگرە نە سمینار و کلاسی دەرسە، نە ئەوەندەی وەخت بە دەستەوەیە کە بۆ هەر پرسێکی سیاسی و تەشکیلاتی چەند رۆژ، وەخت تەرخان بکا. ئەگەر هەرکام لە ئەرکەکانی کۆنگرە، باس لەسەر بەرنامە و پێڕەوی نێوخۆ، هەڵسەنگاندنی کارو تێکۆشانی نێوان دوو کۆنگرە، چۆنیەتیی هەڵبژاردنی ڕێبەری، دیاریکردنی هێڵە گشتییەکانی ڕێبازی حیزب، بڕیارنامەکان و ئەرکەکانی داهاتوو، پێشتر لە بەر رووناکایی باس و موناقشەیەکی زیندووی ئەندامانی حیزب دا، گەڵاڵە و ئامادە کرابن، کۆنگرە بە بێ ئەوەی ماوەیەکی زۆر بخایەنێ، دەتوانێ سەرکەوتووانە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ بکا.

با لە بیرمان بێ، ئێمە لە پێش کۆنگرەی ١٤ەوە بڕیارمان داوە نوێ ببینەوە. نوێبوونەوە هەروا کە لە مەجالی بیرکردنەوەو روانینی سیاسی دا پێویستە، لە باری بەڕێوەبەرێتی و ڕێکخستن و ئیدارەی کاروباری رۆژانەی حیزبیشەوە پێویستە. با دەرفەت و سازو کاو ئامرازو میکانیزمی نوێ بۆ رایی کردن و جێبەجێکردنی کارو باری پێوەندیدار بە کۆنگرەی ١٥، دابێنین و لە پێناوی دەوڵەمەند کردنی کۆنگرەی بەردەممان دا، زۆرترین کەڵک لە ماوەی ئێستا تا کۆنگرە وەربگرین.

# گوتاری مافی مرۆڤ لە کوردستان و هەڵوێستی برا فارسەکانمان!

ئارام ئیبراهیم خاس
وەرگێڕان بۆ کوردی: سیروان مووساپوور



ئامانجی ئەم نووسینە ڕەتکردنەوە و نکۆڵی لە خەباتی شێلگیرانەی نەتەوەکانی تری ئێران لە ڕێگای ڕزگاری لە ژێر زەبر و زەنگی دیکتاتۆریی ئایینی و وەدەستهێنانی مافە نەتەوەییەکانیان نیە. ئەوەیکە لە درێژەی ئەم نووسراوەیەدا دەیخوێننەوە، ڕەخنەگرتنە لە کار و کردەوەی ئەو تاک، لایەن و ڕاگەیەنانەی کە ناوێکی قەبەیان بە خۆیان هەڵواسیوە و خۆیان بە بەرپرس و بەرعۆدەی پەیامێکی گەورە و گرینگ دەزانن بەڵام لە کردەوەدا لە چوارچێوەی ڕوانگە و بۆچوونە نەخۆشەکانیاندا قەتیس ماون.

لە ساڵانی ڕابردوودا بە تایبەت لەم دەیەی دواییدا، گوتاری مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی لە مافە سەلمێنراوەکانی تاک بۆتە گوتارێکی باو لە ئاستی کۆڕ و کۆمەڵە ڕۆشنبیری و سیاسییەکان و ئاراستەیەکی زاڵ لە کەشی سیاسیی ئێرانی بە خۆوە گرتووە. هەڵبەت نابێ ڕۆڵی کۆمەڵگای نێونەتەوەییش لەم پێوەندییەدا لە بیر بکەین کە بە لە ژێر گوشارنانی کۆماری ئیسلامی بە هۆی پێشێل کردنی مافەکانی مرۆڤ وەک پشتیوان و بانگەشەکاری ئەم دیسکۆرسە لە بەرامبەر سیاسەتە دژە بەشەرییەکانی ڕێژیمی تاران هەنگاوی هەڵێناوەتەوە.

لەم قۆناغەدا کەسانێکی زۆر لە ناوەوە و دەرەوەی ئێران و کوردستان، پێیان ناوەتە ئەم گۆڕەپانە و چالاکییەکانیان لەم چوارچێوەیەدا چڕ کردۆتەوە. لە وڵاتێکی وەک ئێراندا کە لە ژێر سایەی شوومی دیکتاتۆریی ئاخوندی دایە و توتالیتاریزم، دژایەتی تاک و دوژمنایەتی لەگەڵ هەر جۆرە هزر و بیروباوەڕ و ڕادەربڕین لە بەرنامەی کاری کاربەدەستانی حکومەتی دایە، زۆرن ئەو کەسانەی کە لە بڕینی ئەم ڕێگا پڕ لە کەند و کلۆیەدا، نرخی زۆر و گران دەدەن و زۆر جار گەورەترین سەرمایەی ژیانیان واتە گیانیان لە ڕێگای وەدیهاتنی ئەم ئامانجە بەرزانە بەخت دەکەن یان بە تێپەڕاندنی زیندانی درێژخایەن و ئەشکەنجە و ئازاری خەستی ڕووحی و جەستەیی، بە خەبات لە گرتووخانەدا، لەگەڵ کۆماری ئیسلامی لە ململانێیەکی سەخت و دژوار دان.

هەڵبەت لەوانەیە ئاراستە و گوتاری مافەکانی مرۆڤ بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و ژێرستەمی وەک نەتەوەی کورد، گوتارێکی ڕزگاریدەر نەبێ بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا گوتارێکی کاریگەر و خاوەن ئێعتباری نێونەتەوەیی یە. هەر بۆیە هەوڵەکان لە بواری جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی لێیان دەتوانێ لە درێژخایەندا کاریگەری ئەرێنی لە داهاتووی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بە جێ بێڵێ.

بەڵام ئەوەیکە مەبەستی سەرەکیی نووسینەکەی ئێمەیە، شێوازی هەوڵدان و لێڕوانینی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەی فارس و چۆنیەتیی هەڵسوکەوتی ئەوان لەگەڵ مەسەلەی پێشێلکرانی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان و ڕیشەدۆزی هۆیەکانی بێدەنگیی کارەساتبار و نابەرپرسانەی چالاکان و لایەنە سیاسی و مەدەنی و مافەکانی مرۆڤی سەر بە نەتەوەی فارس و ڕاگەیەنە گشتی و هەواڵدەرییەکانی ئەوانە ــ کە هەر هەموویان خۆیان بە دژبەری تەواوییەتی کۆماری ئیسلامی یان بەشێک لەو ڕێژیمە دەناسێنن بەڵام لە بەرامبەر پێشێلکرانی بەردەوام و سیستماتیکی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان بێدەنگن.

لە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ وەها گوتار و بابەتێکدا، پرسیارگەلێکی زۆر دەخزێتە مێشکی مرۆڤەوە، بە ڕاستی کام یەک لە ئیددیعاداران و بانگەشەکارانی داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤی ئێرانی چ لە ناوخۆ و چ لە دەرەوەی ئێران، چ وەک کەسایەتییەکی سەربەخۆ و چ وەک نوێنەری لایەنێکی سیاسی، لانی کەم بۆ تەنیا جارێک پێشێل کردنی بەردەوامی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانیان کە لە لایەن ئۆرگان و ناوەندە سەرکوتکارەکانی ڕێژیمی ئاخوندی بووە بە کارێکی ئاسایی و ڕۆژانە، مەحکووم کردووە؟!

کام یەک لە داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤی ئێرانی کە هەمیشە پێناسەیەکی بان نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی لە چالاکییەکانیان دەخەنە ڕوو، لە هەمبەر بەردەوام بوونی سیاسەتی سەرکوتی توندوتیژانەی ڕێژیمی کۆنەپەرستی ئاخوندی لە کوردستان کە هەمیشە هەوەڵین و دواهەمین سەنگەری خەبات و بەربەرەکانی لە ئێراندا بووە، کام یەک لەم چالاکانەی مافەکانی مرۆڤ یا کام یەک لە کەسایەتی و لایەنە سیاسییەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی لە پێوەندی لەگەڵ دۆخی ترسێنەر و خەمهێنەری مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ئێران، ڕستەیەکیان نووسیوە؟ یان لە مەحکووم کردنی پرۆسەی ئەنفالی ڕۆژانەی نەتەوەی کورد، کامیان تەنانەت قسەیەکیان بەسەر زار و زمانیاندا هاتوە؟

کام یەک لەم برایانە لە کاتی ڕاپەڕینی سەرانسەریی خەڵکی کوردستانی ئێران لە هاوینی ٨٤دا، کە بە دژکردەوەیەکی توندی نیزامیی ڕێژیم وەڵامی درایەوە و بوو بە هۆی کوژران و بریندار بوونی دەیان کەس لە هاووڵاتیانی کورد، دیفاعیان لەم ڕاپەڕینە سەرتاسەرییە کرد یان کۆماری ئیسلامییان بە هۆی جینایەتەکانی کە بۆ ماوەی مانگێک لە مەهاباد، شنۆ، سەقز و شارەکانی تری کوردستان درێژەی هەبوو، ئیدانە و مەحکووم کرد؟

ماوەی چوار ساڵە محەمەد سەدیق کەبوودوەند دامەزرێنەری ڕێکخراوی مافی مرۆڤی کوردستان و باوکی مەعنەویی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان لە دژوارترین دۆخی ڕووحی و جەستەیی و لە ژێر تاقەت پڕووکێن ترین ئەشکەنجەکان دا هەنگاوێک لە هەڵوێستە بەرز و ئینسانییەکانی نەکشاوەتەوە، بەڵام کام یەک لەم چالاک و کەسایەتییانە لە سەفەرەکانی دەرەوەیان، لە سیمینار و کۆبوونەوە پڕ لە هەرا و هۆریاکانی مافەکانی مرۆڤیان لە وڵاتانی دێموکراتی ڕۆژئاوا و لە وتووێژە تەلەوێزیۆنیەکانیاندا لەگەڵ ڕاگەیەنە شۆڤینی یە فارسەکان، بۆ جارێکیش یادێکیان لەم تێکۆشەرەی مەیدانی مافەکانی مرۆڤی کوردستان و ئێران کردوە و تەنانەت ناویان هێناوە؟؟

فەرزادی کەمانگەر، شیرین عەلەم هوولی، فەرهاد وەکیلی، عەلی حەیدەریان، فەسیح یاسەمەنی، ئیحسان فەتاحیان، ئیبراهیم لوتفوڵڵاهی و... تۆ بڵێی بانگەشەکارانی ئێرانیی خەبات بۆ وەدیهاتنی دێموکراسی و داکۆکی لە مافەکانی مرۆڤ بە بیستنی ئەم ناوانە چ شتێکیان بە مێشک دابێ؟

مامۆستایەکی خەباتکار، خوێندکارێکی نیشتمانپەروەر، پێشمەرگەیەکی فیداکار، ژنێکی لەخۆبردوو لە ڕێگای ئازادیی وڵات و.. ئەمانە تەنها بەشێکی بچووکی سامانی مرۆیی نەتەوەی کوردن کە لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا گەوهەری گیانیان بەختی ڕێگای وەدیهاتنی مافەکانی مرۆڤ و دێموکراسی کردوە. بەڵام هەواڵی شەهیدبوونی ئەم ئازیزانە و تەنانەت دواهاتی شەهیدبوونیان کە حەماسەیەکی وەک مانگرتنی سەرانسەری و گشتیی گەلی کورد لە بانەمەڕی ئەمساڵ(لە ماکۆ هەتا ئیلام)ی بەدواوە بوو، لە ڕاگەیەنەکانی براکانمان تەنیا لە ئاستی هەواڵێکی پلە دوو دا خۆی دەرخست.

لەم نێوەدا کاری پارت و لایەنە پان ئێرانیست و شۆڤێنیە فارسەکانیش بە ڕوونی دیار و بەرچاوە کە تەنانەت لە هێنانە سەر زمانی وشەی کوردیش نەترەیان چووە و ترسیان لە دڵ دایە. ئێستا چ بگا بەوەیکە لە مافە بەرحەقەکانی ئەم نەتەوەیە یان لە پێشێل کرانی مافەکانیان لە لایەن دوژمنێکی هاوبەشەوە ـ کۆماری ئیسلامی ـ ورتەیان لەبەر بێتەدەر.

گۆیا هێز و وزەی فەرهەنگی سیاسیی برا فارس زمانەکانمان، توانایی بەرامبەریی لەگەڵ فەرهەنگی سیاسیی تورک زمانەکانی دراوسێشیان نیە و بە درێژایی چەند دەیەی دوایی تەنانەت لە بارهێنانی کەسێکی جیاوازی وەک (ئیسماعیل بێشکچی)ش دەستەوەستان ماونەتەوە. لە ڕاستیدا ئەم شێوە هەڵسوکەوت کردنە لە سەر بنەمای بێ موبالاتی و کەترەخەمیی ئەوان، لەگەڵ نەتەوەیەک کە هەمیشە خۆی بە ئێرانی زانیوە و بە درێژایی خەباتی میللی ـ دێموکراتیکی خۆی، دێموکراسی بۆ ئێرانی لە سەرووی مافە نەتەوەیی و داخوازییە بەرحەقەکانی خۆی داناوە، لەگەڵ شێوازی هەڵسوکەوت و ڕووبەڕووبوونەوەی دوژمنانی دوێنێ و ئەمڕۆی نەتەوەی کورد، جیاوازییەکی ئەوتۆی نییە و ئەم بیرە دەخاتە مێشکی مرۆڤەوە کە ئەم شێوە هەڵسوکەوتە نابەرپرسانەی ئەوان کە هەنووکە لە ڕەدەی دژبەرانی ڕێژیمی ئێستادا یان لە ژێر هەر ناونیشانێکی تردا، لەگەڵ ترس لە جیاوازیخوازی تایبەت بە خۆیان کە بەردی ئێرانی یەکپارچە لە سینگ دەدەن و هاوکات باس لە مافەکانی مرۆڤ و بایەخە لیبراڵی و دێموکراتیکەکانی ڕۆژئاواییش دەکەن، لە چوارچێوەی دژوازیی گوتار و کردەوەدا، موژدەی داهاتوویەک جیا لە ئێرانێکی بێ کوردستان بە کەس نابەخشێ.

> **هەڵبەت لەوانەیە ئاراستە و گوتاری مافەکانی مرۆڤ بۆ نەتەوەیەکی ژێردەست و ژێرستەمی وەک نەتەوەی کورد، گوتارێکی ڕزگاریدەر نەبێ بەڵام لە هەلومەرجی ئێستادا گوتارێکی کاریگەر و خاوەن ئێعتباری نێونەتەوەیی یە. هەر بۆیە هەوڵەکان لە بواری جێگیرکردنی مافەکانی مرۆڤ و داکۆکی لێیان دەتوانێ لە درێژخایەندا کاریگەری ئەرێنی لە داهاتووی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ژێردەسەڵاتی ئێران بە جێ بێڵێ**

درێژەی:

## لەسەرکار لابردنی نائاسایی وەزیری دەرەوەی ڕێژیم

پەراوێزخولقێن (مەبەست ڕەحیم مەشایی سەرۆکی نووسینگەی سەرکۆمارییە) دەگەڕێنێتەوە. «کەیهان» ئەوان لە پەڕاوێز خولقێنی و هەڵڵاو هەنگامە نانەوە کە ڕەنگدانەوەی نێگەتیڤی لەسەر ڕووخساری دیپلۆماتیکی ڕێژیم دەبێ، دوور دەخاتەوە. هەم ڕۆژنامەی کەیهان و هەم سایتی تابناک کە نوێنەرایەتیی بەشێک لە بناژۆخواخەکان دەکا زیاتر ڕەحیم مەشایی دەکەنە ئامانجی ڕەخنەکانیان؛ بەچەشنێک ڕەحیم مەشایی وەک پیاوی پشت پەردەی بڕیارەکانی ئەحمەدی نژاد لە قەڵەم دەدەن. سایتی تابناک نە تەنیا بازنەی پەراوێزخولقێن بە هاندەری سەرەکی ئەم کردەوانە دەزانێ بەڵکوو ئاماژە بەوە دەکا ئەگەر ئەحمەدی نژادیش ئەم بڕیارەی دابێ، دەکرا بازنەی دەورووبەری ناوبراو هەواڵی لەسەر کار لابردنی موتتەکییان یەک ڕۆژ دواتر دابایە ڕاگەیەنەکان بۆ ئەوەی ئەم دەرەنجامانەی لێ نەکەوتبایەوە.

سایتی تابناک هۆکاری لەسەر کار لابرانی مێهرداد بەزرپاش سەرۆکی پێشووی ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوان بۆ ناکۆکی نێوان ناوبراو و ڕەحیم مەشایی دەگەڕێنیتەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکا پێش ئەوەی فەرەحناز تورکستانی بەرپرسایەتیی ڕێکخراوی نەتەوەیی لاوان قبووڵ بکا حوکمی لابردنی سەرۆکی پێشوویان بە ئەحمەدی نژاد واژۆ کردووە. چونکە ئەوان بە ئەحمەدی نژادیان گوتبوو کە خانم تورکستانی ئەم پۆستەی قبووڵکردووە!

ئەم مەسەلەیە کە «کەیهان» و «تابناک» زیاتر ڕەحیم مەشایی دەکەنە ئامانجی ڕەخنەکانیان، دەتوانێ یەکێک لەم دوو هۆکارەی خوارەوەی هەبێ:

ئەلف) هەروەک هێندێک شرۆڤەکاری سیاسی دەڵێن ڕەحیم مەشایی و بازنەی دەورووبەری ئەحمەدی نژاد بڕیاردەری سەرەکین و لە ڕاستیدا ڕەحیم مەشایی سەرکۆماری پراکتیکی و ئەحمەدی نژاد سەرکۆماری رواڵەتی ئێرانە.

ب) یان ئەوەی کە ئەوان بە ئاگایی و تێ بینییەوە ڕووی ڕەخنەکانیان دەکەنە بازنەی پەراوێزخولقێن. ئەوان دووری دەکەن لەوەی کە ڕاستەوخۆ ئەحمەدی نژاد بدەنە بەر ڕەخنەو لەبەر ئەوەی کە ڕەحیم مەشایی ئامانجێکی ئاسانترە و لەنێو زۆربەی بناژۆخوازە سوونەتییەکانیش دا وەک کەسێکی نەویستراو چاوی لێ دەکرێ، ناوبراو دەکەنە ئامانجی هێرشەکانیان و بەم پێیە ناراستەوخۆ ئەحمەدی نژادیش دەدەنە بەر ڕەخنە.

٢) هۆکاری دووەم کە لەسەر کار لابرانی موتتەکی دەکاتە مەسەلەیەکی نائاسایی ئەوەیە کە بە شێوەیەکی نەریتی وەزارەتی دەرەوە یەکێک لەو چەند وەزارەتەیە کە بە بیاڤی کارتێکەری ڕێبەر و لە چوارچێوەی دەسەڵاتەکانی ڕێبەر دا جێ دەگرێ. تەنانەت دەوڵەتی ئیسلاح خوازانیش کە زیاترین مەودای فکری لەگەڵ بەیتی ڕێبەری هەبوو، ملیان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە وەزیری دەرەوە بە لەبەر چاو گرتنی بۆچوون و تێ بینییەکانی ڕێبەر دابنرێ.

مەحموود ئەحمەدی نژاد لە خولی یەکەمی سەرکۆماری دا بە تەواوی ملکەچ و پەیڕەوی وەلی فەقیه بوو بەڵام لە سەرەتای خولی دووهەمەوە چەندین جار ویستوویەتی خۆی نیشان بدا و لە دەرەوەی هۆگری و خواستەکانی ڕێبەر بڕیار بدا. بڕیارگەلێک کە پێناخۆش بوونی ڕێبەری لێکەوتۆتەوە.

زۆر شرۆڤەکاری سیاسی وای لێکدەدەنەوە کە ئەحمەدی نژاد بە ئاگایی و ئامانجدار بە لابردنی موتتەکی ویستی بەتایبەت بە دنیای دەرەوە نیشان بدا کە ئەوە خۆیەتی کە بڕیاردەری سەرەکیی سیاسەتی دەرەوەیە. بەپێی بۆچوونی شرۆڤەکارانی جێی ئاماژە، ئەحمەدی نژاد ویستی چەقی سیاسەتی دەرەوە لە بەیتی ڕێبەرییەوە بۆ سەرکۆماری بگوازێتەوە. هەروەها پێدەچێ پێڕەوانی تیۆریی «نیوحوجەتیزم» لەسەر کار لابردنی مووتتەکی وەک فاکتێک بۆ سەلماندنی تیۆرەکەیان لێکبدەنەوە وپێیان وابێ کە ئەم جەرەیانە کە ئەحمەدی نژاد نوێنەرایەتی دەکا ڕۆژ بە ڕۆژ دەسەڵاتی لە زیادبوون دایە. تا ئەو ڕادەیە کە وردە وردە دەستی خامنەیی لە سیاسەتی دەرەوە کورت دەکاتەوە.

بە بۆچوونی نووسەری ئەم دێڕانە کردەوەی ئەم دواییانەی ئەحمەدی نژاد لە پاڵ چەندین کردەوەی پێشووی و هەروەها ئیعترازی «کیهان» و تابناک بەم کردەوەی ئەحمەدی نژاد و نامەی ٢٦٠ نوێنەری مەجلیس بۆ ڕێزگرتن لە مەنووچێهر موتتەکی، خۆی لە خۆیدا نیشانەی جیاوازی بۆچوون و ناکۆکییە لە نێوان بناژۆخوازەکاندا. بەڵام بە سەرنجدان بە زۆر فاکتەر و نیشانە کە لێرەدا دەرەتانی باس کردنیان نییە تا هەنووکەش بەیتی ڕێبەری دەسەڵاتی سەرەکییە لە ئێراندا و پۆستی وەزارەتی دەرەوە بە هەر کەسێک بدرێ ئەوە ناگەیەنێ کە بڕیاردەری سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەدا، وەلی فەقیە و بەیتی ڕێبەری نییە. لەوانەیە ڕۆژو مانگەکانی داهاتوو و پێشهاتەکانی دوایی ئەم بۆچوونە زیاتر بسەلمێنێ. هەروەها دەبێ ئەوەش بڵێین هەرچەند ڕێبەر لەم کردەوانەی ئەحمەدی نژاد نارازییە، بەڵام بەو مانایەش نییە کە جیاوازی و ناکۆکییەکانی نێوان بناژۆخوازەکان زیاتر لە واقیع پێشان بدەین. لەوانەشە ئەم کردەوەیەی ئەحمەدی نژاد وەک دەگوترێ نە کردەوەیەکی ئاگایانە و ئامانجدار، بەڵکوو یەکێک لە کردەوەکانی خێراو دەسبەجێ و چەکوشی ئەحمەدی نژاد بێ، کە بە سەرنجدان بە سرووشت و چییەتیی کەسایەتیی ناوبراو شی دەکرێتەوە!!

# *ئەو نامانەی بۆ دڵی بەردێک نووسران*

وریا رەحمانی
yesna_2705@yahoo.com

ئاوێتە بوونی پتەوی هەست و هزرێکی شاعیرانە و بە ناوەرۆک لە تایبەتمەندییە هەرە بە نرخەکانی نووسین و بەرهەمهێنانی دەقێکی ئەدەبیی سەرکەوتووی بێ وێنەیە کە لە تویی کتێبێکی جیاوازی وەک «ئەو نامانەی بۆ دڵی بەردێک نووسران» هی شاعیر و رووناکبیری گەنجی خەڵکی سلێمانی بەناوی «کامەران رەزا»یە.

دوور لە راستی نیە کە ئەگەر بڵێین «کامەران» لە دەنگ و رووخسارە خاوەن ئەزموون و ئاوانگاردە سەرکەوتووەکانی پاش راپەڕینە کە بە حەقیقەت وێنای داهاتوویەکی پرشنگدار و رازاوەی ئەدەبی کوردیی سەردەمە. لە خاڵە جیاوازی خوڵقێنەکانی نووسینەکانی کامەران (شێعرو پەخشان) ئەوەیە کە لە بوارەکانی زمان و رەهەندی هزری و ئاراستەی نووسین دا هەوڵێکی جیددی و ماندوونەناسانەی هەیە بۆوەی کە خاوەندارێتیی خۆی هەبێ و لە دووپاتکردنەوەی خەڵکانی دیکە خۆی بپارێزێ. لە لایەنە سەرنج راکێشەکانی کامەران پێویستە ئاماژە بە بوێرێکی بێ وێنەی مرۆڤێکی بە هەڵوێست بکرێ کە بە پێچەوانەی رەوتی زاڵی حاکم بەسەر فەرهەنگی رۆژهەڵاتی دا، هەرگیز بیری لە خود سانسۆڕی و نهێنی پارێزیی ترسەنۆکانە و نەدرکاندنی لایەنە شاراوەکانی کەسێتی و ژیانی نەکردۆتەوە و لەو پەڕی شەفافییەتەوە باسی کێشە و گرفتە جۆراوجۆرەکانی خۆی وەک تاکێکی کۆمەڵگای کوردستان دەکات و گرێدانێکی کەم وێنەی لە نێوان خۆی و کۆمەڵگا و سیاسەتی زاڵ و هزری سەردەم و مێژوو.... دا دروست کردووە و بە شێوازێکی ورد و بەرپرسانە خەسارناسیی بابەتەکان دەکاتەوە. «کامەران» دیدێکی ئۆستوورەیی بۆ گرفتە تایبەت و گشتییەکانی نێو کۆمەڵگا هەیە و لە فەزایەکی ئەفسانەیی جوانی ناسانەوە سەیری مرۆڤ و هەڵسوکەوتەکانیان دەکات و لە هەوڵی دۆزینەوەی سەرەداوەکانی کردارە کۆمەڵایەتی و....کان دایە. زمانی نووسینی کامەران هەم لە شێعرو هەم لە پەخشان دا زمانێکی زانستیانەی ئەدەبیی سەرکەوتوویە کە لەگەڵ ئەوەیدا وەک رێزمان ئاقارێکی سادەی هەیە کەچی هاوکات لە بواری زمان و فۆرم و ناوەرۆکی گوتارەوە دەوڵەمەند و پڕ بایەخە.

کتێبی «ئەو نامانەی بۆ دڵی بەردێک نووسران» کۆی ١٥ نامەی عاشقانەیە کە بە دیدێکی ئۆستوورەیی و خەسارناسانە و بوێرانە بە زمانێکی سەرکەوتووی تایبەتی ئیستاتیکی یەوە، دەردی دڵ و سکاڵاکانی مرۆڤی سەردەمی وڵاتی کوردەواری یە کە ئاراستەیەکی پاراوی رەخنەگرانەی بەرامبەر بە ژیان و چەرمەسەرییەکانی هەیە و هەوڵێکی پۆست مۆدێڕنیزمی بۆ وێنای دنیایەکی باشترو مرۆڤانەتر بە شێعرو واتا کردووە. چەند نموونەیەکی نووسین لە بەرهەمەکانی «کامەران رەزا» ...

### نامەی حەوتەم:

خۆشەویستی و عیشقی راستەقینە لە خاچ دانی ئارەزوو غەریزەکانە، مەسیح ئەگەر دەستبەرداری عیشقی راستەقینە ببوایە دەبوو بە باوەڕ پێکراوی ئیمپراتۆری سەردەمی ناعەدالەت و تێک شکاندنی عیشق و حەقیقەت، هەر بۆیە مەسیحی پاکیزە خۆی رووبەڕووی خاچەکەی کەوتە رێ و بە ئاسوودەییەوە خاچەکەی لە ئامێز گرت و لە مێژووی پاکی و راستی و عیشق و خۆشەویستی مرۆڤایەتیدا بوو بە بوونەوەرێکی باڵا و هەتا دنیا کۆتایی دێ هەڵەیەکی گەورەیە مرۆڤ جێگای بگرێتەوە و بتوانێت هاوتای ئەو بێت. ئەو هەر بۆ مێژووی ئەم دنیایە راستی و پاکیی جێ بەجێ نەکردووە بەڵکوو لە دنیای کۆتاییش جێگای تایبەتی خۆی بۆ دیاریکردووە لە بەرامبەر راست پەروەردەی و ناسکی و پەیرەو کردنی عیشقی راستەقینەی بۆ مرۆڤەکان و خودای خۆی، ئەو بەر لەوەی خودا و عیشقی راستەقینە لە ئامێز بگرێت ویژدانی خۆی کردبوە پەیام نێری نێوان خودا و عیشقی راستەقینە، ویژدانی خۆی کردبووە خوداو حەقیقەت ئامادەی چەشتنی هەموو جۆرە ئازارێکی دڵ و دەروون و جەستەیی بوو بۆ کۆتایی هێنان بە ئازارەکانی ئێمە و گەیاندنی پەیامەکانی ئێمە...

لە خاچ دانی مەسیح بۆ ئەوە بوو ئێمە فێری راستی بکات ئێمە بەرەنگاری ناعەدالەتی ببینەوەو داکۆکی لە حەقیقەت بکەین، مەسیح بوونەوەرێکی زۆر گەورە بوو چونکە پشت و پەناو دەنگی ئەوانە بوو کە بێ دەسەلات بوون کارکردنی لە پێناو هەژارو نەدارەکاندا بوو، پایەگەورەکانی عەدالەت و خۆشەویستی بوو بۆ سەرجەم مرۆڤایەتی بەڵام زۆر لە مرۆڤەکان دەرکیان بەم راستیە نەکردووە. مەسیح نانی رەقی بەبێ هەژارو هاودەمەکانی نەدەخواردو هەر کاتێ مرۆڤی بە یەک لای دا بکێشایا ئەو دەی وت لایەکەی تریشم ئامادەیە بۆ پیاداکێشانی دووەم بۆ ئەوەی دڵی بەرامبەرەکەی ئارامی پێبگات و ئازار نەچێژێ و لە هەمان کاتیشا ئاشتی و ئارامی بەرقەرار بێت. گرنگ نەبوو بە لایەوە ئازاری جەستەی خۆی دەگاتە چ ئاستێک.. مەسیح ئەوەی بە گرنگ دەزانی شەڕەنگێزی و ئاژاوە لە ناو رۆحەکاندا بن بڕ بکات، ئەو خاوەنی سیحرێکی تایبەت بوو لە بەخشینی خۆشەویستی بە مرۆڤەکان و بەخشینی ئازار بە خودی خۆی. جا بوونەوەرێکی بچووکی وەک مرۆڤەکانی ئەم سەردەمە چۆن دەتوانن هاوتای مەسیح بن و وەک ئەو بوونەوەرە پاکە مومارەسەی خۆشەویستی و حەقیقەت بکەن، بەڵام من لێرەدا وتوومە و دەیڵێم وەک ئەم پارچە هۆنراوەیەی خۆم کە پێشکەشی دەکەم بەسەرجەم ئازارە رۆحییەکانی دنیا...

### نامەی هەشتەم:

ئەمشەویش بێ هیوا نیم لە خۆشەویستی تۆ لەوەی نووسیومەو دڵنیام مەرگیش ناتوانێ دەست بەرداریم پێ بنوێنێ هەر بۆیە وتوومەو دەیڵێم من کوڕی ئەو دایکەم فێری جەنگی عەشقی کردم چونکە هەمیشە عەشقی راستەقینە پێویستی بە جەنگێکی ترسناک هەیە، هەر خۆشەویستیەک میهرەبانی لە ئامێزی گرتبێت، گەر بتەوێ تەنیا بیناسیت پێویستی بە شۆڕشێکی فراوان و گەورە هەیە، من نەوەی ئەو نیشتمانەم بەر لەوەی یەکەم




کۆرپەی لە دایک بێ و گوێی لە یەکەم سەدای گریانی بێت بە کلی سوور چاویان بۆ رشت. هەر بۆیە منیش بێ بەری نیم لەو نیشتمانەی بە کلی سوور چاویان بۆ رشتوەو ئێستا جوانترین خوێن لە چاوانیدا خۆی نمایش دەکات چ جای ئەوەی ئەوەندەی نەوەکانی ئەو نیشتمانە دەیانەوێ دووبارە کلی چاوی نیشتمانم سوور بکەن هێندە دوژمنانی نیشتمان مەبەستیان نیە بە رەنگی سوور رەنگی بکەن. دڵنیا بە منیش دەڵێم گەر کلی سوور وەکوو دەریا لە چاوانما سەما بکات پاشگەز نەبوونەوە سوور تر دەبێت لەو خوێنەی لە چاوانم دەی سەپێنن، من کوڕی وڵاتی بەفرو خوێنم تا خوێن لە رۆحم نەچۆڕێ و لە دووری خۆشەویستیی ئەودا قیامەتێک بەفر وڵاتی دڵم دانەپۆشێ پێنووسەکەم بەرامبەر جەنگی عەشقی ئەو شل ناکەم دڵنیام لەوەی دوای هەڕەشە کردنی وەرزی بەفرانبارێکی سەخت بەهارێکی ئارامتر لە ئارامی چاوەڕوانە بۆ لە ئامێز گرتنی گوڵە پەژموردەکان، ئەو گوڵانەی هەمیشە لە چاوەڕەوانی بەهارێکی نوێدا لاواز دەبن بەڵام نامرن. ئەمشەو تۆ ناسکی و جوانیی تەمەنی منداڵیت کردۆتە گەورەترین چەکی رەق سەخترین وەرز بۆ بەرەنگار بوونەوەی خۆشەویستی من تۆ ئەوە نازانی رۆژێ دادێت هەموو جەستەو جوانیت دەبێ بە خۆراکی حەشەرات و کرمە قێزەونەکانی خاک کە لای مرۆڤ شایەنی بینین نین ئێستا ئاستی تێک شکانی حەقیقەت و خۆشەویستی لای تۆ زۆر باڵایە.. لای تۆ لە ئامێزگرتنی جوانی و پاکی بێ مانایە ئەو بێ مانایییەی بەشێکی خۆت بەرهەمت هێناوەو بەشێکیشی کۆمەڵگا نەگریسەکەت (چ دنیایەکی سەیرە لە من تێناگات و ئاورێک لەوە ناداتەوەو تا بزانێ چ کارەساتێکی خوڵقاندووە). خودایە هۆکاری خراپیی دنیاو. ژیان دەبێ چی بێت؟ ئەی ئەو بوونەوەرەی بە زۆر خۆت خزاندە نێو شادەمارەکانمەوە، نێو دەماری شاهانەی هەست و نەست و سۆزو خۆشەویستیمەوە هەموو بەرپرسیارەتییەکان لە ئەستۆی تۆیە تۆ! تۆ تەنیا هەست بەوە بکە لەسەدا سفرو پۆین سفر خۆشەویستیت بەرامبەر من هەیە، چ جای ئەوە لەسەدا بەزاندنی سنووری ژمارەکان، خۆشەویستی من هەر تۆی!

تاکەی کوشندەترین ئازار بە خۆشەویستی و عیشقی من دەبەخشی راستە من دان بەو راستیە دادەنێم ئازاری تۆ چەند بێت رێژەی خۆشەویستی من هێندەی تر لە زیاد بوون دایە ئەوەی ئازار نەچێژێت خۆشەویستی راستەقینە کەشف ناکات و نایدۆزێتەوە، بەڵام ئەوەش لە یاد نەکەیت بەردەوامیی زۆریش زیان بە بەردەوامی دەگەیەنێت.

ئەوە منم

ئەوە منم هاتووم و سەدەیەکە لە دەرگاکانی بێدەنگی تۆ ئەدەم
بیکەرەوە... بیکەرەوە
ئەوە منم.. منێك لە خۆم نەبێت لە کەسی دی ناچم
ئەوە منم هاتووم خاچەکەی مەسیحم لە سەر شانەو
چەند بزمارێکی عیشقم پێیە....
بۆ ئەوەی تۆ بە دواهەمین خاچی مەسیح و لە خاچم دەی
لە دوایین ساتیشا وەك ئیمپراتۆرێکی عیشق لەوحەیەك لە
زوور سەرم بە خاچەکەمەوە داکوتیت و
بە گاڵتەجاڕییەوە لێی بنووسی
ئا ئەمەیە پادشای عیشق بە نیگایەك لە خاچم دا!!

کامەران رەزا

# سێهەمین فستیڤاڵی سلێمانی، فیلمی کوردی

ئا :وریا

لە ماوەی رۆژانی ٢٣ تا ٢٨ی ٢٠١٠ بە سەرپەرشتی بەڕێوەبەرایەتی هونەری سینەمای سلێمانی سەربە وەزارەتی رۆشنبیریی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و بە چاودێریی پارێزگاریی سلێمانی سێیەمین فێسفیڤاڵی فیلمی کوردی لە سلێمانی بەڕێوەچوو.

لە ماوەی فێستیڤاڵ و لە درێژەی ئەم چەند رۆژەدا ٣٥ فیلمی کوردی نمایش درا و پێشوازێکی زۆری لەلایەن خەڵکی سلێمانییەوە لێ کراو دەکرێ بڵێین کە تا ئاستێکی زۆر بە شێوەیەکی سەرکەوتووانە بەڕێوەچوو. لەلایەنە سەرنج راکێشەکانی ئەم فێستیڤاڵە دەتوانین ئاماژە بە بەشداری کردنی رێژەیەکی زۆری دەرهێنەرو فیلم سازانی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین کە دەورێکی باش و گونجاویان لە کۆی بەرنامەکان دا هەبوو.

لێرەدا ئاماژە بە ناوی فیلم و دەرهێنەرە بەشداربووەکانیان لە فێستیڤاڵەکە دا دەکەین کە خوی نیشانەی رووتێکردنێکی شایان و بەرچاوی هونەرمەندانی کوردە بە هونەرێکی تەکنیکی و مۆدێرنی وەک سینەما کە دەتوانێ لە بواری ناساندن و بەرز کردنەوەی ژیانی نەتەوەیەکی وەک کورد لە ئاستەکانی جیهانی دا دەورێکی کاریگەرو باشی هەبێ.

١ـ گەڕەکی داهۆڵەکان: حەسەن عەلی، ٢ـ سەفەری سەرد: جەلال نەسیری هانیس، ٣ـ بابیگۆڕین: ئاوات عوسمان عەلی، ٤ـ بەیتاری: ستاد ئەحمەد ئەمین،٥ـ پێکەنینی شکێنراو: هیوا ئەمین نژاد. ٦ـ لەگەڵ خودا دەرەقسم: هوشەنگ میرزایی، ٧ـ ئەنیمەیشنی مرۆڤەکان: ماشاڵڵا محەممەدی ٨ـ برێشک: سەربەست رەزا گەرمیانی، ٩ـ میسدکۆڵ: بڕوا کامیل عەتار ـ ١٠ـ ئێوارەی حەلەزون: ئازاد محەممەدی، ١١ـ بڕیارێک : سامان مەجید، ١٢ـ ئەنتێنا: عەدنان عوسمان، ١٣ـ سبەی نزیکە: محەممەد رەزا میناپوور، ١٤ـ ئەوانە کەسیان خۆش ناوێ: جەلال ساعیدپەنا، ١٥ـ پیاوێک لە ئاڵتون: کامەران رەفیق، ١٦ ـ رێگای دیکە: ناسر نیکبەخت، ١٧ـ میوانی لە ژێر ئاودا: بابەک ئەمینی، ١٨ـ چیپس: حوسێن تەباخ، ١٩ داهێنەری مەولوود: رەنجدەر رزگار عەبدولرەحمان، ٢٠ـ رسوب: یاسەمەن شەریف مەنیش ٢١ـ دۆتمام: ئێلین ئەکتاش، ٢٢ـ رۆژی چوارەم: هەوراز محەممەد حەمە رەشید،٢٣ـ مەرگان (راوچی): جەعفەر نوورمحەممەدی، ٢٤ـ شەرەفی خوێناوی: کەریم غەفوور فەتاح، ٢٥ـ ئەنیمەیشنی یۆیۆپیا: فورات ئۆکچوکلو، ٢٦ـ یەک رۆژ ژمێر. یەک قیبلە: ئەسعەد سۆفی، ٢٧ـ بوتیمار (دایک و کوڕ): ئیرۆڵ مینتاش، ٢٨ـ روانینی دووبارە: ستار چەمەنگوڵی، ٢٩ بێدەنگی تاڵاوەکان: فاتیمە دەستفەرد، ٣٠ پۆستاڵەکان: رزگار کاکەیی، ٣١ـ چنینی بەربەیان: تەیموور قادری، ٣٢ـ لالش پەرستگای ئێزەدییەکان: تەنیا کەریم، ٣٣ـ دواهەمین وێنە: خوسرەو حەمە کەریم، ٣٤ـ ماچی ئێسکەکان: محەممەد سەیید. ٣٥ـ هەرمان:حوسێن حەسەن.

ئەم فێستیڤاڵە ماوەی ٦ رۆژی خایاند و لە رۆژی کۆتایی دا پاش رێزگرتن لە چەندین کەسایەتی و هونەرمەندی بواری نواندنی شانۆو سینەمای کوردی لە ئاکام دا خەڵاتەکانی بەشی پێشبرکێی فێستیڤاڵەکە بەسەر براوەکانی ئەمجارەشدا دابەش کراو ئینجا سێیەمین فێستیڤاڵی فیلمی کوردی سلێمانی لە ئێوارەی رۆژی ٢٨/ ١٢/ ٢٠١٠ کۆتایی بە کارەکانی خۆی هێنا. شایەنی باسە کە رێوڕەسم و نواندنی فیلمەکانی فێستیڤاڵ لە هۆڵی رۆشنبیریی سلێمانی بەڕێوەچوون.

# KURDISTAN

The Organ of Kurdistan Democratic Party

NO: 550 5 january 2011

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان»، ڕادیۆ دەنگی کوردستان لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:

www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdchannel.com Hotbird:6 MHz 11604
polarization: Vertical-SR: 27500 - FEC

www.radiokurdistan.net
dengikurdistan@gmail.com
Radiopdk_Iran@yahoo.com
Tel: 009647701597268

تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
009647701901658
Kdp:Tashkilat@gmail.com
Tashkilat82@yahoo.com


## نامەی دادخوازیی
## هەڵاڵە قازی بۆ داکۆکیکەران و لایەنگرانی دادپەروەری

هەڵاڵە قازی، کچی عومەر قازی، چالاکی یاسی و فەرهەنگیی شاری مەهاباد کە لەم دواییانەدا لە لایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامییەوە فشارێکی زۆری خراوەتە سەر، لە نامەیەکی سەرئاوەڵا دا بۆ لایەنگرانی دادپەروەری و مافی مرۆڤ باسی بارودۆخی ناڵەباری باوکی کردوە.

هەڵاڵە قازی لەو دادنامەیەدا باسی ئەوەی کردوە کە باوکی مەینەت چێشتووی دوای ساڵانێک تەحەمولی بەدڕەفتاریی سەخت و ئەشکەنجەی زۆر لە ئێران، ١٥ ساڵ لەوە پێش بە مەبەستی چارەسەری نەخۆشییەکانی لە گەڵ دایکی ڕوی کردە سوئێد. بەڵام دوای نیزیکەی دوو مانگ ودوای ئەوەی دەرکەوتەوە دایکی نەخۆشیی شێرپەنجەی پێشکەتووی هەیە و نەیویستوە لە وڵاتی غەریبی سەر بنێتەوە، گەڕاونەتەوە کوردستان. بەڵام هەر بە گەیشتنەوەیان بە کوردستان عومەر قازی لە فرۆکەخانە دەسبەسەر دەکرێ و پاش ماوەیەک زۆر و تەنیا دوو ڕۆژ بەر لە مردنی هاوسەرەکەی لە زیندان ئازاد دەکرێ.

هەڵاڵە قازی لە بەشێکی دیکەی ئەو نامەیەی دا باسی ئەوەی کردوە کە باوکی دەستێکی نقوستانە و لایەکی لەشیشی لاوازە و ئێستا دوای نیزیک بە ١٥ ساڵ لە مەرگی بە تاوانی بیری جیاواز و ئازادیخوازی خراوەتە ژێر فشاری زۆرەوە.

ناوبراو هەروەها نوسیویەتی کە لەو ماوەیەدا هەموو مڵکی شەخسیی باوکی دەستی بەسەردا گیراوە و تەنیا ڕێگای پێدراوە کە لە نێو ئەو ماڵەی¬دا بژی کە زۆر پێش لە شۆڕشی ئێران دروستی کردبوو. بەڵام ئێستا کە کاک عومەر تەمەنی ٧٦ ساڵە و نەخۆش و ئیفلیجە. بەو حاڵەش کاربەدەستانی ئێران بڕیاریان داوە ئەو ماڵەشی لێ داگیر بکەن و هەر بۆیە داوایان لێ کردوە چۆڵی بکا.

هەڵاڵە قازی لە کۆتایی نامەکەی دا داوای لە هەموو ئازادیخوازان و لایەنگرانی دادپەروەری کردوە کە لە پێناو کەمکردنەوە لە فشارەکانی سەر باوکی و هەروەها پشتیوانی لە مافەکانی ئەو چییان لە دەست دێ درێخی نەکەن.

## بڕانەوەی ٦ ساڵ زیندان بۆ جەعفەر پەناهی



جەعفەر پەناهی، سینەماکاری بەناوبانگی ئێرانی بە شەش ساڵ زیندان و ٢٠ ساڵ بێبەش بوون لە چالاکی هونەری و سینەمایی سزا دراوە.

دەزگای قەزایی کۆماری ئیسلامی وێڕای سەپاندنی ئەو حوکمە بە سەر جەعفەر پەناهی دا ناوبراوی وریا کردۆتەوە کە ئیزنی چوونە سەفەر بۆ دەرەوەی وڵات و دەرچوون لە وڵاتیشی نیە و بۆی نیە لە گەڵ هیچ میدیایەکی بیانی دا وتووێژ بکا، ئەگینا لە گەڵ سزای قورستر بەرەوڕوو دەبێتەوە.

بڕیاری زیندانی کردن و ڕێگە گرتن لە چوونە دەرێی ئەو دەرهێنەرە لە وڵات لە کاتێک دایە کە بەرپرسی فیستیڤاڵی فیلمی بەرلین، ڕۆژی ١٥ ی سەرماوەز بە ڕەسمی داوای لە جەعفەر پەناهی بۆ بەشداری کردنی لە شەست و یەکەمین خولی ئەو فیستیڤاڵە وەکو ئەندامی دەستەی ناوبژیوان کردبوو.

«جەعفەر پەناهی» سینەماکاری ناسراوی ئێرانی تا ئێستا لە ئاستی جیهانیدا چەندین خەڵاتی وەک «کامێرای زێڕینی کان»، «ورچی زێوینی بەرلیناله» و «شێری زێڕینی ڤینۆسی»ی وەدەست هێناوە.

شایانی باسە کە دەسبەسەر کرانی جەعفەر پەناهی لە ئاستی جیهانی دا کاردانەوەی لێ کەوتۆتەوە و تەنانەت وەزیری فەرهەنگی فەڕانسە و کۆمەڵەی ڕوناکبیریی ئەو وڵاتە بە بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەندراوێک ئەو کردەوەیەی حکومەتی ئێرانیان مەحکوم کردوە.

## لورستان:
## قۆڵبەستکرانی دوو چالاکی فەرهەنگی



هێزە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامی لە لورستان ٢ چالاکی فەرهەنگیی ئەو پارێزگایەیان دەستبەسەر کردوە.

سەید ڕەحیم سەیفولسادات، سەرۆکی پێشووی ئاموزش و پەروەرشی پارێزگای لورستان کە یەکێک لە چالاکانی فەرهەنگیی خانەنشین کراوی ئەو پارێزگایەیە، دوای قۆڵبەستکران لە لایەن هێزەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتەوە بەرەو شوێنێکی نادیار گوێزراوەتەوە و تا ئێستا هیچ هەواڵ و زانیارییەک لە بارەی چارەنووسی لە بەردەست دا نیە.

لە درێژەی قۆڵبەستکرانی سەرەڕۆیانەی چالاکانی مەدەنی و سیاسی دا ، عەنایەت سادقی نژاد، مامۆستای فەلسەفە لە زانکۆی ئازادی خورەم ئاباد بە هۆی ئەوە بەشداریکردن لە ڕێورەسمێکی جەماوەری دا و قسە کردن بۆ خەڵک، لە لایەن هێزە ئەمنیەتیەکانەوە دەستبەسەر کراوە و تا ئێستا هیچ هەواڵ و زانیاریەک لەبارەیەوە نەزانراوە.

## کۆچی دوایی پەروین موشیروەزیری، بێژەری ناسراوی ڕادیۆ کرماشان



پەروین موشیر وەزیری ژنە بێژەری ناسراوی بەشی کوردیی ڕادیو کرماشان ڕۆژی شەممە ٢٧ سەرماوەز، لە تەمەنی ٦٩ ساڵی لە وڵاتی بریتانیا و بە هۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کرد.

پەروین موشیروەزیری لەدایکبووی ساڵی ١٩٤٠ لە شاری سنە بوو. ناوبراو بۆ ماوەی ١٨ ساڵ بێژەرو بەرنامە ساز لە بەشی کوردیی ڕادیۆکانی کرماشان، تاران و سنە کاری کرد و زۆربەی تەمەنی کاری ڕادیۆیی لە گەڵ هاوسەرەکەی، ئەسعەد سیراجەدینی لە ڕادیۆی کوردیی کرماشان تێپەڕ کرد.

پەروین موشیروەزیری بە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی پەڕەوازی دەرەوەی وڵات بوو و لە وڵاتی بەریتانیا گیرسابۆوە.

## باکووری کوردستان:
## دۆزرانەوەی شوێنەواری کۆنترین زانکۆ



دوای لێکۆڵینەوەیەکی زۆر شوێنەواری یەکێک لە کۆنترین زانکۆکانی جیهان لە شاری نوسەیبینی باکووری کوردستان دۆزرایەوە.

بە پێی هەواڵێکی ڕۆژنامەی حوڕییەت کە لە ماڵپەڕی ٢٤ کاتژمێر دا بڵاو بۆتەوە، لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەو بەدواداچوونی شوێنەوارناسی لە کلیسایەکی سوریانیەکانی شاری نوسەیبین لە باکووری کوردستان، شوێنەواری یەکێک لە کۆنترین زانکۆکانی جیهان بە ناوی «ئەکادیمیای نوسەیبین» دۆزراوەتەوە.

بەپێی زانیارییەکان ئەو شوێنەوارە لە حەوشەی کلیسای «مۆر یەعقوب» دۆزراوەتەوە و مێژووەکەی بۆ ساڵی ٢٠٩ی زایینی واتە ١٨٠٠ ساڵ لەمەوپێش دەگەڕێتەوە و شوێنی خوێندن و فێربوونی فەلسەفە، وێژە، بیرکاری، ئەستێرەناسی و پزیشکی بووە و بە یەکێک لە کۆنترین زانکۆکانی جیهان لەقەڵەم دەدرێ.

جێی ئاماژەیە شارۆچکەی نوسەیبین سەر بە شاری ماردینی باکووری کوردستانە و لە سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی دا یەکێک لە قەڵا سەرەکییەکانی حوکمڕانیی مەروانیەکان بووە.

## مێر منداڵێکی کورد وەک باشترین ئەکتەری فیلمی منداڵان هەڵبژێردرا



لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە شاری ئیلام، مێر منداڵێکی کورد، وەک باشترین ئەکتەری منداڵ خەڵاتی باشترین ئەکتەری فیلمی منداڵانی بۆ ساڵی ٢٠١٠ پێبەخشرا.

پێویستە بگوترێ لە ماوەی چەند ڕۆژی ڕابردوو لە ئیسپانیا فیستیڤاڵی سینەمایی مادرید بەڕێوەچوو و لە بەشی فیلمی منداڵانی ئەو فیستواڵەدا، منداڵێکی کورد بەناوی عەلی شادمان، خەڵاتی باشترین ئەکتەری منداڵی بۆ ساڵی (٢٠١٠) ئەو فیستیواڵە پێبەخشرا.

ئەم منداڵە هونەرمەندەی کورد، جیا لەوەی لەم فیستیواڵەدا وەک باشترین ئەکتەری منداڵ دیاری کراوە، لە ساڵی (٢٠٠٩)ش وەک باشترین ئەکتەر لە فیستیڤاڵی فیلمی هۆلەندی، هەمان خەڵاتی بەدەستهێنا.

شایانی باسە کە عەلی شادمان تەمەن١٤ ساڵ لە ساڵی (٢٠٠٦)ەوە وەک ئەکتەر چالاکییەکانی لەبواری هونەردا دەست پێکردوە، لە چەندین فیلم و سریاڵی تەلەویزیۆنیدا وەک سریاڵی تەلەویزیۆنی «نیشتمانی کۆن» دەوری گێڕاوە.



## چاپکراوی نوێ




«مەتەڵۆکەی هووەیدا»، لە نووسینی عەبباس میلانی، کتێبێکە لە بارەی ئەمیر عەبباس هووەیدا، کە ماوەوی ١٣ ساڵ سەرۆکی وەزیران لە سەردەمی دەسەڵاتدارەتیی محەممەد ڕەزا پەهلەوەی دا بوو.

نووسەر لەم کتێبەدا، لە سۆنگەی باس لە بنەماڵەی هووەیداو ژیانی سیاسی ئەو کەسایەتییە و کۆمەڵێک لە ڕووداوەکانی ئێران و پێوەندیی نێوان دەربارو دامودەزاگا جۆراوجۆرەکانی وڵات دەگێڕێتەوە.

چۆنییەتیی سەرکەوتنی شۆڕشی ئیسلامی و ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی و چارەنووسی تاڵی هووەیدا، کە بە دەست ئاخوندە دەسەڵاتدارەکان ئیعدام کرا، بەشێکی دیکە لە نێوئاخنی «مەتەڵۆکەی هووەیدا» پێک دێنن.

ئەم کتێبە بە هۆی وەرگێڕی بەتوانا عەبدوڵڵا حەسەنزادە کراوە بە کوردی و لە لایەن بەڕێوەبەرایەتیی خانەی وەرگێڕان ـ سلێمانی لە ٩٥٤ لاپەڕەدا چاپ و بڵاو کراوەتەوە.

بیر لە ماڵاوایی

# قەڵەمەکانیشیان نایانەوێ تێبگەن

حوسێن ئەحمەدپوور

لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا لە نێو ماڵپەڕو بڵاوکراوە فارسیزمانەکاندا چەندین بابەت بە بۆنەی بڕیاری جێبەجێ کردنی یان ڕاگیرانی حوکمی ئێعدامی حەبیبوڵڵا لەتیفی، بڵاو کرایەوە، کە لە لایەن نووسەرە، فارس زمانەکانەوە، نووسرابوون. لە نێو ئەو نووسراوانەدا بابەتێکی ئەکبەر گەنجی و هەروەها بابەتێکی ڕۆژنامەنووسی لاو خانمی مەسیحی عالی نژاد جێگەی سرنج بوو. ئەگەرچی نووسینی ئەو بابەتانە خۆی لە خۆیدا هەنگاوێکی باشن و یارمەتی بە ناساندنی هەرچی زیاتری کێشەکانی کوردستان، لە ناوچەکانی دیکەی ئێران دا دەکەن، بەڵام شێوە ڕوانینێک بە سەر تێکڕای ئەو نووسینانە دا (وەک نموونە دوو بابەتی ئاماژە پێکراو دا) زاڵە کە بەداخەوە نیشان دەدەن! یەکەم، هێشتا زۆری ماوە ڕووناکبیران و چالاکانی ناوەند لە ناخ و نێوەڕۆکی کێشەی کورد و کێشەی نەتەوەکان تێ بگەن و دووهەم، یان ڕووناکبیران و نووسەرانی ناوەند بە ئانقەست نایانەوێ لە ڕوانگەی باو دەرباز بن و چی دیکە لە چوارچێوەی بەرژەوەندییە زێدەخوازییەکانی نەتەوەی باڵادەستەوە نەڕواننە ماف و کێشەی نەتەوەی کورد و نەتەوە ژێر دەستەکان.

ئەکبەر گەنجی لە باشترین حاڵەتدا لە ڕوانگەیەکی ئەردوغانییەوە چاو لە کێشەی کورد دەکا و دەڵێ: «پێویست بەوە ناکا ڕۆڵەکانی کورد لە سێدارە بدرێن، کوردستان پێویستی بە عەداڵەتە». ئاغای گەنجی تەنانەت نەیویستوە ئەوەندە زەحمەت بە خۆی بدا کە تەنیا لە دوو پاراگرافدا مەبەستی خۆی لەو «عەداڵەت»ە ڕوون بکاتەوە. (ئەوانەی بابەتەکانی گەنجی بخوێننەوە دەزانن کە بابەتی «سیاهچاڵەی کوردستان» کورتترین بابەتە کە ناوبراو نووسیبێتی و بە تەواوی دیارە چەند دەقیقەیەک زیاتر کاتی بە نووسینی بابەتەکە تەرخان، نەکردوە، ئەوە لە کاتێکدایە ئەو یەکەم جارە لەسەر بابەتێکی گرینگی وەک کێشەی کورد دەدوێ). بۆیە دەڵێم نەیویستوە زەحمەت بە خۆی بدا، چونکە کێ هەیە نەزانێ کە چەمکی «عەداڵەت» ئەوەندە لێڵ و هەژارە کە هەرچی زوڵمی دنیایە لە ژێر ئەو ناوە دا کراوە. هەر ئێستا ئەحمەدی نژاد بە ناوی عەداڵەتەوە چ زوڵمێک ماوە کە نەیکا.

خانمی مەسیح عالی نژادیش دەڵێ: «من نامەوێ داکۆکی لە هیچ تاوانبارێک بکەم، بەڵام گومانم لە بڕیارەکەی دەزگای دادوەری هەیە. ئەو دەزگا دادوەرییەی کە حوکمی ئێعدامی فەرزاد کەمانگەر و حەبیبوڵڵای لەتیفی دەردەکا، هەر ئەو دەزگا دادوەرییەیە کە لە تاران زوڵم لە خەڵک دەکا.. من گومانم هەیە کە فەرزاد و حەبیبوڵڵا جیاییخواز بن و...» واتە خانمی عالی نژادپێی وایە ئەگەر فەرزاد و حەبیبوڵڵا لە دادگایەکی کراوەدا دان بەوە دابنێن یا بسەلمێنرێ کە جیاییخوازان، مافی خۆیانە ئێعدام بکرێن.

لەم نووسینە کورتەدا دەمەوێ ئەوە بڵێم کە ئەگەر ڕۆشنبیران و نووسەرانی ناوەند (فارس زمان) تا ئێستا لە نێوەڕۆکی کێشەی کورد لە ئێران تێنەگەیشتوون، دەکرێ بڵێن کە بەشێکی خەتاکەی دەکەوێتە سەر شانی کورد خۆی، کە نەیتوانیوە کێشەکەی بەو جۆرەی کە هەیە بە خەڵکی بناسێنێ. بەڵام لە بارەی ڕووناکبیرانی ناوەندەوە زۆر زەحمەتە ئەوە ڕاست بێ. باشە بۆ نموونەیەکی ئیسماعیل بێشکچی لە ئێران نابینین. یانی ئەو هەموو شەڕو کوشتارە لە چەند دەیەی ڕابردوودا نەبۆتە هۆی ئەوەیکی پرسیار لە نێوەڕۆکی کێشەی کورد لە نێو ڕۆشنبیری ئێرانی دا دروست بێ، تا بتوانن ئەو کێشەیە وەک خۆی ببینن. تا هیچ نەبێ ڕۆشنبیرێکی فارس زمان بە دواداچوونی ئەو کێشەیە بکا و وەک هەیە ببینێ و هەوڵ بدا وەک ئەرکێکی ئینسانی و ڕۆشنبیرانە، لە نێو ڕای گشتی ڕۆشنگەری لە سەر بکا، نەک وەک هەندێک بە ڕواڵەت دۆستی دڵسۆزی کورد بە چاو نوقاندن لە ئاست ئیرادەی نەتەوەیی کورد، هەوڵ دەدەن ڕواڵەتی کێشەکە قبووڵ بکەن و بە دانانی کۆمەڵێک هێڵی سوور (کە کورد نابێ قەت بیری لێ بکاتەوە) زیاتر لە دوژمنە ئاشکراکان نێوەڕۆکی ڕاستەقینەی کێشەی کورد و ئیرادەی نەتەوەیی کورد چەواشە دەکەن.

زۆر جێگای داخە بۆ وڵاتێک کە ڕۆشنبیرەکانی نەتوانن خۆیان لە قەرەی ڕاستیی یەکێک لە کێشە گەورەکانی وڵاتەکەیان بدەن. هەر وڵاتێکی دیموکراتیک و پێشکەوتووی ئەمڕۆ قەرزارباری کۆمەڵێک سیاسەتمەدارو ڕۆشنبیری گەورە و بە هەڵوێستن کە لە قۆناخێکی مێژووودا، مێژوویەکی نوێیان خوڵقاندوە و خەباتی ئەوان دژی ڕوانگە باوە نا ئینسانییەکان بەرهەمی گەورەی لێکەوتۆتەوە. بۆ وێنە ئەمریکای کوێلەداری و شەڕە خوێناوییە ناوخۆییەکانی ١٥٠ ساڵ لەمەوپێش، بە خەباتی گەورە پیاوانێکی وەک ئابراهام لینکۆڵن و ڕۆشنبیرەکانیان لەو قۆناخە دەرباز بوو و...